# مامۆستای کورد



ژماره ۲۹ بەهاری ۱۹۹٦

# ماموٚستای کورد

ژماره: ۲۹، بەهاری ۱۹۹۶

سەرنووسەر: فەرهاد شاکەلی

ناونیشان: Address

Mamosta-y Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna, Sweden

ژمارەی حیسابی پۆست
Postgironummer/Postal Giro Number:
43 55 59 - 0

تابلۆی سەر بەرگی یەکەم: وریا صەلاح ئەحمەد

وێنەی سەر بەرگی دووەم: هونەرمەند شەماڵ سائیب

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| سەروتار: سێسەدساڵەی مەم و زینی خانی... فەرهاد شاکەلی | ٣ |
| میتافیزیک: د. حوسێنی خەلیقی | ٦ |
| دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی | ١٦ |
| لایەنی زانستی لە فەلسەفەی سۆفیگەریدا... لەتیف هەڵمەت | ١٧ |
| خەیاڵ، وڕێنە، چوارین (شیعر)... هێدی (خالیدی حیسامی) | ٢٥ |
| هونەرمەند وریا صەلاح ئەحمەد... نزار الغریب | ٢٨ |
| ئیسلامییەکان و کێشەی کورد (بەشی سێیەم)... شێخ عومەر غەریب | ٣٥ |
| خریت ئاختەربێرخ... ئیقبال خودامورادپوور | ٤٦ |
| پایەی ژنان لە سیستەمی دێمۆکراسیدا... مەهاباد قەرەداخی | ٥٠ |
| شەماڵ سائیبی هونەرمەند... ناسری ڕەزازی | ٥٨ |
| ڕۆژ نییە... (شیعر)... عیماد کەریمیان | ٧٣ |
| کێ پاشای کوشت؟... سەلاح شاکەلی | ٧٤ |
| داخوازییەکانی کورد... شەریف پاشا | ٧٧ |
| هونەرمەند سەردار عەلی عەزیز | ٧٩ |

# سێسەدساڵەی مەم و زینی خانی

فەرهاد شاكەلی

ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن بەشێكی زۆری كۆڕ و كۆمەڵانی كورد و دەزگا و ڕێكخراوە فەرهەنگی و سیاسییەكانی كوردەوە، بە سێسەدەمین ساڵی نووسرانی شاكارەكەی ئەحمەدی خانی، مەم و زین، دانرا و بەو بۆنەیەشەوە لە چەند لایەك كۆمەڵێ چالاكیی جیاواز ڕێك خرا.

ئەحمەدی خانی و بەرهەمەكانی، بەتایبەتیش مەم و زین، شایانی ئەوەن كە بە شێوەیەكی جیددی و زانستی لێیان بكۆڵرێتەوە و بڵاوبكرێنەوە و بناسێنرێن، چونكە خانی یەكێكە لە پێشەنگە هەرە گەورەكانی مێژووی بیر و فەرهەنگی نەتەوەی كورد و مەم و زینی خانیش ئەو شاكارە بەرز و بەپێزەیە كە كورد دەتوانێ خۆی پێوە ڕانێ و وەك بەشداریی كورد لە گەنجینەی بیر و فەرهەنگ و داهێنانی مرۆڤایەتیدا شانازیی پێوە بكات.

ئەگەرچی پێشتر مەم و زینم خوێندبووەوە، بەڵام ساڵی ١٩٨٠ بوو كە بۆ یەكەم جار بە نیازی لێكۆڵینەوەی زانستی دەستم كردەوە بە خوێندنەوە و لێتوێژینەوەی. ئەنجامەكەی ئەو نووسینە بوو كە بەهاری ١٩٨٣ بە زمانی ئینگلیزی، بە ناوی "ناسیۆنالیزمی كوردی لە مەم و زینی خانیدا" پێشكەش بە زانستگەی ئوپسالا كرد. ساڵی ١٩٨٥ كرا بە سوێدی وەك كتێب چاپ كرا، ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن ئەنیستیتووتی كوردیی برۆكسلەوە سەرلەنوێ وەك كتێب، بە ئینگلیزی، بڵاوكرایەوە و دوو ساڵ لەمەوبەریش كرایە عەرەبی و لە بەیرووت چاپ كرا. ئەو بەرهەمە یەكەمین كتێب بوو كە سەرتاسەر بۆ بیری كوردایەتی لە مەم و زیندا و یەكەمین كتێبیش بوو بە زمانی ئینگلیزی كە بۆ لێكۆڵینەوە لە خانی و مەم و زین تەرخان كرابێت. بەداخەوە لەوەو دوا بۆم هەڵنەكەوت جارێكی دیكە پێیدا بچمەوە یا شتێكی نوێتر لەسەر خانی و مەم و زین بنووسم، ئەگەرچی لە ئەنجامی چەن جار لە دوای جار خوێندنەوەی ئەو شاكارەدا كۆمەڵێ بیر و بۆچوون و سەرنجم لا كۆبوونەتەوە.

یادی سێسەدساڵەی مەم و زین دەرفەتێك بوو بۆ ئەوەی لێكۆڵینەوەیەكی تازە پێشكەش بكەم، بەڵام ڕاستییەكەی ئەوەیە كە هەر زوو گومان و دوودڵییەك دایگرتم و ڕێگەی تەنانەت بەشداربوونی كۆنفرانس و فێستیڤاڵەكانیشی لێ گرتم، كە بۆ هەمووشیان بانگهێشتن كرابووم.

لە هەموو ئەو كۆنفرانس و سیمینار و كۆڕ و كۆبوونەوانەدا كە لەم یادەدا ڕێك خران و لەو وتار و نووسینانەدا كە بڵاوكرانەوە، هەندێ دیاردە سەرنجراكێش بوون، هەر نەبێ بۆ كەسێك كە، وەكوو من، لە دوورەوە تەماشای كردبێت و تێكەڵی بەزم و هەراوزەناكە نەبووبێت.

هێزە سیاسییەكانی كوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی دەستەڵاتی ماددی و سیاسییان زیاترە، یادی خانییان وەك كەرەستەیەكی سیاسی بۆ بەرژەوەندی تەسكی حیزبیی خۆیان تەماشا كرد و بەكاریش هێنا. ئەو سەركردانەی كە لە بواری فەرهەنگی نەتەوایەتیی كورددا بەڕاستی نەخوێندەوارن و ئەلفوبێی فەرهەنگ و ئەدەبییاتی كوردی و هیچ فەرهەنگێكی دیكەش ناناسن، لەپڕ بوون بە فەرهەنگدۆست و خانیناس، دیارە نەك بۆ ڕێزگرتن لە خانی و شاكارەكەی، بەڵكە بۆ سیاسەتاندنی

خانی و بۆ سیاسەتاویکردنی مەم و زین. لەم یادکردنەوەیەدا عەقڵی سیاسیی کورد بوو، نەک عەقڵی فەرهەنگی، کە خۆی کردبووە جێگری خانی و خاوەنی مەم و زین.

ئەو هێزە سیاسییانەی هەموو شتێکی ئەمڕۆ بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دێنن، دەیانەوێ بە هەموو شێوەیەک ڕووناکبیران بکەنە داردەستی خۆیان و بیانکەنە بورغییەک لە مەکینەی ژەنگگرتووی سیاسەتیاندا، دەیانەوێ سەر بە فەرهەنگی کورد شۆڕ بکەن و بیکەنە نۆکەری سیاسەت، سیاسەتی خۆیان، ئەوانە پەلاماری مێژووی سیاسی و ئەدەبیش دەدەن. هەر بە زیندووان داناسەکێن، بەڵکە مردووانیش داگیر دەکەن و بەکار دەهێنن، تەنیا گەنجینەی ماددیی ئەمڕۆی کورد نادزن، بەڵکە گەنجینەی مێژووی فەرهەنگ و بیری کوردیش تاڵان دەکەن. دەبێ ئەوەش بخەینە سەر باسەکە، کە بۆ ئەمەش دیسان کۆمەڵێ بەناو ڕووناکبیریان هەن کە دەبنە چاوساغ و داردەست و کوتەک و قامچی، دەبنە ژاندارم و هەواڵدز و پۆلیس بۆیان.

لە پێشکەشکردنی ئێستای خانیدا هێڵی درشت و بەرچاو هێڵی کوردستانی، هێڵی یەکێتیی نەتەوە و خاکی کوردە، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو بیرە سیاسییە تەنک و بێپێزەی لە کار و بەرنامەی هێزە سیاسییەکاندا زاڵە. واتە تەرجەمەکردنی باوەڕەکانی خانی بۆ زمانی سیاسەت، سیاسەتی حیزبی و دابڕین و بێبەشکردنی لەو قوڵییە فەلسەفی و ئێستێتیکییەی خانی بە هۆشیارییەوە بەکاری بردووە. چەند ساڵێک لەمەوبەریش دیسان هەر ئەم مێتۆدە بەکار دەبرا، بەڵام ئەودەم لە ڕوانگەی مارکسیزمێکی دۆگماتیکەوە. تەفسیری ئەوسا و ئێستایش تەفسیری ئیدیۆلۆگییە نەک فەلسەفی، تەفسیری سیاسییە، نەک ئێستێتیکی. بارکردنی مەم و زین بە کۆمەڵە نرخێک کە لە چوارچێوەی بیری سەردەمی خانیدا و لە چوارچێوەی سیستێمی فەلسەفەی خانیدا جێگایەکیان نەبووە و نابێتەوە، نەک هەر درۆکردنە لەگەڵ ئێستادا، نەک هەر هەڵخەڵەتاندن و چەواشەکردنی خوێنەری کوردی ئەمڕۆیە، بەڵکە شێواندنی ڕابوردووە و ئەتککردنی مێژووی فەرهەنگی و فکریشمانە. بەژێرلێوەوەکردنی بیروباوەڕی دینی، بیروباوەڕی موسڵمانانەی خانی، نموونەیەکی ئەم شەوارەپێکردنەیە. هیچ گومان لەوەدا نییە کە خانی سۆفی بووە و سەر بە ڕێباز و تەریقەتی نەقشبەندی بووە. باوەڕ و بنەماکانی (تصوف)یش زۆر بە ڕوونی تان و پۆی داستانی مەم و زینیان پێک هێناوە. ئەم بیروباوەڕە نەک هەر لە پرۆسێسی گەشەکردن و کامڵبوونی ڕووداوەکانی مەم و زیندا ڕۆڵیان هەیە، بەڵکە لە تەکنیک و لایەنی ئێستێتیکییانەی داستانەکەشدا، بە تایبەتی لە زمان و مێتافۆردا، کاریگەرن.

خۆئامادەکردن بۆ سێسەدساڵەی مەم و زین چەند ساڵێک بوو دەستی پێ کردبوو. چەند نووسەر و ڕووناکبیرێکی کورد، هەر یەکە لە لای خۆیەوە، هەوڵی ئەوەیان دا دەستگایەکی فەرهەنگیی نێونەتەوەیی، زانستگەیەک یا مەڵبەندێک ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێت، بۆ ئەوەی بەم هۆیەوە، ببێتە بۆنەیەکی "ڕەسمی" و بەوەش فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ناسێن و دانپێدانانێکی بەربکەوێت، بەڵام هیچ یەکێک لەو هەوڵانە سەری نەگرت. ئەمە ئەگەرچی پێوەندێکی ڕاستەوخۆی بە باری سیاسیی کوردەوە هەیە، بەڵام ئەوەش پێشان دەدات کە فەرهەنگی کورد لە دەرەوەی کوردستان هەر هیچ نەناسراوە و لە بوارە زانستی و ئەکادیمییەکاندا جێگەیەکی پێ نەدراوە. تەنانەت ئەو چەند کوردناسەی کە وەک دۆستی کورد ناسراون و بۆ زۆربەشیان مەسەلەی کورد بۆتە کار و پیشە و سەرگەرمیی ژیانیان، ئەوانیش نەیانتوانی لەم ڕووەوە شتێک بکەن. لەو کۆنفرانس و کۆڕانەشدا کە کورد خۆی ڕێکی خستبوون تەنیا دوو سێ کەسێکیان بەشدارییان کرد، بێ ئەوەی شتێکی تازە پێشکەش بکەن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کوردناسانی ئەورووپا لە پلەی یەکەمدا خەریکی مەسەلەی سیاسیی کوردن نەک فەرهەنگەکەی.

ئێستاش ئەگەر لە ڕۆژاوا کورد بناسرێ، لەبەر شەڕوشۆڕ و تەقوپۆقەکەی دەناسرێ، نەک بە هۆی فەرهەنگەکەیەوە. ئەم هەلومەرجە ئەرکێکی یەکجار گرنگ دەخاتە سەر پرۆژەی ڕووناکبیرانی هۆشیار و ئازادەبیری کورد لە ئەوروپا؛ ئەرکی ناساندنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی.

وەک چۆن ئینگلیز بە شەکسپیر و ئیلیەت و گراهام گرینەوە دەناسرێ، ئالمان بە گۆیتە، ڕووس بە تۆلستۆی و دیستۆیێڤسکی و فارس بە حافز و نیماوە دەناسرێن، دەبوو وشەی کوردیش، لای بێگانە، ناوی خانی و نالی و گۆرانی بهێنایە بە بیردا.

هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە ملیۆنان پارە و پووڵ بۆ سیاسەتی گەوجانە و بۆ شەڕی یەکتر خەرج دەکەن، هیوای ئەوەیان لێ ناکرێ لە بایەخی فەرهەنگ تێبگەن.

دەڵێن سیاسەتمەداری ناسراوی میسر، سەعد زەغلوول، هەر جارێ کە چاوی بە شاعیری ناوداری عەرەب ئەحمەد شەوقی [ی بە ڕەچەڵەک کورد] دەکەوت، پێی دەگوت: انتم الباقون و نحن الزائلون (ئێوە دەمێننەوە و ئێمە دەڕۆین)!!.

دانانی ساڵی ١٩٩٥ بە سێسەدەمین ساڵی مەم و زین پێویستی بە لێوردبوونەوە و ڕاستکردنەوە هەیە و ناکرێ نەخرێتە بەردەم پرسیار.

خانی خۆی لە دوا بەیتەکانی مەم و زیندا بە ڕوونی ئەوەی جەخت کردووە کە ساڵی ١٠٦١ی کۆچی لەدایک بووە و داستانەکەشی لە تەمەنی چلوچوار ساڵیدا نووسیوە:

لەورا کو دەما ژ غەیب - ی فەک بوو
تەئریخ - ی هەزاروشەستویەک بوو
ئیساله گەهشتە چللوچاران
وی پێشەرەوی گوناهکاران

ساڵی ١٠٦١ی کۆچی بەرانبەر ساڵی ١٦٥١ی زایین دەوەستێتەوە. زۆر لە لێکۆڵەرەوان ساڵی ١٦٥٠ی زایینیان بەرانبەر ١٠٦١ی کۆچی داناوە. ڕۆژی یەکی موحەڕڕەمی ١٠٦١ی کۆچی دەکەوێتە بەرانبەر ڕۆژی ٢٥ی دیسەمبەری ١٦٥٠. کەواتە تەنیا حەوت ڕۆژی ئەو ساڵە کۆچییە دەکەوێتە بەر ساڵی ١٦٥٠ی زایین، ٣٤٨ ڕۆژەکەی دیکەی دەکەوێتە بەر ساڵی ١٦٥١ی زایین. کەواتە ئیحتیمالی ئەوەی خانی لە حەفتەی یەکەمی ئەو ساڵە کۆچییەدا لەدایک بووبێت لەسەدا دووە (٢٪)، بەو پێیەش ڕاست ئەوەیە بڵێین خانی ساڵی ١٦٥١ی زایین لەدایک بووە.

خانی خۆی دەڵێ لە چلوچوار ساڵیدا مەم و زینی نووسیوە. دیارە ئەوەش دەزانین کە خانی ٤٤ ساڵی تەمەنی خۆی بە پێی ساڵی کۆچی ژماردووە. بەم پێیە:

١٠٦١ + ٤٤ = ١١٠٥ی کۆچی، ساڵی نووسرانی مەم و زین. ئەو ساڵی کۆچییە بەرانبەر ١٦٩٣-١٦٩٤ی زایین دەوەستێتەوە (پێنج مانگی یەکەمی ساڵەکە لە ١٦٩٣دایە و حەوتەکەی دیکە لە ١٦٩٤دا). خانی کە ساڵی لەدایکبوونی خۆی و ساڵی دانانی مەم و زین و چلوچوار ساڵ تەمەنی خۆی بە پێی تەئریخی کۆچی ژماردووە، ئێمە ناتوانین بەزۆر سێسەد ساڵەکەی دواتر بە پێی تەئریخی زایین بژمێرین. بەڵام ئەگەر واش دابنێین، دیسان سێسەد ساڵی دوای ئەوە دەبێتە ١٩٩٣-١٩٩٤، واتە سێسەد ساڵەی مەم و زین دەبوو ساڵی ١٩٩٣ یا ١٩٩٤ ببووایە نەک ١٩٩٥. بەڵام وەک وتم ئەمە زۆرلێکردنێکی تێدایە و ناڕەوایە. کەچی ئەگەر بە پێی ساڵی کۆچی بیژمێرین:

١١٠٥ + ٣٠٠ = ١٤٠٥ی کۆچی دەبێتە سێسەدساڵەی مەم و زین. ئەو ساڵە کۆچییەش بەرانبەر ساڵی ١٩٨٤ی زایین دەوەستێتەوە.

ڕێگەیەکی دیکە ئەوەیە هەر لە سەرەتاوە ٤٤ ساڵی زایین بخەینە سەر ١٦٥١ کە ساڵی لەدایک بوونی خانییە، بۆ ئەوەی مەم و زینی لە ساڵی ١٦٩٥دا نووسیبێ. ئەو ساڵی زایینەش بەرانبەر ١١٠٦-١١٠٧ی کۆچی دەوەستێتەوە و بەو پێیەش دەبێ خانی مەم و زینی لە تەمەنی ٤٦ یا ٤٥ ساڵیدا نووسیبێت، کە دەزانین وا نییە. کەواتە لە هەردوو بارەکەدا دانانی ساڵی ١٩٩٥ بە سێسەد ساڵەی مەم و زین ڕاست نییە و بناخەیەکی مەنتیقی (لۆگیکی) و زانستیی نییە.

# میتافیزیک

د. حوسێنی خەلیقی

ئەم زاراوەیە لە Meta Physika وەرگیراوە و بە واتای «ئەوەی پاش فیزیک یان پاش زانستی سروشتی یان سروشت دێ» هاتووە. ئەم بابەتە مەیدانێکە لە فەلسەفەدا و بە گیروگرفتی بوون (وجود) و ناسینەوە بە شێوەی هەڵماڵراوی یان تەجریدی، خەریک دەبێ. ئەم زاراوەیە لە باری مێژووییەوە یەکێک لەو چەمکە فەلسەفییانەیە کە ئەرستۆ کەڵکی لێ وەرگرتووە و پاش ئەو واتای جۆراوجۆری لێ دراوەتەوە.

مەبەستی ئەرستۆ لەو چەمکە ئەو باسەیە کە پاش کۆتایی پێ هاتنی باسی فیزیک یان ئەو باسە کە تایبەتە بە سروشتەوە، بەشی دەکاتەوە. لە دواییدا واتای پراوپری فەلسەفەی بە خۆیەوە گرت. بەم شێوەیە مەبەست لە میتافیزیک ئەو شتەیە کە لە ناوەڕۆکی سروشتدایە نەک ئەو شتانە کە دەبیندرێن و دەستیان لێ دەدرێ.

لە چەرخەکانی نێوەڕاستدا لە ئەوروپا میتافیزیک و هەروەها (فەلسەفەی گشتی) بوو بە زانستی سکولاستیک. ئەم فەلسەفەیە بۆ پارێزگاری لە ئایینی مەسیحی پێک هات و لایەنی میسالی یان بیروڕای «مثل»ی ئەفلاتوون بەسەریدا زاڵ بوو. لێرەدایە کە گرفتی پێوەندیی نێوان بڕوا و ناسین و ئایین و هۆش، ئەبێتە پیشەی مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە. ئەوان ئەوکات دەیانویست لەوە تێ بگەن ئایا لە ڕێگای هۆش و هۆشمەندییەوە دەکرێ بیروبڕوای ئایینی بسەلمێندرێ و کامە بابەتی ئیمانی لە باری ژیربێژییەوە دەکرێ بەڵگەی بۆ بێنیتەوە و کامەیان ناکرێ لەو پێوەندییەدا بەڵگەی بۆ دابتاشی.

کورتە و پوختەکەی ئەوەیە کە دەیویست سەبارەت بە گەوهەرێکی بەرزتر لە هەستپێکراوەکان واتا خوا، وەک ناوەڕۆکی بوونەوەر و خوڵقێنەری جیهان، باس بکا و بناسێنێ.

لە ڕاستیشدا دیاردەیەک بە ناوی ئەوپەڕی سروشت (میتافیزیک) وەک تێکۆشان بۆ ناسینی جیهان لە ڕێگای هۆشەوە، بەرهەمی یەکگرتوویی و دژایەتی (وحدت وتضاد)ی دوو بۆچوونی جیاوازی مرۆڤە. یەک لەم بۆچوونانە ملی ڕێگای دەروونذۆزی و ناوەڕۆککۆڵێن یان عیرفانی گرتووەتە بەر و ئەوی تریان تایبەتمەندییەکانی سروشتی لە باوەش گرتووە و بەرەو زانست و ناسینی یاسا و پەسنەکانی سروشت، هەنگاوی هەڵگرتووە. ئەم فەلسەفە و عیرفانە لە ڕۆژئاوادا لە مێشکی هێراکلیتۆس و ئەفلاتوون و پارمنیدس و ئەوانی ترەوە هەڵقوڵاوە. لە ئەرەستۆدا ڕەنگی تایبەتی دایەوە و لە ڕێبازەکانی نوێئەفلاتوونی (اشراق) و فەلسەفەی ئەرستۆیی ئیسلامی لای فارابی، ابن رشد و ابن سینا، لە قاپۆڕی جۆراوجۆردا خۆی نواند.

بۆ کردنەوەی باسەکە و تێگەیشتن لە چۆنیەتیی

سەرهەڵدان و گەشەکردن و جێگیربوونی میتافیزیک پێویستە چەند بۆچوون و لەسەرناساندنی فەلسەفە بخەینە بەر باس. فەلسەفە چییە؟ فەلسەفە بە واتای روانین بۆ گەردوون بە گشتییە. لەو کاتەوە مرۆڤ لە بیری بۆناسینی شتەکانی دەوروبەری کەڵکی وەرگرتووە. ویستوویەتی لە هۆی ئاڵوگۆڕ و جموجووڵەکانی شتەکانی دەوروبەری ئاگادار بێ، زانینێک بە ناوی (فەلسەفە) سەری هەڵداوە. فەلسەفە یەکێکە لە زانستە هەرە کۆنەکان.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی رێکوپێکەوە، پرسیاری جۆراوجۆر هاتووەتە زەینی مرۆڤەوە، لە شتەکان راماوە. پرسیاری کردووە، ئەمانە چین؟ لە کوێوە هاتوون، کێ خوڵقاندوونی؟ سەرچاوەیان چییە؟ چۆن خوڵقاون؟ لە چ کاتێکەوە هەن؟ چییان بەسەر دێ؟ من کێم و چیم بەسەر دێ و چ جیاوازییەکم لەگەڵ ئەم شتانەدا هەیە؟ و سەرئەنجاممان بە کوێ دەگا و هتد...؟

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە دەبێ فەلسەفە ئەو زانستە بێ کە بتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. دیارە وەڵامی دروست پێوەندی بە بارودۆخێکەوە هەیە کە فەیلەسووفی تێدا دەژی. بەم جۆرە دەردەکەوێ فەلسەفە دەیەوێ لە نێوەرۆکی شتەکان، بنەڕەت و ئاکامیان تێ بگا و بە ناسینی رووالەتی و پەسنە تایبەتییەکانی شتەکان کوڵی دڵی دانامرکێ و بەرەو ناخ و دەروونیان هەنگاو دەنێ. هەستەکان و ناسینی ئەوان تینوویەتی ناشکێنێ و دەیەوێ بەرەو سەرچاوەی ئەم رووالەت و یاسا و پێوەندییانەی سروشت، ملی رێگا بگرێ و تەنانەت بچێتە سەروو یان ئەوپەڕی شتەکان و سنووری سروشت ببەزێنێ! بۆ خوڵقێنەریان بگەڕێ و تێ بگا لە چی خوڵقاون، کەی خوڵقاون و پەسنی خوڵقێنەریان کامەیە؟

هەروەها دەیەوێ ئەوە بزانێ مرۆڤ بۆ خۆی چییە و لە کوێوە سەری هەڵداوە، نێوەرۆکی کامەیە و سەرچاوەی هۆش و هەستی چییە؟ چۆن تێگەیشتنی کۆتایی پێ دێنێ و نرخ و ئەندازەی ئەو تێگەیشتنە چەندە راستە و خێر و جوانی و دادگەری و ستەم چین و هتد...؟

دانانی ئەم بناغەیە و گەڵاڵەکردنی پرسیار و وەڵامی لەم چەشنە، ئەبنە هۆی ئەوە کە لە سەرەتادا، لە جیاتی رۆچوون لە پەسنەکانی مادده و ناسینی پێوەندییە بەردەوامەکانی نێوان بەشەکانی شتێک و دۆزینەوەی یاساکانی، قوڵی لێ هەڵماڵی بۆ تێگەیشتن لە ناوەرۆکی مادە و بنەڕەتی و هۆی سەرهەڵدانی و باس لەسەر واتای کات و شوێن و نێوەرۆکی هۆش و نرخی ئەو و نرخی زانیارییەکان. بەم جۆرە بێجگە لە هێندێک فەیلەسووفی سروشتناس یان سروشتی، خەتی گشتیی فەلسەفەکە دەکرێ بڵێین ئەرەستۆ رێکوپێکی کرد و وەگەڕی خست، باس و خواسەکەی بە دەوری ئەم تەگەرەدا دەسووڕایەوە! هەر بۆیە وتوویانە: فەلسەفە بریتییە لە تێڕوانین و لە راستەقینە و کاکڵەی شتەکان. یان فەلسەفە زانستی هۆیە سەرەتایییەکانە. فەلسەفە بۆ دۆزینەوەی بنەما و بناغەی گەردوون، هۆیەکەی و راستییەکەی تێ دەکۆشێ. باس لەسەر هۆی بنەڕەتی شتەکان، سەری بە لای باسێکەوە کێشا بە ناوی (خواناسین). زیاد لە هەمووان سوقرات بە جێگای باس لەسەر ئامانجەکانی جیهان و بناغەی سروشت و هۆی بوونەوەر و ژیان، بەرەو لای هەڵسەنگاندنی حاڵ و بارەکانی مرۆڤ و دۆزینەوەی توانایییەکان ئەوە، هەنگاوی نا. ویستی خەڵک بۆ لای ناسینی هونەر و گەورەیی (فضیلت)، رێنوێنی بکا. بە لەبەرچاوگرتنی رێ و شوێنی دیالەکتیک بۆ دۆزینەوەی راستەقینەی شتەکان و کردەوەکان، تێ دەکۆشا.

سوقرات بناغەی فەلسەفەی ناسینی دانا و ریشە و پەرهێزکاریی لەسەر بنچینەی راستی، پتەو کرد و نرخی هۆشی لە ناسیندا دیاری کرد. بە بڕوای ئەو، بناغەی ناسین دەبێ لەسەر شتێکی نەگۆڕ (سابێت) دابندرێ. تێگەیشتن لە بەش بەشەکان (جزئی) بە هۆی هەستەوە دەگونجێ. بەڵام لە تێکۆشانی ناسیندا چەند زانیاری وە دەست دێنین کە بابەتەکەیان لە دەرەوەی زەیندا نییە تا هەستەکان بتوانن پێوەندییان لەگەڵ بگرن. وەک واتای

جۆر (نوع) کە بەتەواوی لە زەین یان لە هۆشدایە. تێگەیشتن لەمانە کاری هۆشە و ئەمەش گشتیی هۆشییە (کلی عقلی) کە دەبێ لەسەر ئەو، بناغەی ناسین دابنرێ.

ئۆکلیدس، ٤٥٠ی پێش زایین، چاکەی سوقرات بە «پارەئید» ناودێر دەکا و لە ڕوانگەی میتافیزیکی و عیرفانییەوە لە دژی چاکە نکوولی دەکا. چونکە بە ڕای ئەو چاکە وەک «یەک» وایە. هەر چەند لە چەند ناوی جۆراوجۆر وەک خوا، زانایی، هۆش، ناودێریش بکرێ، نەگۆڕە. فیلیپۆس پێی وایە شێوازێک کە ناجیسمانی و بێڕەنگە ئەویش دەروون (ڕەوان) ـە و خوداییترین جۆرە. کاری دروستکردن و جموجووڵ و دەکارخستنە. دروستکردن و دیتنی بۆ لەشە بەڵام ڕەوان، کە هۆش و فامی هەیە نابینرێ.

فیساگۆرس ئەژمار بە سەرچاوە دادەنێ و پێی وایە «یەک» بنەڕەتی ئەم جیهانە و هۆی ڕاستەقینەیەتی. بە دیتنی ئەو شتێکی وەها هەم مادی و هەم نامادی بووەتە بناغەی گەردوون.

کزنوفانس دەڵێ: "خودا بەرهەمی خولقاندنی زەینی خەڵکە. هەر بۆیە پەسنی وەک خۆیان پێ داوە. ئەگەر گا و کەریش خودایان بایە، ئەوانیش وەک خۆیان دەیانخولقاند! بێجگە لە یەک خودایی بینەر و بیسەر و گشتی، خودایەکی ترمان نییە و ناسینیشی نیازی بە هێزی ئاسمانییە." هیچ مرۆڤێک ناتوانێ بە وردی خوا بناسێ. وەک دەزانن ئەم بۆچوونە لە باسی خواناسیی ئیسلامدا ڕەنگی داوەتەوە.

پارمیندس، پێی وایە تەنیا پەسنی وجود ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت. کەوابوو وجودی هەمیشەیی بۆ ئەوە دەبێ کە سەرچاوەی گەردوون بێ. ئەو بێ سەرەتا، بێ ئەنجام، نەگۆڕە و هەمیشەییە و بێ ڕابوردوو و بێ داهاتوو، دەگرێتە بەر. بێ جموجووڵە، دابەش ناکرێ، چونکە جموجووڵ شێوازێکە لە بەرەوپێشچوون، لە حاڵێکدا ئەو تەواوە و پێش ئەو هەبوویەکی تر نییە. ملیسوس شاگردی پەسنی «ژیان و هۆش» بە پەسنەکانی مامۆستای بۆ وجودی لەو چەشنە زیاد دەکا. ئەم پێی وایە بێ سەرچاوە و بێ کۆتاییشە، جموجوولی نییە، چونکە پاش خۆی شوێنێک نییە تا بەرەو لای بڕوا. ناجوولێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت چونکە یەکە، ئەگەر ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ لە «یەک» زیاتر ئەبێ.

ئامپدکلس، فەیلەسووفی گەردیلەناس، ئەوکات لە سەرچاوەیان دەگەڕێ، دەگاتە ئەو ئەنجامە کە ماددەی جیهان مردووە و لە زاتی خۆیدا بێگیان و بێجموجووڵە.

دیمۆکریتۆس، پێی وایە هۆش لە دروستبوونی جیهان لە گەردیلەکان، نکوڵی ناکا. بەڵام کە دەگاتە خولقێنەری گەردیلەکان، وەڵامێکی ڕوونی نییە. لەبەرئەوە ئەو جموجووڵی گەردیلەکان بە بەرهەمی «پێویستی کردەوەیی=تاریکی یان «لجە» دەزانێ. گوتراوە خواش بە تێکەڵاوییەک لە گەردیلەکان دادەنێ.

پێویستە لێرەدا بڵێین بیروبڕوای مەسیحییەکان لە کتێبی پیرۆز (ئینجیل)دا سەبارەت بە بنەمای خولقاندنی جیهان، لێرەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئاناکساگوراس، تاریکی دیمۆکریتۆس وەک بنەڕەتی جموجووڵ، ڕەت دەکاتەوە و ئەو دەورە بە هۆش دەدا. هەر بۆیە بە بناغەدانەری «فەلسەفەی ڕۆحی» ناوبانگی دەرکردووە.

ئەفلاتوون، بیروڕای سوقراتی مامۆستای پەسەند کرد، بەڵام ڕێبازێکی تایبەتیشی بە ناوی «مثل» دامەزراند. بە بڕوای ئەو جیهانێکی تر لەوپەڕی سروشتەوە هەیە کە ئەم جیهانە سێبەر، یان نموونەی ئەوە، ئەو ڕاستەقینەیە. واتا گشتییە (مقولەکان) بوونێکی ڕاستەقینەیان هەیە کە لەوپەڕی هۆشی ئێمەوەیە و پێیان دەڵێ «مثل Ideas». ڕۆحمان پێش ئەوە باروبنە بەستێ و بێتە جیهانی لەشەکانەوە، لە جیهانی «مثل»دا ژیاوە. کە هات ڕابوردووی خۆی لە بیر بردەوە. بەڵام ڕۆحەکان لەم جیهانەدا کە لە چەمکە گشتییەکان وەک جوانی، خراپی و چاکە تێگەیشتن، وە بیریان هاتەوە و بە هەڵسەنگاندن و لێکدان، شتەکانیان لێک جیاکردەوە. بەم جۆرە لای ئەو زانست بە واتای وەبیرهێنانەوەی

«مثل»ه و نەزانین یانی وەبیرنەهێناوەیان. ئەزموونەکان ئامرازی وەبیرهێنانەوەی ئەو شتانەن کە مرۆڤ لە پێشدا و لە جیهانی «مثل»دا ناسیونی. ئەو بەم جۆرە ڕێبازی «ئایدیالیزمی عەینی»ی پێک هێنا. ئەو پێی وایە خوایەک هەیە و جیهانی خوڵقاندووە و کاروباری ڕێنوێنی دەکا. گەردوون دەسکردی بوونەوەرێکی خاوەنهۆشە. تەواو، خێرخوازە و هەموو شتێک لە چوارچێوەی مەبەست و ئاماندا، ڕێکوپێک دەکا. ئایینە گەورەکان وەک یەهوودی و مەسیحی و ئیسلام لەو بوارەدا لە بیروبۆچوونی ناوبراو کەڵکیان وەرگرتووە. تەنیا لەوەدا یەک ناگرنەوە کە ئەفلاتوون «خوڵقاندن لە هیچ»ی پەسەندکراوی ئەوانی، پەسەند نەکردووە. بە بڕوای ئەو جیهان تێکەڵاوێکە لە مادده و ڕوواڵەت. ئەم ڕوواڵەتەیە کە مادده لە شێوازی شتی دیاریکراودا، نیشان دەدا و ماددەش شوێنی «مثل»ە. شتەکان ماددەی بێ پەسن و شێوازن و بەرەبەرە ڕاستەقینەی بوونەوەر وەدەس دێن. کەوابوو، ئەوەی نەبووە و پاشان هاتووەتە مەیدانی بوونەوە، پەسن و شێوازەکانە و ئەوەی ئەیانخاتە ئەم بارەوە، خوایە. لەوە دەچێ خاوەنئایینەکان ئەم بەشەیان بەو شێوە تەوجیه کردبێ کە جیهان نەبووە و لە هیچ و لەناکاو و بێ پێشینەی بوون، سەری هەڵداوە، یان خوا خوڵقاندوویەتی «خوڵقاندن لە هیچ!»

تالیس، خوڵقاندن لە هیچ پەسەند ناکا و سەرهەڵدانی شتەکان بە ئاکامی ئاڵوگۆڕ لەواندا دەزانێ. کەواتە هەر سەرەتایەک جگە لە ئاڵوگۆڕ شتێکی تر نییە، وەک دەزانن ئەو «ئاو»ی وەک ماددەیەکی بێسەرەتا «ازلی» وەک توخم یان «عنصر»ی یەکەمی جیهان ناساند. ئاناکسیمنس ئەم نرخەی بە «هەوا» دا.

ئەرەستۆ بە چوار هوتی، مادی، شێوازی، بکەری «فاعلی» و ئاکامی «غایی» بڕوای هەیە. مەبەستی ئەرەستۆ لە شتێک بە ناوی «هەیوولی» کە لەگەڵ شێواز ئاوێتە دەبێ و دێتە جیهانی عەینەوە، بوونەوەرێکی بێپەسنە و بەر لەوەی پەسنی خۆی لە شێواز وەربگرێ شتێکە ئەو توانستەی هەیە بێتە جیهانی وجوودەوە (وجود بالقوه). پاش تێکەڵبوون لەگەڵ شێوازدا، بە کردەوە، خۆی دەنوێنێ. دەکرێ بڵێین «نەبوونە».

ناوبراو بناغەی جیهان بە مادده و شێواز (صورت) دابەش دەکا و پێی وایە بوونی سەربەخۆی شێواز بێ مادده و بەپێچەوانەش لە گوماندا ناگونجێ و جیاوازییان تەنیا لە زەیندایە. ئەمەش بناغەی فەلسەفەی میتافیزیکی ئەرەستۆیە کە لەئاکامدا ئەو دێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە جیهان لە باری مادده و شێواز و جموجووڵ و دنەدەرەوە، کۆنە. ئەو (یان قوتابییە مەسیحی و موسوڵمانەکانی) بەم دنەدەرە دەڵێن: «خوا» و پێیان وایە ئەو هۆی شێوازی، ئاکامی و دنەدەرە. لەبەرئەوە ئەم بۆچوونە بە واتای پەسندکردنی سێ توخمی کۆنە، ناچار دەڵێ: جیهان بە کات سەرەتای نییە و لە پێش جیهان بوونی خوا وەک بوونی پێشەکی بەر لە ئاکامە. پێوەندیی خوا بە جیهانەوە وەک پێوەندی هۆ بە هۆکاری خۆی نییە، تا بگوترێ کات لەودا شوێنی هەیە. پێوەندییەکەیان، پێوەندیی ژێربێژانەیە. هەروەک پێشەکی، ئاکام دەخوڵقێنێ، خواش «بوون» بە جیهان دەبەخشێ. پێشکەوتنی پێشەکی بەسەر ئاکامدا بە بیرە نەک بە کات! لێرەدا ئەرەستۆ پێی وابووە کات بەسەر بیردا تێپەڕ نابێ!

بە پێوانەی ئەرەستۆ هۆی یەکەمی جموجووڵی جیهان خوایە. خوا بێجموجووڵە و لە بێسەرەتادا خاوەنی دەسەڵاتە. با لەسەری تێپەڕ نەبین کە ئەمەی ئەرەستۆ لە فەلسەفەی ئیسلامدایە کە دنەدەر، یان هۆی یەکەمی جموجووڵی جیهان بە «خوا» ناودێر دەکا. بە وتەیەکی تر ئەوە فەیلەسووفە ئیسلامییەکانن کە بەو هۆیە دەڵێن «خوا».

ئەرەستۆ لەسەرەتادا لەجیاتی باس لە سروشت خۆی بە شیکردنەوەیەکی بێ سەروبەر سەبارەت بە واتای مادده، جموجووڵ، کات و شوێن، هەتاهەتایی و هۆ و هۆگر و هی ترەوە خەریک کرد کە لە چوارچێوەی «مابعد الطبیعە»دا، دانراون.

بەکورتی میتافیزیکی ئەرەستۆ لەسەر بناغەی

ژیانناسییەکەی دانراوە. وەک وتمان ئەو پێی وایە لە دەروونی هەموو شتێکدا هێزێکی پاڵپێوەنەر و تەوژمهێنەر هەیە (محرک) تا ئەو شتە لەوەی کە هەیە، گەورەتر بکا. هەر شتێک کۆیەکە لە «هەیوولی» و شێواز «صورت».

شێواز ڕاستەقینەیەکە لە ماددەیەکی خاو بە ناوی هەیوولی، سەری هەڵداوە. خۆیشی ماددەی شێوازێکی بەرزترە، بۆ نموونە مرۆڤی ڕەسیو (بالغ) شێوازی ئێستای منداڵە و منداڵ ماددە و هەیوولای ئەوە. هەروەها بەرەو دوا تا ئاوڵەمەی سک تا دەگاتە ماددەی ماددەکان و هەیوولای یەکەم، کە ئیتر خۆی شێوازی نییە! ئیرادەیەکی دەرەوەیی، چارەنووسی هەموو شتێک دیاری دەکا. ئەم ئیرادەیە بەکردەوە لەگەڵ هۆیە سروشتییەکان یەک دەگرێتەوە. هەرچەند بوونی ماددەی بێسەرەتا پەسند دەکا، بەڵام نایەوێ ئەگەری جموجووڵی بێسەرەتا پەسند بکا. جموجووڵ سەرەتایەکی هەیە و لەبەرئەوە لە زنجیرەی هۆ و هۆگراندا قەتیس نەبین، ناچارین دنەدەر (محرک)ی یەکەم کە خۆی بێ جموجووڵە وەک بناغەیەکی سەلمێندراو، پەسەند بکەین. ئەمە جیسمانی و تێکەڵاو نییە، بێ شوێنە، جینس و سۆز و هەستی نییە. دنەدەر یان (محرک)ی یەکەم (خوا) خولقێنەر نییە، بەڵکە تەنیا دنەدەری جیهانە. لە شوێنێکی تردا دەڵێ: کاری ئەو، ڕێکوپێککردنی جیهانە. ئەو وەک هۆی هۆیەکان، نەک وەک هێزێکی میکانیکی، جیهان هەڵدەسووڕێنێ. هۆی دوایی سروشتە، شێوازی جیهان، سەرچاوەی ژیان و کۆی هێزە ژیانییەکانیەتی. هێزی بێخەوشە. فەیلەسووفەکانی سکولاستیک بەم بۆچوونە دەڵێن: «کردە = فعل»ی بێخەوش. ئەم مەوجوودە سەیرە دەگونجێ هێزی نەناسراوی فیزیک و فەلسەفەی نوێ بێ. لای ئەرەستۆ، خوا زیاتر لە هێزێکی موگناتیسی دەچێ تا کەسێک.

ئەم بوونەوەرە خۆی دەناسێ و ڕۆحێکی نهێنی و مەرمووزە، چونکە هیچ ناکا و دڵخوازێکی نییە تا بۆی بچێ. کەماڵی بێ ئەملا و ئەولایە، هەر بۆیە بۆ لای هیچ شتێک ناچێ. کاری تەنیا تێڕوانین یان دیتنی گەوهەری شتەکانە لەبەرئەوە خۆی سەرچاوەی ئەو گەوهەرە و شێوازی گشت شێوازەکانە، ئەم تێڕوانینەی ئەبێتە دیتنی زاتی خۆی. پاشایەتی دەکا نەک حکوومەت. لە بەشی دەروونناسیدا پێی وایە ڕۆح مادی نییە و لە نێویش ناچێ. هۆشی لەکارابوو (عقل فعال) کە هۆشی بێخەوشە، لە مرۆڤدا لە نێو ناچێ. گشتییە و لە لەشی بەش بەش جیاوازە. پاش مردنی لەش تەنیا هێزی ئەندێشە بە شێوەی نالەشی و هەمیشەیی، دەمێنێتەوە. واتا ڕۆح بەش بەش دەکا، بۆ ئەوەی بیکاتە هەتاهەتایی! نەفسیی هەتاهەتایی «هۆشی بێخەوش»ـە و تێکەڵاوی جیهانی مادی نییە.

کێشەی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ لەسەر چەمکە گشتییە ڕووتەکان (مفاهیم مجرد) ئەوەیە کە مامۆستا پێی وایە ئەمانە عەینین و لە دەرەوەی زەیندا هەن، کەچی ئەرستۆی قوتابیی پێی وایە، ئەمانە تەنیا لە زەیندا هەن و لە دەرەوەی زەین شتە بەشبەشەکان نەک گشتییەکان هەن. بەم جۆرە ئەفلاتوون چەمکە گشتییەکان دەکاتە بناغە و ڕادەگەیەنێ کە بەشبەشەکان (جزئیات) پەیتا پەیتا دەچن و چەمکە گشتییەکان دەمێننەوە. وەک چەمکی «مرۆڤ»، کەسان دەچن و ئەویش هەر لە جێی خۆیەتی.

ئەرەستۆ دەڵێ: مامۆستا بەم جۆرە لە عیرفان و سۆفیگەریدا ڕۆچووە و لە مەیدانی زانست دوورکەوتووەتەوە. ئەو دەڵێ: "ئەفلاتوون خۆشەویستە، بەڵام ڕاستی لەو خۆشەویستترە." ئەمە لە حاڵێکدا کە ئەرەستۆ خۆیشی لایەنگری ڕووتکردنەوە (تجرید) و چەمکە گشتییەکانە. بەهەرحاڵ ئەرەستۆ بەگوێرەی واتای ئێستای ڕیالیسم، ڕیالیستە. چونکە لەگەڵ شتی دەرەوەی زەین سەروکاری هەیە. ئەفلاتوون سەرقاڵی کاروباری زەینی داهاتووە و زۆر سەیر و سەمەرە، لەو زەریا بێبنە خەیاڵییەدا چەقیوە.

هەردووکیان لە ناساندنی شتەکاندا، لەوانەی دەرەوەی زەین، دوور دەکەونەوە و بەرەو تیۆری (نظریە)

و (مثل) ملی ڕێگا دەگرن. خۆخەریککردن بە چەمکە گشتییەکان و دوورکەوتنەوە لە بەشبەشەکان، بە واتای دەرچوون لە زانست و فەلسەفەی سکولاستیکە. ئەفلاتوون بە جۆرێک شەیدای چەمکە گشتییەکانە کە پێی وایە بەشبەشەکان، بە هۆی ئەوانەوە بوونی خۆیان دەسەلمێنن! بە جۆرێک هەڵوەدای (مثل)ە کە پێی وایە ئەم نموونانە یان (مثل)انە شتەکانی دەرەوەی زەین دەناسێنن و هەڵیاندەبژێرن! بەڵام لە دواییدا ئەرەستۆ دەیەوێ ڕوو بکاتەوە شتەکانی دەوروبەر و دەرەوەی زەین و لەوانەوە تیۆری خۆی دابڕێژێ. ئەفلاتوون بە جۆرێک بە گشتییەکانەوە چەسپاوە کە لە کتێبی (جومهووریەت)ی خۆیدا بۆ ئەوەی بتوانێ حکومەتی تەواو دامەزرێنێ تاکەکەس لە نێو دەبا!

میراتی بیری میتافیزیکی لە کۆنەوە بە یۆنان گەیشتووە. بەر لە هاتنە مەیدانی ئەم کەڵەمێرانەی یۆنان، خەڵک لە هەر شتێک تێنەگەیشتبان، هۆی ئەوپەڕی سروشتییان بۆ دادەتاشی. هەموو شوێنێک پڕ بوو لە خواکان! ئەیونییەکان هەنگاوی بەرەوپێشیان نا و تێکۆشان ڕووداوەکان بە سروشت و جموجووڵەکەی شی بکەنەوە.

## نوێئەفلاتوونییەکان

لەم بوارەدا نوێئەفلاتوونییەکان، دوو شتیان کۆکردۆتەوە. یەکەم: هۆش و دووەم: وەحی (جۆرە پێوەندیگرتنێک لە لایەن خواوە لەگەڵ مرۆڤ، مێروولە و زەوی، کە نیازی بە کەرەستە نییە.) تێکەڵاوییەکە لە ئایینەکانی ئەفلاتوونی، نەسرانی و ئەفلوتین و فیلون. فیلون ٢٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح، لە ئەسکەندەرییە لە دایک بووە. شیکردنەوەیەکی بەرفراوانی لەسەر بیر و بۆچوونی ئەفلاتوون بڵاو کردۆتەوە. ئەفلوتین کە لە نێوان ساڵەکانی ٢٤٠-٢٧٠ی دوای زایین، ئەم ڕێبازەی داناوە. ئەم ڕێبازە پێی وایە لەبەرئەوەی ڕواڵەتەکانی جیهان هەمیشە لە ئاڵوگۆڕدان، نیازیان بە خوڵقێنەر هەیە. ئەویش خوایە. تاکەکەس، بێ هاوتا، بێ سەرەتا، بێ سنوور و هەتاهەتایییە. لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە، لە سەرووی مادده و ڕۆحە و تەنیا بە پەنابردن بۆ پەسن (صفت)ە نەرێتییەکان (سلبی) دەکرێ باسی پەسنەکانی بکەین. مادده نییە، جموجووڵیش نییە. لە کات و شوێنیشدا نییە و پەسن پاڵی پێوە نادا، تەواوە، بە هیچ شتێک نیازی نییە، جگە لەوە کە دەزانین هەموو شتێکی خوڵقاندووە، هیچ شتێک سەبارەت بەو نازانین. لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە و هۆش بە ناوەڕۆکی ناگا.

ئەم ڕێبازە سەبارەت بە خوڵقاندن، پێی وایە کە خوا بیری لە خۆی کردەوە (فەیز=بەخشین) پەیدا بوو. ئەمەیش بریتییە لە جیهان. یەکەم شتێک لە خواوە هەڵقوڵیوە (هۆش=عقل) بووە. ئەمیش دوو ئەرکی لەسەر شانە. یەکەم: بیرکردنەوە لە خوا و، دووەم: بیرکردنەوە لە خۆی. هۆش نەفسی جیهانی خوڵقاندووە و لەم نەفسەشەوە، نەفسەکانی مرۆڤ سەریان هەڵداوە. نەفسێکی تریش، واتا سروشت، خوڵقاوە. نەفسی گەردوون لە جیهانی ڕۆحانیدایە. ناوەندەکەی لە پەراوێزی ئەو جیهانەدایە و لە جیهانی هەستپێکراوەوە نزیکە. واتا لە نێوان جیهانی هۆش و جیهانی هەستپێکراودایە.

فەیلەسووفەکانی ڕۆژهەڵات وەک هیندوستان لە پێش گەڵاڵەکردنی بیری ڕێکوپێک لە لایەن یۆنانییەکانەوە، بە شێوەی میتافیزیکی قەوارەی جیهانیان داڕشتووە. بۆ نموونە لە قوتابخانەی جینای ئەو وڵاتەدا لە کۆنەوە پێیان وابووە کە لەجیهاندا تەنیا دوو جۆر بوون هەیە. یەکەم: ژیان و، دووەم: نەژیان. ئەمانە خاوەن چەند هێزن کە بە کارلێکیان ژیان و نەژیان تێکەڵ دەبن. بەگشتی ئەو هێزانە حەوتن و بە ناوی «ئینی» و ژیان و نەژیان بنەڕەتی جیهانن.

لە سیستەمی سانکیەدا سەبارەت بە سەرهەڵدانی جیهان دەڵێن: «پرکریتی» ناهۆشیار و نەزانە، «پروشە» کارنەکەر و بێکارلێکە. یەکەم بە دووەم نیازی هەبوو تا پێوەندی و خۆشەویستی بکێشێتە مەیدانی ئەزموونەوە و

تێ بکۆشێ خۆی له زنجیری «پرکریتی» رزگار بکا. له لێکدان و بەیەکگەیشتنی ئەم دووە، جیهان خوڵقاوە.

له سیستەمی ویششیکەدا هەوێر و بنەڕەتی جیهان حەوت چەمکن کە بریتین لە: گەوهەر، چۆنایەتی، جموجووڵ، نیسبەت، نەبوون، گشتی، بەش بەش (کلی و جزئی). گەوهەر خۆی نۆ بەشە: ئاو، خاک، ئاگر، هەوا، ئیتر، با، کات، شوێن و خۆ و دەروون. چواری یەکەمی له گەردیله دیتراو و لەنێونەچووەکان، دروستکراون و ئەمانە مادده دەخوڵقێنن و بوونەوەرە کۆنەکانن و بچووکترین بەشی ماددەن. به خۆیانەوە جموجووڵیان نییه و سەرچاوەی کارلێکیان بریتییه له ئیرادەی خوا. ئەو بۆیە گەردیلەکانی دروست کردووە کە لەوان جیهان بخوڵقێنێ. ئیتیر و کات و شوێن، بۆ هەست پێکردن نابن و هەتاهەتایین و له هەموو شتێکدا نفووزیان هەیە. دەروونیش له هەموو شتێکدا نفووزی هەیە، هەتاهەتایی‌یە و گەوهەری گشت زانستەکانە.

## بیروبۆچوونی فەیلەسووفە ئیسلامییەکان

وەک ئاگادارن لە دەورەی دەسەڵاتی عەبباسییەکاندا، وەرگێڕانی ڕێباز و بابەتە جۆراوجۆرە فەلسەفییەکان لە زمانی یۆنانییەوە بۆ عەرەبی، دەستی پێ کرد. یەکەم بلیمەتی ئەم دەورە (الکندی)یە و پاشان فارابی، ئیبوسینا، فەخر رازی، غەزالی، ئیبنوڕوشد، سورەبەردی (سهروردی)ی کورد، ئیبنو مسکویە، ئیبنو توفەیل و هی تر هاتوون.

لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفە لە فەرهەنگی ئیسلامدا، دیاردەیەک بە ناوی «عیرفان» کە بێگومان لایەنی میتافیزیکی لە فەلسەفەی میتافیزیکیستەکانە زۆرتر و قووڵترە، سەری هەڵدا.

ئەلکندی (الکندی) پێی وایە گشت ئایینەکان، جیهان بە خوڵقاوی هۆی یەکەم دەزانن کە ڕاستە. ئەم هۆیە، تاکانە، هەتاهەتایی و هەرمانە. ئەو ڕادەگەیەنێ هۆشی ئێمە لەوە زیاتر ناتوانێ خوا بناسێ و لە بەشی دنەدەری یەکەم و یەکەم خوڵقاوی ئەو کە هۆشە بەدوای شیکردنەوەی ئەرەستۆدا چووە. پێی وایە شت بە کردەوەی خوڵقێنەر لە نەبوونی بێ ئەملاوئەولا (مطلق)ەوە، دێتە جیهانی بوونەوە. جیهان دوو بەشە: بەشی یەکەمی لە زەوییەوە دەست پێ دەکا و تا تۆپی مانگ درێژەی هەیە. بەشی دووەم، لە مانگەوە هەتا کۆتایی جیهان درێژەی هەیە. لەم بەشەدا بوون و لەنێوچوون لە ئارادا نییە! ئیرادەی خوا ئەم سیستەمەی جیهانی خوڵقاندووە. بە هێزی خوا و بێ بوونی کات، جیهان لە نەبوونەوە هاتووەتە گۆڕەپانی بوون. هەیوولی و کات بێ سەرەتان. جموجووڵ و کات هەتاهەتایی و کۆنن. بەکورتی هێندێک جار لەگەڵ ئەرەستۆ و هێندێک جاریش لەبەر پارێزگاری لە ئیسلام، دژیەتی.

بەگشتی لە چەرخەکانی نێوەڕاست و لای شیکەرەوانی فەلسەفەی یۆنان لە مەڵبەندە ئیسلامییەکاندا، خوا خوڵقێنەری جیهانە و یەکەم خوڵقاویش «هۆشی یەکەم»ە. ئەوان وەک فەیلەسووفە کۆنەکان پێیان وایە، یەک شت، تەنیا یەک شت دەخوڵقێنێ. دوو خوڵقاو یان دوو هۆگر ناتوانن خوڵقاوی تاکە هۆیەک بن. لە هۆشی یەکەمدا سێ لایەن هەیە و بە هۆی هەر کامەیان دیاردەیەک دەخوڵقێ.

١- هۆشی، ٢- نەفسی، ٣- جەستەیی. بە هۆی لایەنی یەکەمەوە، هۆشێکی تر. بە هۆی لایەنی دووەمەوە، نەفسێک و بە هۆی لایەنی سێیەمەوە، جەستەیەک دەخوڵقێ و بەم جۆرە دەڕوا هەتا دە هۆش (دە هۆشەکان=عقول عشره) و دە نەفسی ئاسمانی و دە لاشە یا تۆپی ئاسمانی، بەم شیکردنەوەی میتافیزیکییانە، خۆیان لە بەندی نەگونجاوی پەیدابوونی زۆر لە «یەک» ڕزگار دەکەن و چۆنیەتیی پەیدابوونی زۆر لە یەک تەوجیە دەکەن!

فارابی لە نووسراوەکانی خۆیدا، ئیبنوسیا لە کتێبەکانی (الاشارات والتنبیهات) و (شفا)دا، غەزالی لەگەڵ ڕەخنەگرتن لە فەیلەسووفان لەسەر ئەم شیکردنەوەیەیان لە (تهافت الفلاسفة)دا و ئیبوڕوشد لە

(تهافت التهافت)ی دژ بە غەزالیدا کە لە بۆچوونی ئەرەستۆ و شاگردە موسوڵمانەکانی پشتیوانیی کردووە و هەروەها فەیلەسووفە مەشائییەکانی تر هەتا ئەم دوایانە، ئەم بۆچوونەیان لە نووسراوەکانیاندا، دووپات کردووەتەوە.

وەک وتم، عارفە موسوڵمانەکان، وەک موحیدین ئیبنوعەرەبی، مەولانا جەلالەدینی بەلخی، ئەبوحامیدی ئەسفەهانی، سورەبەردی و سەرئەنجام مەلا سەدرای شیرازی و ئەوانی تر، بابەتی خولقاندنیان لە شیکردنەوەیەکی عارفانەدا نیشان داوە و بە خۆنواندن (تجلی) و بەخشین و فوارە و سەرریژکردنی بوونەوەرەکان لە دەروونی بوونی خواوە لە چەند پلەی سەرریژکردندا، بروایان هەیە. دیارە ئەمانیش لە پێشینیان وەریانگرتووە و ڕەنگی ئایینیان پێ داوە. بۆ زانیاریی زیاتر ئاماژەیەک بە فەلسەفەی تیشکدانەوەی پێش ئیسلام لای عارفە مەسیحییەکان بێ کەڵک نابێ.

فەلسەفەی گنوستیسیسم Gnosticism تێکەڵاوێکە لە فەلسەفەکانی ڕۆژئاوا و یۆنان و مەسیحی کە لە چەرخی یەکەمی زایینیدا شانبەشانی ئایینی مەسیح چووەتە پێش و بە ڕەنگوڕووی ترەوە بووەتە بەشێک لە بیروبروای کلێساکان وەک «زانستی کەلام» لای موسوڵمانەکانی لێ هاتووە. چەمکی گنوستیسیم نیشاندەری واتای زانینی تەواوە لای ئەوانەی کە بروایان پێی هەیە. ئەم زانینە لایەنی دۆزینەوە و «شهود» و پێڕاگەیاندن «الهام»ی هەیە. ئەوانە خوا بە بێ سەرەتا و هەتاهەتایی و هەرمان دەزانن. سەرچاوەی خێرە. ماددەش بێ سەرەتا و سەربەخۆیە، بەڵام سەرچاوەی شەڕە. خوا بە هۆی چەند هێزەوە ناڕاستەوخۆ، شوێن لەسەر مادده دادەنێ. گەورەترینی ئەم هێزانە: (کورە=عیسا) کە بە وشە (کلمە) ناودێر دەکرێ. لە تەورات و قورئاندا ئەم هێزانە مەلائیکەن.

وەک وتمان ئەفلاتوون پێیان دەڵێ «مثل»، ڕەواقییەکانیش پێیان دەڵێن: «هۆیە تێکۆشەرەکان=علل فعاله». ئەم هێزانە خێرخوازن و مادده شەڕخوازە و ئەمەش دەبێتە هۆی ململانێ. ئەوەی لەم کێشەیەدا سەرکەوتوو بێ، گەورەیی دەست دەکەوێ و لەش دەخاتە ژێر دەسەڵاتی ڕۆحەوە. بناغەی ئەم بروایە لەسەر دووپەرستی دانراوە و پێ دەچێ لە ئێرانییە کۆنەکانیان وەرگرتبێ. واتا سەرچاوەی خێر و شەڕ، ڕووناکی و تاریکی و جیهانی خودایی و ماددی، مەسیح و شەیتان دوو هۆی گەورەن لە جیهاندا. دوو قۆڵی خوان. مەسیح قۆڵی ڕاست و ئەویش قۆڵی چەپ، مەسیح دەسەڵاتداری ئەو جیهانە و شەیتانیش خاوەندەسەڵاتی ئەم جیهانەیە. (بەم پێیە مرۆڤی هۆشیار دەبێ دڵی هەردووکیان وە دەست بهێنێ.)

ئەو دووالیستییە بە شێوەیەکی کەمرەنگ و جیاواز لە ئایینی مەسیح، لە ئیسلامیشدا دەبینرێ!

میر سەید شەریف گورکانی لە (التعریفات)ی خۆیدا بە دوو خۆنواندن (تجلی) ئاماژە دەکا. یەکەم: خۆنواندن بە بەربڵاوی و، دووەم: خۆنواندنی تایبەتی زاتی و پەسنی. ئەم دیاردەیە بریتییە لەو بارەی کە بۆ دڵەکان ڕووناکایییە نهێنییەکان هەڵدەدرێتەوە و لە حەوت پلەدایە.

خۆنواندن یان (تجلی) زاتی ئەوەیە کە سەرچاوەکەی تەنیا زات بێ و هیچ پەسنێک لەگەڵیدا نەبێ. دیارە ئەمەش تەنیا بە هۆی یەکێک لە پەسن یان ناوەکانیەوە دەست دەدا! خۆنواندنی پەسنی ئەوەیە کە سەرچاوەکەی یەکێک لە پەسنەکانی بێ، لەو بارەوە خۆی خۆیە و لە زات جیایە!

موحیدینی عەرەبی دەڵێ: "خوا بە لایەنی ناو و پەسنەکانیەوە ویستی جیهان بە بەربڵاوی و مرۆڤ بەتایبەتی لە سەرچاوەی بەخشندەیی خۆیەوە، ئاشکرا بکا. هەر بۆیە بوونەوەری ئاشکرا کرد." دەبینین لێردا دەسپێکردن لە کاتدا لە بەرچاو نەگیراوە و مەبەستیشی لە مرۆڤ (ئادەم) نییە. مەبەستی ڕاستەقینەی ئینسانییە. ئەو پێی وایە سەرهەڵدانی ڕاستی مرۆڤی

تەنیا سەرهەڵدانێکە کە وشەکان لە گەورەترین خۆنواندنیاندا، لەودا (تجلی)یان کردووە.

لە پێوەندی لەگەڵ یەکبوونی وجوود نەک مەوجوودی فەیلەسووفە کۆنەکانی ئێراندا پێی وایە گشت وجوود خاوەنی یەک پەسنە. هەر بۆیە دەڵێ: "خوا بوونەوەری ئاشکرا کرد·(واتا لەپێشدا لە دەروونی زاتیدا هەبوو) و بەم بوونەوەرەش ناسێندرا." گشت بوونەوەرەکان زانیارییان هەیە و هیچیان بێ نیاز نین و ئەمەش واتای «یەکبوونی وجوود»ە لە بۆچوونی ئەودا. سۆفی دەڵێ: "نهێنی خوڵقاندن بریتییە لە ناسینی خوا. کەوابوو هۆی دوایی ئەم دروستکردنە ئەوەیە کە خوا زاتی خۆی لە وێنەیەکدا ببینێ تا پەسن و ناوەکان لەودا خۆ بنوێنن. پێویستە خوڵقاو لێوەشاوەیی نیشان بدا تا بەرگی بوون لەبەر بکا. شتەکان لە سەرچاوەی بەخشینی خوا یارمەتی وەردەگرن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بایەزید و حەللاج، پێیان وایە خوا لە شتەکاندا بوونی خۆی نیشانداوە (حلول) و بەم جۆرە یەکبوونی بوونەوەر شی دەکەنەوە. موحێدین Monism یان یەکە پەسند دەکا و ئەوان دوویان Dualism پەسند دەکەن. واتا وجوودی خوڵقێنەر و وجوودی خوڵقاو.

سپینوزا و ئیبو عەرەبی لێرەدا بە هێندێک جیاوازییەوە بە یەک هێڵدا ڕۆیشتوون. حافزی شیرازییش بە شێوەی خۆی بڕوای بە (تجلی) هەیە. ڕۆژی بەری خوا لەژێر پەردەوە خۆی نواند و وێنەیەک لە ڕووناکیی ئەو کەوتە سەر بیر و هۆشەکان. کاتێک خۆی نواند دیتی مەلائیکە ئەوینی نییە و ئەم تیشکەی بەسەر مرۆڤدا باراند.

مەولانا دەڵێ: "لە نەزانیندا لە بەندی ئەوداین و لە زانیندا لە بەرهەیوانی ئەوداین و لە خەوندا مەستی ئەوین و لە بێدارییشدا لەژێر دەسەلاتی ئەوداین. لە شەڕ و تووڕەییدا وێنەی ڕقی ئەوین و لە ئاشتیدا وێنەی میهرەبانیی ئەوین و هتد..."

جامی لەم بارەیەوە دەڵێ: "جوانی خۆتت لە قەلافەتە شۆخ و شەنگەکاندا ئاشکرا کردووە و ئەوکات بە چاوی ئەویندارانەوە، سەرنجت داوە."

ئەم ڕەوتە لە ئەورووپادا لە چەرخەکانی نێوەڕاستدا، بە شێوەی جۆراوجۆر، درێژەی هەبووە. بۆ نموونە سپینوزا بڕوای بە هێزی گیانی یان Elanvital وەک هۆی بەرزتر لە هۆی سروشتی هەیە و مەبەستی هۆیەکی هەمیشەیی و لەبڕاننەهاتووی شتەکانە کە لە دەرەوەی ئەواندا نییە. بەم جۆرە پێی وایە خوڵقێنەر و خوڵقاو یەکێکن. فەلسەفەکەی دەبێتە بڕوا بەوە کە هەموو شتێک خوایە!

بریکلی، چەرخی حەڤدە، پێی وایە هۆی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان خوایە. ڕۆحی گشتی کە خوایە، لەگەڵ ڕۆحەکانی تر یان خوڵقاوەکان بە زمانێکی نەگۆڕ (ثابت) دەدوێ و ڕووداوە سروشتییەکان، قاڵبی ئەو چەمکانەن. بە هۆی زانستی سروشتی بەسەریاندا زاڵ دەبین و بە هۆی فەلسەفەی واتر (اولی) لە چەمک و واتاکانیان دەگەین.

کانت، چەرخی هەژدە، پێی وایە هۆش لە کاتی بیرکردنەوە لە بوونەوەرە مومکینەکان، هەست دەکا نیازی هەیە کە دان بەبێ ئەملاوئەولا بوونی (واجب)ێک دابنێ و زنجیرەی هۆگرەکان بە هۆیەک خۆی هۆگر نەبێ بگەیەنێ. ئەو دەڵێ: "ئەم هۆیە بە بەڵگەهێنانەوە، ناسەلمێندرێ."

هیگڵ: خوا لە جیهاندا نییە، جیهان لە خوادایە.

لامەنە: وجود دوو لایەنی هەیە. یەکەم: بێسنوور کە پێوەندی بە زاتی خواوە هەیە و، دووەم: خاوەنسنوور کە پێوەندی بە خوڵقاوەکانەوەیە. دروستکردنی جیهان لە لایەن خواوە، لایەنی دڵسۆزیی تێدایە. وجودی بەربڵاو سێ لایەنی هەیە:

١- لایەنی هێز و توانایی.

٢- لایەنی هۆش.

٣- لایەنی ئەوین.

هەرچەند هەر کامە لەوان جیاوازن، بەڵام هەر کامەیان بەتەواوی بوونن.

ئەم سێیە لە ئایینی مەسیحیدا لەژێر نازناوی (اب = باوک)، (ابن = کوڕ) و (روح القدس = ڕۆحی خاوێن) یان

خوادا خۆیان نیشان داوە. لە نەفسی مرۆڤدا وەک (ارادە) (عقل) و (عشق) هاتوونەتە مەیدان و لە جیهانی سروشتدا لە شێوازی «الکتریسیتە و نور و گەرما» خۆیان نواندووە. لە گشت شتەکاندا ڕاستەقینەی بوونەوەر (ڕۆح)ە.

خوڵقاندن بە واتای خۆنواندنی پلە بە پلەی بەرەوسەرچوونی زاتی خوایە لە کات و شوێندا.

بردیانف پێی وایە ئەو ڕێبازە فەلسەفییانەی کە لەسەر ئەزموونی ڕۆحانی و عیرفانی دامەزراون، تەنیا لایەنی ڕوواڵەتی و سروشتی شتەکان نیشان دەدەن و خاوەن جیهانبینیی ڕاستەقینە نین. ئەو پێی وایە ڕێبازەکانی (وحدت وجود) و دووپەرستی جۆرێک لە ماددەپەرستین.

ئەگەر بمانەوێ لەسەر ئەم ڕچە و ڕێبازە بچین، زەمینە بۆ شیکردنەوەی زیاتر هەیە. ئەم وتارە لەوە زیاتر هەڵناگرێ. هەر بۆیە لێرەدا بە نیوەچڵی کۆتایی پێ دێنم. هیوادارم لە قاپۆرێکی گشتیدا پەنجەرەیەکم بەرەو گۆڕەپانی باسەکە کردبێتەوە.

---

من کە بە تەما بووم بۆ هەندێ کردەوە (جەمعییەتی کوردستان!) ببزوێنم، نەئەهات بە بیرما کە جەمعییەت لە خۆیەوە ناجووڵێتەوە. هەرچەن تا ئینگلیزەکان لە سلێمانی بوون، شکی تیا نەبوو کە لەلاوە ئەموستیان لەناوا هەبوو، بەڵام نەمئەزانی کە ئینگلیز لەناوا نەبێ مەکینەکەی کۆمەڵە بەجارێ لە کار ئەکەوێ. واتە نەمئەزانی کە ئازادی لەو ڕۆژەدا [هاوینی ١٩٢٢، مک] وشەیێکی پووچ و بێمانایە و نابێ ئێمە بە خۆمانی ڕەوا ببینین !..

بەڵام دوای ئەمە نرخی ئەو کۆمەڵە و جەمعییەتانە تێگەیشتم کە بە ئیشارەتی بێگانەکان دائەمەزرێ و باش بۆم دەرکەوت کە لەم جۆرە کۆمەڵانە – یا لەلایەن کەسانی باشەوە هاتبێتە ناو– ناکرێ بە تەمای خزمەت و چاکە بێ. ئەوەش لەوێ بێ کە زۆرجار ئەم چەشنە کۆمەڵانە بە مەبەسێکی تایبەتی و خزمەتی سیاسەت ڕاستەوڕاست بە ئەموست و ئیشارەی کاربەدەستان دێتە ناو و لەلایەن ئەو جۆرە کەسانەوە دائەمەزرێ کە سیاسەت بە کاسبی دائەنێن. ئەگەر نیشتمانپەروەرێکی بەڕاست و یا ئەندامێکی پاک و بێغەش لە کۆمەڵێکی وا هاتە بەرچاوت تۆ بە هەڵە مەچۆ و بزانە کە ئەو ئەندامە بە هەڵە چووە و لە گیانی پاکی خۆی باوەڕی بە ڕووی دەرەوەی خەڵق کردووە. ئەگەر وا نەبێ ئەبێ وا چووبێتە مێشکیەوە کە بتوانێ بە زۆرانبازی لەگەڵ بەرهەڵستەکانا کەم و زۆر کەڵکی قەومەکەی بگرێ و خزمەتی نیشتمانەکەی بکا ...

... بەو ناوە کە ئەندامێکی جەمعییەت و نووسەرێکی (بانگی کوردستان) بووم بە واجیبی خۆم ئەزانی کە هەوڵێ بدەم و خزمەتێ بکەم. بەڵام سوودی نەبوو و کەس وەڵامی نەئەدامەوە. هەندێکیش ئەم تێکۆشانەی منیان لا سەیر بوو و گاڵتەیان بە عەقڵم ئەهات. منیش بەم حاڵەدا وام بۆ دەرئەکەوت کە ئەمجارەش هەڵمان لە دەس ئەچێ و مایەپووچ ئەبین. واتە بارێک نەئەخرایە سەر شانی کورد کە پێی هەڵگیرێ و بیبا بە ڕێوە. بە وشەیێکی بێ توێکڵ و ڕەوانتر بناغە بۆ حکوومەتی کورد دانەئەڕێژرا، بەڵکوو لەسەر حیسابی کورد و کوردستان (تەمثیل)ێکی تازە بە دەسەوە بوو!..

ڕەفیق حیلمی

یادداشت، جزمی پێنجەم، بەغدا ١٩٥٧، لل ٥٢٨-٥٣١.

# دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

**حەسەن ئاغا**

حەسەنی هەمزە لەسەر "شەم" کە چییە تەفسیری
دەست بە شمشێر لەگەڵم صاحیبی دەعوا دەرچوو
من وتم ناخوونی شێرە، وتی کلکی شێرە
لەسەر ئەم لەفزە بەسی شۆڕش و دەعوا دەرچوو
گرەوم کرد لەگەڵی، چووم و کتێبم هێنا،
ناخوونی من نەبوو، کلکی (حەسەن ئاغا) دەرچوو

**شێخ هۆمەر**

هەر لە ناکا زرمەیێک هات، کێی کوڕە؟ شێخ هۆمەرە
شێخی چی مردووت مرێ، بۆچی نەتگوت جاشەکەرە؟
دەردی لۆقوەی گرت، لە ناکا، شێخە توهمەتکارەکە
ئەو قەیافەت حیزەکەی، هەیئەت وەکوو کەمتیارەکە
قۆخ وەهای لێ کرد لە جێی قۆخ کاشکی پۆخی دەخوارد
شێخەکەی، دەمچەوتەکەی، لچگێڕەکەی، لێوخوارەکە
کوردە بێناموسەکەی، گۆرانە قوڕڕومساغەکەی
حیزەکەی، بێدینەکەی، کەربابەکەی، بێعارەکە.

**شێخ حەسەن**

بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان شێخ حەسەن
سەیری کەن، یاران، چ گۆبەندێکی گێڕا ئەم کەرە؟

**عومەر**

عومەرم دی، عومەری پێشووتریش گەر وا بێ
گەردنی شیعە دوصەد دەفعە لە سەب ئازا بێ

# لایەنی زانستی لە فەلسەفەی سۆفیگەریدا

لەتیف هەڵمەت

## لەباتیی پێشەکی

سەرکردەی سۆفیگەران عەلی کوڕی حوسەین، ناسراو بە زەینەلعابدین، دروودی خوای لێ بێ، دەفەرمووێ:

انی لاکتم من علمی جواهر
کی لا یری العلم ذو جهل فیفتنا

حەزرەتی عەبدولقادری گەیلانی دەفەرمووێ:

لو اننی القیت سری بمیت
لقام باذن الله حیا ونادانی

وفکیت رمزا کان عیسی یحله
به کان یحیی الموت والرمز سریانی
وغصت بحار العلم من قبل نشاتی
اخی ورفیقی کان موسی بن عمران

دەتوانم بەدڵنیایییەوە بڵێم لەو دوو پارچە شیعرەدا ئەوە ئاشکرا کراوە کە تەسەوف لایەنی زانستییانەی تێدایە و خۆی لەخۆیدا تا ڕادەیەکی زۆر زانستێکە وەک هەموو زانستەکانی دی و لە ناوەڕۆکی ئەم باسەدا بە فراوانی باسی ئەم لایەنە دەکەم. ئیتر من لەم باسەدا باسی چمکێکی نوێی تەسەوف دەکەم و کەمتر بایەخ بەو لایەنانە دەدەم کە پێشتر باسیان لێوە کراوە. گرنگ نییە تا چ ڕادەیەک لەم باسەدا سەرکەوتنی ئەکادیمییانە وە دەس دێنم. گرنگ ئەوەیە چ شتێکی نوێ دەخەمە سەر خەرمانی تەسەوف. ئەم باسە کاکڵەی لێکۆڵینەوەیەکی فراوانە و خوا یار بێ لە ساڵانی داهاتوودا تەواوی دەکەم.

تەسەوف لە بنەمادا هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوە و بەکارهێنانی هێزەکانی ڕۆح.

حەزرەتی عبدالقادری گەیلانی کە دامەزرێنەری ڕێبازی قادرییە دەفەرمووێ:

ولاحت لی الاسرار من کل جانب
وبانت لی الانوار من کل وجهة
وشاهدت معنی لو بدا کشف سره
بصم الجبال الراسیات لدکت

حافزی شیرازی دەڵێ:

فیض روح القدس ار باز مدد فرماید
دیگران هم بکنند انچه مسیحا می کرد

هەروەها دەڵێ:

از صدای سخن عشق ندیدم خوش تر
یادگاری که در این گنبد دوار بماند

سۆفیگەریی ئیسلامی بە شێوەیەکی دیار لە سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچیدا بەتەواوەتی گەشەی کرد و لە سەدەی پێنجەمدا کەوتە کزی و سستی و لە کۆتایی سەدەی پێنجەمدا ئیمامی غەزالی هەڵکەوت و سۆفیتیی تێکەڵ بە دینی ڕەسمی کرد و قۆناغێکی دی چەکەرەی

کرد.

بنەمای فەلسەفەی سۆفیگەری لەسەر بیروباوەڕی یەکتایی‌ی خوا دەمەزراوە، بەڵام لە تەرز و لق و چڵی فەلسەفەکەدا جیاوازیی ئاشکرا بەدی دەکرێ لەنێوان دوو سۆفیی سەر بە دوو ئایینی جیاوازدا.

ئەبو عومەری دیمەشقی دەڵێ: "گەردوون لە چاوی سۆفیدا پڕ لە کەموکوورییە... لەبەر ئەوە سۆفی دەیەوێ لە جیهانی پڕ لە کەموکووڕی دوورکەوێتەوە و عەودالی ئەو کەسە بێت کە هیچ کەموکوورییەکی نییە."

بۆ ئەم مەبەستە دەبێ سۆفی ڕۆحی خۆی لە کۆتەکانی لەشی ئازاد بکا و لە هەموو لەزەتێکی دونیایی دوورەپەرێز بێ، چونکە لەزەتی دونیایی پەردەیەکی تاریکە و بواری بینینی حەقیقەت نادات. شاعیر و سۆفی هەردووکیان یەک خەونیان هەیە و هەوڵی پڕکردنەوەی کەموکوورییەکانی جیهان دەدەن. بەم پێیە هەموو شاعیرێک سۆفییە و هەموو سۆفییەک شاعیرە، ئەگەرچی شیعریش نەنووسێ. هەردووکیان خەیاڵ دەکەن و خەو دەبینن و سەرنج دەدەن و لە بوون و نەبوون ورد دەبنەوە و دەیانەوێ جیهانێکی بێ کەموکووڕی دروست بکەن.

هەر لەم بۆچوونەوە دەڵێم: سەرجەمی شارەزایانی بواری گەردووناسی و پزیشکگەری و کیمیاگەری و فیزیاناسی و ئەندازەناسی و سیاسەت و هتد بە جۆرێک لە جۆرەکانی تەسەوف، سۆفین، پێی بزانن یا نەزانن. چونکە دەیانەوێ بە هەوڵەکانیان یا بە خەونەکانیان کەموکوورییەکانی گەردوون پڕ بکەنەوە.

لەم بارەیەوە گەلێ لە شاعیران و ڕۆماننووسان و هونەرمەندان لە بەرهەمەکانیاندا پێشبینییان کردووە و خەونەکانیان دوای خۆیان بەرجەستە بوون. بۆ نموونە هونەرمەندی ناسراو لیۆناردۆ داڤینشی سەدان ساڵ پێش ئێستا لە هەندێ وێنە و هێلکاریی خۆیدا پێشبینیی دروستکردنی فڕۆکە و مووشەک و گەلێ چەکی کوشندەی تری کردووە. بە ڕای من ئەم جۆرە خەونانە پەیوەندییان بە تەرزێک لە تەرزەکانی تەسەوفەوە هەیە.

شایانی باسە تەسەوفی ئیسلامی بە دوو هۆوە تەشەنەی کردووە و ڕەگی داکوتاوە:

یەکەم: لە ترسی سزای ئەو دونیا، چونکە خوا لە قورئاندا زۆر باسی سزای دۆزەخ دەکات. هەر بۆ نموونە لە سوورەتی (الحج)دا دەفەرمووێ: "فالذین کفروا قطعت لهم ثیاب من نار. یصب من فوق رووسهم الحمیم. یصهر به ما فی بطونهم والجلود. ولهم مقامع من حدید. کلما ارادوا ان یخرجوا منها من غم اعیدوا فیها. وذوقوا عذاب الحریق."

هۆی دووەم: دانانی ڕێز و شکۆمەندیی تایبەتی بۆ خوا کە وەک قورئان دەفەرمووێ خوا سەرچاوەی هەموو خێرێکە. هەر بۆ نموونە لە سوورەتی (النحل)دا خوا دەفەرمووێ: "وقیل للذین اتقوا ماذا انزل ربکم قالوا خیرا."

شانبەشانی ئەو دوو هۆیە بە درێژاییی ڕۆژگار تەسەوفی ئیسلامی هەندێ خود و ماک و کاریگەریی لابەلا و دوور و نزیکی تێکەڵاو بووە و تێدا جێگیر بووە وەک کاریگەریی هزری گەلانی ئاری و هەندێ بیروباوەڕی هیندۆئەورووپایی و تارماییی ڕێبازی فەلسەفەی ئیفلاتوون.

لە بارەی وشەی (تەسەوف)ەوە بە فۆرمە عەرەبییەکەی (التصوف)، گەلێ بۆچوون هەیە و، دەڵێن بۆ یەکەم جار ئەم وشەیە، واتا وشەی (التصوف)، لە کۆتاییی سەدەی دووەمی کۆچیدا لەعیراقدا هاتۆتە کایەوە و یەکەم کەس کە پێی گوتراوە سۆفی، جابری کوڕی حەییانی کووفی بووە کە کیمیازانێکی خەڵکی کووفە بووە.

بە ڕای من، سۆفیگەری زۆر کۆنە و لە سەردەمی بووداشدا هەبووە. بۆ نموونە بوودا لە وتەیەکیدا دەڵێ: "تەماح کوشندەترین ژەهرە و لەزەتی دونیایی کلۆپەدارترین ئاگرە و نەزانین (واتا خۆنەناسین) تاریکترین شەوە." هەروەها گوتوویەتی: "خۆشەویستی و کرداری چاک بنەمای سەرجەمی گەردوونن." ئەم بیروباوەڕانە و دەیان بیروباوەڕی دیکەی بوودا و

زەردەشت و ئایینەکانی دی لەگەڵ بیروباوەڕی سۆفییەکاندا وەک یەکن. لەم بارەیەوە دۆکتۆر عەلی زەیعوور دەڵێ: "دەقی ئۆپانیشادی هیندستانی کە نزیکەی هەزارساڵ پێش زایین نووسراوە بە دەقێکی سۆفیگەری دەژمێردرێ." بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئەو جۆرە سۆفیگەرییە لە بنەمادا جیاوازیی زۆرە لەگەڵ سۆفیگەریی ئیسلامیدا، چونکە ئەو سۆفیگەرییەی هیندستان لە بارودۆخی ئەوسای ئەو ناوچەیەوە هەڵقووڵاوە و سۆفیگەریی ئیسلامی ئەگەرچی کاریگەریی ئەملا و ئەولاشی بەسەرەوە بووبێ، لە بنەڕەتدا هەڵقوڵاوی بارودۆخی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە و لەسەر زەمینەیەکی ئیسلامیی پاکژ دامەزراوە. حەزرەتی غەوسی گەیلانی لە بارەی تەسەوفی ڕێبازی قادرییەوە دەفەرمووێ: "ڕێبازەکەمان لەسەر قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر و سینەسافی و دەستتێری و بەخشندەیی و بەلاوەنانی ناتەبایی و بەرگەگرتنی سزا و بووردن لە هەڵەی برایان دامەزراوە." هەروەها دەڵێ: "تەسەوف لەسەر هەشت کۆڵەکە وەستاوە: چاوتێری، ڕەزامەندی، ئارامگرتن، هێما، نامۆیی، خوریپۆشی، گەشت و هەژاری."

دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ سۆفیگەری لە کوردستاندا دوو ڕێبازی گەورەی هەیە:

١- ڕێبازی قادری: ئەم ڕێبازە بە ناوی عەبدولقادری گەیلانییەوە بڵاوبۆتەوە کە دامەزرێنەری ڕێبازەکەیە.

٢- ڕێبازی نەقشبەندی: ئەم ڕێبازە لە ڕێگای مەولانا خالیدی شارەزوورییەوە لە هیندستانەوە گەیشتۆتە کوردستان و بڵاوبۆتەوە.

ئەو چەند دێڕەم وەکوو بیرخستنەوەیەک هێنایە ناو باسەکەوە ئەگەرنا باسەکەی من لەم بەشەیدا خۆی لە قەرەی ئەو لایەنە نادات.

سۆفیگەری لەلای سۆفییەکان تۆمارێکی دووروودرێژی پڕ لە تۆبەکاری و خۆبەختکردن و خەڵوەتگەری و خواناسی و پارێزکردن لە بابەتە لەزەتدارەکانی دونیا و بێدەنگی و ئارام و دەردۆنگ و برسێتی و ڕاستگۆیی و سەرڕاستی و دڵسۆزی و سەربەستی و حاڵی تایبەتییە. سۆفیگەری لەلای سۆفییەکان بەندکردنی خواستە خۆپەرستییەکانی لەش و ئازادکردنی ڕۆحە، تا ڕۆح بگاتە ترۆپکی گەورەیی و خوا بدۆزێتەوە و تێیدا بتوێتەوە. ئەو ڕۆحانەی کە دەگەنە ترۆپکی پاکژبوونەوە لە چڵک و چەوری دونیایی شتگەلێک دەزانن کە خەڵکانی ئاسایی پەیان پێ نابەن. لەم بارەیەوە دەڵێن: جارێکیان شەمسی تەبریزی کە یەکێکە لە سۆفییە گەورەکانی ڕۆژهەڵات لە مزگەوتێکدا مجێور دەبێ و ڕۆژێکیان دەیەوێ بەشداری مشتومڕێکی ئایینی بکات. مەلای مزگەوتەکە پێی دەڵێ: " برۆ بەلای مجێوریی خۆتەوە، تۆ چیت داوە لە عیلمی قال." وا ڕێ دەکەوێ لەو ماوەیەدا منداڵێک دەکەوێتە ناو بیری مزگەوتەکەوە و نوقوم دەبێ. شەمسی تەبریزی دەست درێژ دەکا و منداڵەکە لە بنی بیرەکە دەردەهێنێ. مەلاکە پێی دەڵێ: "شەمس ئەم کارە چی بوو؟" شەمس پێی دەڵێ: "ئەمە عیلمی حاڵ بوو... تۆ سەری لێ دەرناکەی."

مێژوونووسانی تەسەوف دەڵێن: ڕابیعەی عەدەوی یەکەم کەسە کە لە مێرگی سۆفیەتیدا بانگەوازی خۆشەویستیی بە شیعر و بە پەخشان هەڵداوە.

سۆفیگەریی ئیسلامی بە گەلێ قۆناغدا تێپەڕیوە و لە پێشدا بەرەو خۆپاراستن لە تام و لەزەتی دونیایی و خوداناسیی یەکتایی دەستی پێ کردووە و ئەمجا بووە بە ئەزموونێکی سۆزدار و تەوەرەکانی دەروون و جیهانیان گرتۆتەوە و دوایی ئەم ئەزموونە بووە بە مەزەبێکی تایبەتی و شێخ محی الدینی عەرەبی و قوتابییەکانی لە سەدەی سیازدەهەمدا سەرقافڵەچیی ئەو ڕێڕەوە بوون.

زوننوونی میسری کە یەکێک بووە لە سۆفییە گەورەکانی دونیا و دەستێکی باڵای هەبووە لە زانستی سیمیادا و توانیویەتی زیخ و چەو بکات بە گەوهەری گرانبا، لە بارەی سۆفییەکانەوە دەڵێ: "سۆفییەکان کەسانێکن خوایان لە هەموو شتێک خۆشتر دەوێ و خواش ئەوانی لە هەموو کەسێک خۆشتر دەوێ و خۆشەویستیی خوا لەلای سۆفییەکان تەنیا ڕێگایەکی

پاک و ڕەوایە بۆ پاکژبوونەوەی ڕۆحی مرۆڤ و بڵندبوونەوەی بۆ ئاسمانی شکۆمەندی ڕاستەقینە." سۆفییەکان لەسەر ئایینی خۆشەویستین و ئەو خۆشەویستییەش بەها بە بوون و چارەنووسی مرۆڤ دەدات. ئەم بۆچوونەش لەلای فەیلەسوفانی سۆفیزم، بەتایبەتی لەلای کۆمەڵەی اخوان الصفا، پەیوەست بووە بە قسەیەکی ئیفلاتوونەوە کە دەڵێ: "دەروونی مرۆڤ بە نووری خواناسین شکۆمەند دەبێ."

لەڕاستیشدا هەندێ بیروڕای جیاواز هەیە دەربارەی بنەما و بنەڕەتی سۆفیەتی و لەو بارەیەوە، ڕۆز غەریب، دەڵێ: "سۆفیگەری دیاردەیەکی جیهانییە و لە چاخە جۆربەجۆرەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا سەری هەڵداوە و کرۆکی تەسەوف لەلای نەتەوە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات (هیندستان، چین و فارس) زۆر کۆنە و لە کۆنترین نووسراوە هیندییەکاندا باس لە تەسەوف کراوە و ئەو بیرۆکەیە لە سەدەی سێیەمی پێش زایینددا بۆتە بنەمای فەلسەفەی سۆفیگەرانەی ئیفلاتوون."

کتێبی (مانو)ی براهمایی کە بە هیندی نووسراوە دەڵێ: "هەر کەسێ لە خێر و شەڕ خۆی دەرباز کرد و جیهانی لەلا یەکسان بوو، ئەو کەسە ئاسوودەیی هەمیشەیی دەیگرێتە ئامێز." لە چینیشدا سۆفیگەرییەکی لەم بابەتە لە چاخە کۆنەکاندا هەبووە. لە وڵاتی یۆنانیشدا زانای ناوداری یۆنانی فیساگۆرس، یەکەم سۆفیی یۆنان بوو کە باوەڕی بە (یەکتایی بوون) هەبوو. ئەم باوەڕی فەلسەفەیە واتا فەلسەفەی سۆفیگەری لەلای ئیفلاتوون تازە بووەوە و ئیفلاتوون لە بۆچوونێکی سۆفییانەوە دەڵێ: "ئەوەی بتوانێ خۆی گۆش بکا، دەتوانێ هەموو گیانداران گۆش بکا." هەندێ لە زانایانی تەسەوف دەڵێن: "فەلسەفەی نوێی ئیفلاتوونی، یەکەم سەرچاوەیە کە تەسەوفی ئیسلامی و تەسەوفی مەسیحیی لێ هەڵهێنجراوە... بەڵام فەلسەفەکەی ئیفلاتوون لە هەردوو ئایینەکەدا گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە و وای لێ کراوە لەگەڵ بارودۆخی هەردوو ئایینەکەدا بگونجێ. شایانی باسە نزیکییەکی زۆر لەنێوان تەسەوفی ئیسلامی و تەسەوفی مەسیحیدا هەیە و لە هەردووکیاندا تۆبە، دوورەپەرێزی لە خۆشی و لەزەتی دونیایی، لێپرسینەوەی دەروونی، خۆشەویستی، ئیمانی دڵ، برایەتی، مرۆڤایەتی، وردبوونەوە، بێدەنگی و هێمنی ڕەچاو دەکرێ و لە هەردوو شێوەکەشدا سۆفیی ئاسایی و سۆفیی توندڕەو هەبوون کە لە ترۆپکی پاکژی و سۆفییەتییاندا قسەی هەڵەق و مەلەقی وایان کردووە گومانیان لێ کراوە و بە گومڕا لە قەڵەم دراون و بەناهەق شەهید کراون. هەر چۆنی بێ هەردوو گرووپەکە یەک مەبەستیان هەیە، بەڵام هەر یەکەیان بە زمانی تایبەتی خۆی و بە شێوازی تایبەتی خۆی لە مەبەستەکە دەدوێ و، جیاوازییەکەیان وەک ئەوە وایە دوو کەس داوای نان بکەن و یەکێکیان بەتووڕەیی و ئەوی تریان بەهێمنی داوای نانەکە بکات.

لە فەلسەفەی تەسەوفی هەموو ئایینەکاندا بنەمای سۆفیگەری ئەوەیە کە (حەقیقەت) خوایە و هەق لە خواوە هەڵدەقوڵێ و ئەم بیرۆکەیەش بەر لە پەیدابوونی ئیسلامی پیرۆز لە دورگەی عەرەبیدا بنەمای هەبووە و ڕەنگە لە ڕێگای وڵاتی فارسەوە پێی گەیشتبێ. زوهەیری کوڕی ئەبی سەلما کە شاعیرێکی سەردەمی جاهیلییە لە شیعرێکیدا دەڵێ:

بدى لى ان الله حق فزادنى
الى الحق تقوى الله ما قد بدا ليا

مرۆڤایەتی لەوەتی هەیە هەوڵی ئەوەی داوە و هەوڵی ئەوە دەدات کە لە ڕێگای دەسەڵاتێکی ماددییەوە خۆشی و بەختەوەری بۆ مرۆڤ و سەرجەمی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دابین بکرێ. ئەم هەموو دیاردە شارستانییەی کە لە هەوارە دێرینەکاندا بەدی دەکرێن و ئەم هەموو ئامێر و بابەتانەش کە لەم سەدەیەدا دەیانبینین، هەمووی لە پێناوی دابینکردنی بەختەوەریدایە بۆ مرۆڤ، بەڵام بەختەوەری و خۆشیی دونیای سۆفییان لە ماددەوە زۆر دوورە و شتێکی ڕۆحییە و ترۆپکی بەختەوەری و خۆشی لەلای سۆفییەکان لە گۆشەگیری و سزادانی لەش و نزیکبوونەوەدایە لە خوای میهرەبان بۆ ئەوەی خوا لێیان

ڕازی بێ و ڕەزامەندیی خوا بنەمای بەختەوەری و خۆشیی ئەوانە و لەم بارەیەوە ڕابیعەی عەدەوییە دەڵێ:

یا سروری ومنيتي وعمادي

وانيسي وعدني ومرادي

ان تكن راضيا علي فاني

يا مني القلب قد بدا اسعادي

نووسەری ناسراوی عەرەب د. عبدالرحمن بەدەوی دەڵێ: "سۆفیگەری لایەنێکە لە لایەنە هەرە گەشەکانی ژیانی ڕۆحی لە ئیسلامدا."

ئەبو نەسر ئەلسەڕڕاج کە لە ساڵی ٩٨٨ی زایینیدا کۆچی دوایی کردووە گوتوویەتی: "نازناوی سۆفی لە وشەی (صوف)ی عەرەبییەوە، واتا خوری، لەو جۆرە خواناسانە نراوە، چونکە بۆ ئەوەی سزای لەشی خۆیان بدەن جلوبەرگی زبری لە خوری چنراویان لە بەر کردووە. هەروەها ڕای وایە کە ئەم نازناوە کۆنە و لە پێش ئیسلامەوە هەیە. حەزرەتی گەیلانی ئەوە دەخاتە ڕوو کە حەزرەتی یەحیا، درووودی خوای لێ بێ، خوریپۆش بووە. هەندێکی دی دەڵێن: "نازناوی تەسەوف لە وشەی الصفاءی عەرەبییەوە هاتووە کە مانای پاکبوونەوە و پاکژی دەبەخشێ و ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم گرووپە لە گوناه و گەرد پاڵاوتەن و دوورن لە هەموو لەزەتێکی دونیایی. هەروەها دەڵێن: "نازناوی سۆفی کاتی خۆی بە هۆزی بەنی صوفە دراوە کە لە سەردەمی پێش ئیسلامەتیدا خزمەتی کەعبەیان کردووە. هەندێ نووسەری تر دەڵێن: بۆیە پێیان گوتراوە سۆفی چونکە ڕووەکی صفوانەیان خواردووە. بەڵام دانەری کتێبی الرسالة القشيرية کە ساڵی ١٣١٨ی کۆچی مردووە دەڵێ: "ئەم قسانە هیچی جێی باوەڕ نین."

لە مێژووی تازەشدا ڕۆژهەڵاتناسان ڕایان لەم بارەیەوە جۆربەجۆرە و، یووسف ڤۆن هاممەر ١٨١٨، ڕای وایە کە وشەی صوفی عەرەبی لە وشەی سوفیسی یۆنانییەوە وەرگیراوە کە واتای پاکی دەگەیەنێ، بەڵام لە ساڵی ١٨١٢دا ف.ا.ج. تولک بەرپەرچی ئەم ڕایەی دایەوە و دوای ئەویش ئادلبێرت مرکس ڕایەکەی یووسف ڤۆن هاممەری پەسەند کرد، بەڵام لە دواییدا تیۆدۆر نۆیلدکە بەتەواوی بەرپەرچی ئەو ڕایەی دایەوە و سەلماندی کە نازناوی (صوفی)ی ئیسلامی لە وشەی (صوف)ی عەرەبییەوە کە مانای خوری دەگەیەنێ وەرگیراوە و، بۆیە بەو پیاوە خواناسانەیان گوتووە سۆفی، چونکە خوریپۆش بوون. هەر لەم بارەیەوە لوی ماسینیۆن لە (دائرة المعارف الاسلامية)دا ئەڵێ: "بە فارسی بە سۆفی دەڵێن پەشمینپۆش، واتا خوریپۆش." شێخ مارفی کەرخی دەڵێ: "سۆفێتی ئەوەیە ڕێی هەقناسی بگری و چاوت لە دەستی کەس نەبێ." شێخ جونەیدی بەغدادی دەڵێ: "تەسەوف ئەوەیە بەبێ هیچ ڕیاییەک خواپەرستی بکەی." شێخی شبلی دەڵێ: "تەسەوف برووسکەیەکی سووتێنەرە." سەحنوونی سۆفی گوتوویەتی: "تەسەوف ئەوەیە نە موڵکی هیچ شتێک بیت و نە هیچ شتێک موڵکی تۆ بێ. سۆفیگەری دابینکردنی ڕۆحە بۆ پەیبردن بە شتگەلێک کە کەسانی دی پەی پێ نابەن." لەم بارەیەوە لە ژمارە ٨ی گۆڤاری (الثقافة الجديدة)ی ساڵی ١٩٩٢دا دکتۆر میثم الجنابی دەڵێ: "سۆفیگەری وەک هەموو بوارێکی دیکەی داهێنانەکانی مرۆڤ، داهێنراوی مەزنی لە ناخ و کرداردا هێناوەتە کایەوە و دەتوانین بەم پێیە بڵێین بۆمان هەیە ڕێبازی سۆفیگەری بە ڕێبازی هزری و سیاسی بەراورد بکەین. ئەمجا لەسەر بنەمای وتەیەکی سۆفی ناودار شێخ جونەیدی بەغدادی کە فەرموویەتی: "اذا لقيت الفقير فالقه بالرفق ولاتلقه بالعلم لان الرفق يوء نسه والعلم يوحشه." ئەم وتەیەی شێخ جونەید ئەوە دەسەلمێنێ کە سۆفیگەری دژی زانست نییە، بەڵکە ڕێبازێکە بۆ ڕوونکردنەوەی زانست بە شێوەیەکی ڕۆحی.

بەم پێوەندانگە و لەسەر بنەمای ئەوەی کە سۆفیگەری پەی بە گەلێ شتی شاراوە و نەزانراو دەبات، من سوورم لەسەر ئەوەی کە سەرچەمی زاناکانی هەموو بوارەکانی زانست و هونەر و وێژە، لە بارودۆخ و حاڵەتی داهێناندا پرشنگی سۆفیگەری دەروونیان ڕووناک دەکاتەوە، ئەمجا دەتوانن داهێنانەکە بەرجەستە بکەن. من ڕام

وایە ئەدیسۆن لە حاڵەتێکی سۆفیگەریدا تەوژمی کارەبای دۆزییەوە و جێمس وات هێزی هەڵمی بەرجەستە کرد. ئەنیشتاین لە حاڵەتێکی سۆفیگەریدا پەی بە تیۆریی ڕێژەیی بردووە و تەنانەت مارکس لە حاڵەتێکی سۆفیگەرانەدا پەی بە مەسەلەی سەرمایە و زێدەبایی بردووە و دانتی و شەکسپێر و ڕۆسۆ و تاگوور و پیکاسۆ و میکائیل ئەنجیلۆ و ئەحمەدی خانی و نالی و هەزاران زانا و دانا و شاعیر و هونەرمەند و نووسەری دی لە حاڵەتێکی سۆفیگەرانەدا بەرهەمەکانیان لە دایک بوون و لە دایک دەبن و تەنانەت دەڵێم شەهیدان لە حاڵەتێکی سۆفیگەرانەدا خۆیان بە کوشت دەدەن و بەبێ ئەو حاڵەتە ڕۆحییە نە داهێنانی زانستی و هونەری و وێژەیی دەبێ و نە کەس ئامادەیە لە پێناوی هیچ باوەڕێکدا گیانی خۆی ببەخشێ.

ئیمامی غەزالی دەفەرمووێ: "زانست بەبێ کارپێکردن شێتییە و کارکردن بەبێ زانست بێ سەرەنجام و بێ بەروبوومە." ئەمەیە بنەمای سۆفیگەری، زانست و کارپێکردن، تا و تەرازووی یەکترن و هەردووکیان بەیەکەوە چەسپ و پەیوەستن و هیچیان بێ ئەوی تریان سوودی نییە.

خۆشەویستی مەبەستی سەرەکی و ترۆپکی باڵای مەقام و پلە و پایەکانی تەسەوفە و هەموو پلە و پایەیەکەی دی لەدوای پلە و پایەی خۆشەویستییەوە دێ! وەک لە پێشیشدا باسم کرد هەندێ لە زانایان ڕایان وایە کە پێڕەوی سۆفیگەری زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن و ئیفلاتوونی فەیلەسووفیش بە سۆفی دەزانن.

منیش وای بۆ دەچم کە ڕەگی سۆفیەتی و بیروباوەڕی سۆفیگەریانە لە دێر زەمانەوە هەیە و لەوەتی مرۆڤ لە دوای بیناسازیی گەردوون و بوونەوەر و زیندەوەر گەڕاوە بیروباوەڕی سۆفیگەرانە هەیە. تەنانەت هەندێ لە پێغەمبەرانی خوا پێڕەویی ڕێبازی سۆفیگەرییان کردووە. لەوانە حەزرەتی عیسا دروودی خوای لێ بێ. بێگومان مل کەچنەکردن بۆ سامان و دارایی دونیا یەکێکە لە کۆڵەکەکانی سۆفیگەری و لەم ڕوانگەیەوە و لە کلاوڕۆژنەیەکی سۆفیگەرانەوە حەزرەتی عیسا دەفەرمووێ: "ئەگەر دەتەوێ ببی بە مرۆڤێکی ڕاست و دروست برۆ هەموو موڵکەکانت بفرۆشە و بەسەر هەژاراندا دابەشیان بکە." بەم پێودانگە بیری سۆفیگەری بە شێوەیەک لە شێوەکان لە هەندێ فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەری ئیسلام محمد، دروودی خوای لێ بێ، ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەتا فەرموویەتی: "ئەی خوایە بەهەژاری بمژیێنە و بەهەژاری بمرێنە و لەگەڵ گرووپی هەژاراندا حەشرم بکە." لە قورئان و ئینجیلیشدا گەلێ نموونەی دی لەم بارەیەوە هەیە.

ئیمامی غەزالی دەڵێ: "سۆفییەکان لە بێداریدا مەلائیکە و ڕۆحی پێغەمبەران دەبینن و گوێیان لە دەنگیانە و بەهرەیان لێ وەردەگرن." ئەم حاڵەتە وەک دیاردەیەکی زانستیش هەیە و لەلای زانایان ناوی نراوە زانستی پاراسایکۆلۆژی و گەلێ کەس هەن لە زانستی پاراسایکۆلۆژیدا شارەزان یا وەک دەڵێن هەستی شەشەمیان بەهێزە و پێشبینیی ڕووداوەکان یاخود هەندێ ڕووداو دەکەن. ئەم مەسەلەیەش لە هەموو ئایینە پیرۆزەکاندا هەیە، تەنانەت لای ئەوانەش کە بتپەرست و وەسەنین.

کۆڵن ویلسۆن لە کتێبی (الانسان وقواه الخفية) لە بارەی ئەم لایەنەوە زۆر دەدوێ. هەندێ کەس و سەرچاوە ئەم جۆرە هێزە نهێنییەی مرۆڤ بە سیحر ناو دەبەن و تەنانەت لە قورئانی پیرۆزیشدا باسی سیحر کراوە: "بسم الله الرحمن الرحيم: قال اجئتنا لتخرجنا من ارضنا بسحرك يا موسى فلناتيك بسحر مثله" سوورەتی طه (طاها)،

"فلما جاءتهم اياتنا مبصرة قالوا هذا سحر مبين." سوورەتی النمل.

فەیلەسووفی ناسراوی یۆنان ئەرەستۆتالیس پێش دوو هەزار ساڵێک گوتوویەتی: "مرۆڤ گیانلەبەرێکی زماندارە." واتا قسەبێژە. بەڵام من دەڵێم مرۆڤ گیانلەبەرێکی ئیماندارە و مرۆڤ لەوەتی هاتۆتە سەر

زەوی جۆرە ئیمانێکی بووە و بۆ خوایەک گەڕاوە کە ئافەریندەی ئەم گەردوونەیە. جگە لە مرۆڤ هیچ گیاندارێکی دی بۆ خوا نەگەڕاوە و عەودالّی ئەوە نەبووە کە کێ ئەم گەردوونەی دروست کردووە. مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە گیانلەبەرێکی ئیماندار بووە و تەنانەت هەندێ جار خۆر و مانگ و گرکان و لافاو و هێزە دڕندەکانی سروشتی بە خوا زانیوە و لێیان ترساوە. بە دوای خوا گەڕاندا و دۆزینەوەی و قەناعەتکردن بەو خوایە بۆتە جۆرە زانستێک لە زانستەکان، ئەوەش زانستی ڕۆحناسییە. مەسەلەی ڕۆحناسی خۆی لە خۆیدا زانستێکە و کاتی خۆی حەزرەتی سولەیمان کە پەپووسلێمانی هەواڵی بەڵقیسی بۆ هێنا، ئەگەرچی خۆی پێغەمبەری خوا بوو، بەڵام لە عیلمی ڕۆحی نەدەزانی واتا سۆفی نەبوو، دونیای نەخستبووە لاوە بەڵکە حەزی لە لەزەتی دونیایی و دارایی و سامان دەکرد، کاتێ پەپووسلێمانی هەواڵی بەڵقیسی بۆ هێنا، داوای کرد دەسبەجێ عەرشەکەی بەڵقیسی بۆ بێنن. بەڵام لەیەمەنەوە چۆن و کێ بە زووترین کات بیگەیەنێتە لای حەزرەتی سولەیمان لە فەلەستین! ئەو سەردەمە نە ئۆتۆمبیل بووە و نە فڕۆکە، لەبەر ئەوە پەنای بردە بەر ئەو کەسانەی کە لەو سەردەمەدا لە عیلمی ڕۆحیان دەزانی. وەکوو قورئانی پیرۆز باسی دەکات دێوێک بە حەزرەتی سولەیمان دەڵێ: "قال عفریت من الجن انا اتیک به قبل ان تقوم من مقامک." حەزرەتی سولەیمان داوای کرد زووتر بۆی حازر کەن. وەکوو قورئانی پیرۆز دەفەرمووێ: دێوێکی دی کە لە عیلمی ڕۆحی دەزانی گوتی: "قال الذی عنده علم من الکتاب انا اتیک به قبل ان یرتد الیک طرفک..." تەنانەت نووسەری گەورەی میسر انیس منصور وای بۆ دەچێ ئەو تاشەبەردانەی کە ئەهرامەکانیان پێ دروست کراوە بە عیلمی ڕۆح بەردەکانی خراونەتە سەر یەکتر چونکە ئەو تاشەبەردانە هیچ هێزێک نەبووە هەڵیانبگرێ و بیانخاتە سەر یەکتر.

شایانی باسە عیلمی ڕۆح لە ڕێگای سۆفیگەرییەوە وە دەست دێ و بەبێ حاڵەتێکی سۆفییانە کەس پەی بە عیلمی ڕۆح نابات.

لە لایەکی ترەوە من ڕام وایە سیحر و جادووش بەشێکە لە عیلمی ڕۆح، بەڵام ڕۆحێکی پیس و نەگریس. وەکوو چۆن زانستی ئەتۆم و کیمیا و کارەبا بۆ شتی باش و خراپ بەکار دێ، هەروەها عیلمی ڕۆحیش لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە و پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ فەرموویەتی: "اللهم انی اعوذ بک من علم لاینفع." واتا ئەی خوایە پەنا بۆ تۆ دێنم لە زانستێک کە سوودی نییە. زانستی بێسوودیش زانستی سیحر و جادووە، هەروەها لایەنە نێگەتیڤەکانی عیلمی ئەتۆم و بابەتەکانیەتی. لەڕاستیشدا مرۆڤ لەو ڕۆژەوە بۆ خوا گەڕاوە بەدوای بەختەوەریدا گەڕاوە. بەختەوەریی مرۆڤ بەردەوام لە بەختەوەریی ڕۆحدایە و لە بەختەوەریی ڕۆحدا بووە و شارستانیەت و پێشکەوتنی دیاردە ماددییەکان بە درێژایی مێژوو نەیتوانیوە و ناشتوانێ مرۆڤ بەختەوەر بکات. لەبەر ئەوە مرۆڤ بەردەوام لە جیهانی ڕۆحدا بۆ بەختەوەریی خۆی گەڕاوە و مرۆڤانی سۆفی بەختەوەرییان چنگ کەوتووە. دەبینین بە درێژایی مێژوو شارستانییەت و پێشکەوتن لە گەلێ ناوچەدا بنەمای داکوتاوە، بەڵام ئەو پێشکەوتنە ماددییە بەختەوەریی بۆ مرۆڤ دابین نەکردووە. دەبینین لەم سەردەمەدا زانست زۆر پێشکەوتووە، بەڵام مرۆڤایەتی لە کوێرەڕێدایە.

زۆر کەس و بە زۆر جۆر بۆ بەختەوەری دەگەڕێن، بەڵام تەنیا ئەوانە بەختەوەرییان دۆزیوەتەوە کە سۆفین و لەزەتی دونیاییان خستۆتە لاوە. دەڵێ: جارێکیان ئەسکەندەری مەکدۆنی بە دیۆگینۆسی فەیلەسووف و سۆفی دەڵێ: چیت دەوێ بۆت جێبەجێ بکەم. دیۆگینۆس پێی دەڵێ: هیچم ناوێ، وە لا کەوە بەری هەتاوەکەم لێ مەگرە. ئەمەیە سۆفی. ئازادیی ڕۆحیی خۆی بە هەموو سامانی دونیا ناگۆڕێتەوە و، سەر بۆ پادشایانی زەوی نەوی ناکات. بەختەوەریی مرۆڤ بە شتی ماددی دابین ناکرێ. شتی ماددی شتێکە قابیلی نەمان و لەناوچوونە. بەختەوەریی ماددی یەکێک ڕەنگە لە بوونی پارەدا بێ،

بەڵام کە پارەکە نەما بەختەوەرییەکەی نامێنێ. بەختەوەریی ماددی جووتیارێک لە زەوییەکەیدایە، بەڵام ئەگەر خوانەخواستە باران نەباری ئەوە بەختەوەریی جووتیارەکە جوانەمەرگ دەبێ. بەڵام بەختەوەریی سۆفییان لەڕۆحدایە و ڕۆحێکی سۆفی کە دەگاتە پلەی خۆی ئیتر بەردەوام بەختەوەر دەبێ و هیچ هێزێک ناتوانێ ئەو بەختەوەرییەی لێ زەوت بکات. لەبەر ئەوە پێشکەوتنی شارستانیەتی ماددی نەیتوانیوە بەختەوەری بۆ مرۆڤ دابین بکات. مرۆڤ بە تاقیکردنەوە بەختەوەریی خۆی لە دوو توێی سۆفیگەریدا دۆزیوەتەوە و لەو ڕێگایەشدا گەلێ سۆفی، کە مێژووی مرۆڤایەتی شانازییان پێوە دەکات، گیانی خۆیان بە بەختەوەرییەوە کردووە بە قوربانی بەختەوەری مرۆڤایەتی. لەوانە: حوسێنی کوڕی مەنسووری ناسراو بە حەللاج و سوهرەوەردی کە شارەزاییی تەواوی لە زانستی سیمیادا هەبووە.

بۆ ئەم باسە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:


١- تاريخ التصوف الاسلامي، الدكتور عبدالرحمن بدوي.
٢- القيم الروحية في الشعر العربي، ثريا عبدالفتاح.
٣- جبران في اثاره الكاملة، روز غريب.
٤- اسطورة الحلاج، سامي خرطبيل.
٥- الثقافة الجديدة، العدد ٨، ١٩٩٢.
٦- ايها الولد، ئیمامی غەزالی.
٧- ڤيكتور هوغو بقلمه، هنري غيومان.
٨- نظرة عامة في العبادات، محمد باقر الصدر.
٩- المستطرف الجديد، هادي العلوي.
١٠- رابعة العدوية، محمد الشرقاوي.
١١- ڕۆحی مەولانا خالید، پیرەمێرد.
١٢- شطحات الصوفية، الدكتور عبدالرحمن بدوي.
١٣- ديوان الحلاج، الدكتور كامل مصطفى الشبيبي.
١٤- احمدي خاني، الدكتور عزالدين مصطفى رسول.
١٥- المنقذ من الضلال، ئیمامی غەزالی.
١٦- الشيخ عبدالقادر الگيلاني، يونس الشيخ ابراهيم السامرائي.
١٧- لمحات من سيرة واقوال الامام زين العابدين، جميل ابراهيم حبيب.
١٨- الشعر الصوفي، عدنان حسين العوادي.
١٩- الفلسفات الهندية، الدكتور علي زيعور.
٢٠- حافظ الشيرازي... شاعر العرفان والانسان.
٢٢- الفيوضات الربانية، عبدالقادر الگيلاني.
٢٣- ئەرشیفی تایبەتی خۆم.
٢٤- بیروڕای تایبەتی خۆم.

# خەیاڵ

چەند لە دڵ پاڕامەوە هێندە بە گژ مندا نەیە
خۆی دە تای بسکی نەبەستێ با نەڵێن دێوانەیە
هەرچی دیتم قەت نەبوو دەردێکی بۆ من پێ نەبێ
جا ئەگەر خاڵە و، ئەگەر بسکە و، ئەگەر لەرزانەیە
سروە هەر هات و نیزامی زوڵفەکانی تێک دەدا
سەیرە ئەو دنیایە سووچی سروە سوودی شانەیە
چۆن بە کۆڵێ دەردەوە داوێنی ساقی بەر دەدەم
من هەتا چۆڕێکی مەی لێ مابێ ئەو مەیخانەیە
من ئەڤینی تۆم لە دڵدا هەر دەمێنێ چون دەڵێن
هەرچی گەنجینەی بەنرخە هەر لەناو وێرانەیە
دڵ لە عەزرەت جووتێ بەی دەگری و وە دەستم ناکەوێ
چ بکەم ئاخر من لەگەڵ ئەو گڕنە منداڵانەیە
بشمرم تازە لە بیر ناچێتەوە چیرۆکی من
چونکە مێژووی من لەگەڵ ئەو بەندەن و کێوانەیە
نەک بە تاسەی سەیری خاڵی دڵ تەمای بێ بێتەدەر
پێی بڵێن خۆ بگرێ جارێ هەر خەیاڵە با نەیە
زەردەیێکم دیوە جاروبارێ دەگرێ دەوری ڕووی
ڕوون نییە بۆم هەر تروسکەی خشڵە یان خەرمانەیە
ئەو دەمەی ئەمن و خەیاڵ دەیکەینە شایی پێکەوە
گەر ئەتۆشم لێ دیار بی بەزمەکەم شاهانەیە
گەر لە جێیەک هەڵکەوت تووشی مەلی ئاوارە بووی
مەل نییە، بەستەی منە (هێدی) تەرەی هێلانەیە.

**هێدی**
**(خالیدی حیسامی)**

# ورێنه

من به خورپەی دڵ دەزانم هەستی پێی جانانە دێ
خۆشەویستی کاری خۆی کرد شەم لە دووی پەروانە دێ
سەیرە پێم من بۆ بە گۆشەی چاوی نەشئە دەمگرێ
حاڵەتی وا چۆن هەمیشە هەر لە دووی پەیمانە دێ
گەر پەرێشانم دەبینێ ساقی، نازی کەمترە
بۆیە بەینێکە وەباڵ بەستۆم ئەویش پیاوانە دێ
لێی گەڕێ توخوا شەماڵیش بۆنی کەزیەت هەڵمژێ
گرژ و تووڕە جاربەجارێ گەر لە داخی شانە دێ
چاوی مەستت بێ هەموو شت کێشە دەفرۆشێ بەڵام
ئاگری فیتنە لە گۆڕی ئەو کل و کلدانە دێ
من لە دەس مەستی پەنام بۆ خانەقا برد دەمدی شێخ،
ئاوەدان بێ، وردە وردە وا لەلای مەیخانە دێ
ماچی لێوت گەر بە نرخی گیانی شیرین دەس کەوێ
کەس نییە گیانی بوێ، فەرزانە دێ، دێوانە دێ
خاڵی پیرۆزەت خواپێداوە وا باش کەوتووە
هیچ بە خۆیدا نایە ئەمما هێندە لەو لێوانە دێ
باسی جوانیت گەر لە کۆڕێ بێتە گۆڕێ یەک بە یەک
گوارە دێ ڕازێکی دێنێ، بازنە دێ، پاوانە دێ
من دەزانم شیعری من وێنەی تەواوی تۆ نییە
مەشقی ئەگریجەت دەکەم من، ئەو وەکوو ڕێحانە دێ
(هێدی) لێم نەگری ورێنەی ئەورۆ مەرجی ئێمە بێ
دەرد ئەگەر دەردی ئەڤین بوو واژە هەر شێتانە دێ

# چوارین

وه لا نێ ئەو خەم و دەردانە تاوێ
ژیان دوو ڕۆژە توند و تیژیی ناوێ
دڵم ڕوون بۆوە ئەوڕۆکە بە ڕووی تۆ
منت بمرم لەبن چارشێوی ماوێ

ئەوەی سەیرە نە نارنجن نە لیمۆ
لەوانیش خڕترن جووتە مەمی تۆ
کە نرخی وان کەسیش نەیزانی چەندە
لە دەس منیان بنێ و ئیتر مەڵێ بۆ

لە بەختانم سەری کوێستانێ سەنگە
لەگەڵ من ئەو چیا سەختە بەجەنگە
گوڵان دەستیان لە دەس یەک ناوە ئەمما
لەناو واندا دڵی من بۆ تۆ تەنگە

لە دەرگای تۆ دەبێ ئەمنیش وەکوو شەم
سەرم دانێم و جێپێیە وە دەس خەم
ئەگەر سەیرانی خۆشە توانەوەی من
لە تۆ زەردە لە من فرمێسکی نەم نەم

وەرە سەیری کە، ساقی دێ بە مەستی
لەبەر مەستی شەراب دەڕژێ لە دەستی
کە هارووژان دڵ و دیدەت بە جارێ
گەلێک ئازای ئەگەر پێیان بوەستی

خوایە تۆ دڵی شادت بە کێ دا
چ بوو تۆ ئەو دڵەت دانا لەوێدا
کە شەو دادێ دەبێتە گۆمی خوێنێ
کە ڕۆژ بۆوە هەزار ئاواتی تێدا


# بەرەو دۆزینەوەی ئاسمانێکی تر و زەمینێکی تر

کات... ئەو هیوایەی کە مرۆڤ چێژی لێ وەردەگرێ تا بتوانێ بە سەربەستی و بڕواوە بژی.

گفتوگۆیەک لەگەڵ هونەرمەند وریا صەلاح ئەحمەد


**ئامادەکردنی: نزار الغریب**

ماوەیەک لەمەوبەر هونەرمەند وریا صەلاح ئەحمەد، بە بۆنەی کردنەوەی دەورەی جیهانیی کریکیتەوە، ساڵی ١٩٩٦، کارێکی هونەری و پەیکەرتاشیی گرنگی خۆی تەواو کرد. ئەو کارە هونەرییە، ئێستا بە بەشی سەرەوەی بەردەمی گەورەترین یاریگای کریکیتدا، لە شاری ئیسلامئابادی پاکستان هەڵواسراوە. بە بۆنەی ئەنجامدانی ئەو کارە و بۆ ناساندنی هونەرمەند ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵدا کرد.



پ. بەر لە هەر شتێک حەز دەکەم کەمێک لەبارەی ئەم کارە هونەرییەی بەم دواییە ئەنجامت داوە بدوێیت.

و. لە ڕێگای کارەکەمەوە کە مامۆستای هونەری پەیکەرتاشیم لە پەیمانگای "هنرکرد" لە شاری ئیسلامئاباد، داوام لێ کرا .کە چەند کلێشەیەکی سەرەتایی بۆ کارێکی هونەری سەبارەت بە یاریی کریکێت بکێشم و، پاش ماوەیەک، دوای ئەوەی دواکلێشەکانی کارەکەم لەسەر کاغەز ئامادە کرد، نموونەیەک لەو کارە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکە هەڵبژێردرا و، لەگەڵ گرۆیەکی هونەری دەستمان بە کار کرد، یەکێک لەوانەی لەو گرۆیەدا بەشدار بوون هونەرمەندی پاکستانی جەمال شاه بوو. پێوەری کارە هونەرییەکەش، لە شێوەی ئاسایی خۆیدا، بریتی بوو لە ٥٢ پێ بەرزی و ٢٠ پێ پانی، کە لە سێ تابلۆی لەقوڕدروستکراو پێک هاتبوو.



پ. چۆن مامڵەت لەگەڵ ئەم تاقیکردنەوە تازەیەدا کرد؟

و. لەڕاستیدا، پێشتر تاقیکردنەوەیەکی لەو جۆرەم نەبوو. ئەو کاتەش کە بۆ ئەنجامدانی کارەکە دانرابوو کورت و دیاریکراو بوو. کارەکە دەبوو لە ماوەی چوار مانگدا ئەنجام بدرێت، لەکاتێکدا ئەنجامدانی کارێکی لەو چەشنە ساڵێک و بگرە زیاتریشی پێویستە. لەبەر ئەوە ناچار بووم شەو و ڕۆژ کار بکەم و ئەو جێگایەش کە بۆ کارەکە ئامادە کرابوو، سەرنەگیراو و لە دەرەوە بوو، ئەمەش دەبوو بە هۆی ئەوەی ئەو قوڕەی بەکارم دەهێنا زوو وشک ببێتەوە و ڕەق ببێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە بە پەرۆشەوە و بە وردەکارییەکی زیاد لە پێویستەوە لەگەڵ کارەکەماندا خەریک بووین، دوو پارچە لە تابلۆیەکان وشک بوونەوە و کەوتنە خوارەوە کە هەر یەک لەو پارچانە پێنج ئەوەندەی قەبارەی لەشی مرۆڤێک دەبوون. لەبەر ئەوە ناچار بووین ڕێگایەکی تر بگرینە بەر ئەوەیش بە ئامادەکردنی قاڵب بۆ پارچەکان کە بریتی بوون لە ٣٦ پارچە و قەوارەی هەر پارچەیەکیش بریتی بوو لە مەترێک پانی و مەترونیوێک درێژی و کێشی هەر پارچەیەکیش ٣٠٠ کیلۆ بوو.

پ. چۆن چارەسەری بارستایی و قەوارە قاڵبەکانت کرد تا بتوانن خۆیان بگرن؟


و. تۆێکڵی گوێزم تێکەڵ بە گەچەکە کرد کە پڕە لە تاڵە لیفییەکان و ئەوەش یارمەتیی توندتربوونی مادە گیراوەکە ئەدات و بێ لەوەش لەناو قاڵبەکاندا چوارچێوەی جیاوازی لە ئاسن دروستکراوم بەکارهێنا.

پ. چ مادەیەکت بەکار هێنا بۆ ئەنجامدانی کارێکی ئاوا گەورە؟

و. مادەیەکی پلاستیکی هەیە کە زۆر زوو ڕەق دەبێت. مادەیەکی زۆر سووکە بۆ بونیادنانی کارێکی هونەری، پێی ئەوترێ فیبەرگلاس.

پ. کێشی کارە هونەرییەکە چەند بوو دوای بەکار هێنانی ئەو مادەیە؟

و. تەن و نیوێک. کارەکەش لە سێ قاڵبی پێکەوەبەستراو پێک هاتبوو و هەڵواسینیشی لە ڕێگای بەکارهێنانی مەکینەی بارهەڵگری گەورەوە ئەنجام درا.



پ. کارە هونەرییەکەتم بە دیواری پێشەوەی یاریگاکەوە بینیوە و کارێکی گەورەی هونەرییە، بە تایبەت لە ژیانی مرۆڤێکدا کە لە پاکستان پەنابەرە... پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا ئەو کارە هونەرییەت هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی ئاسایی تۆ، وەک پەنابەرێک، هەبوو؟

و. بێگومان. حکومەتی پاکستان لەدوای ئەنجامدانی ئەو کارە کاغەزێکی سوپاس و پێزانینی بۆ ناردم. زۆربەی هونەرمەندانی پاکستانیش کارەکەمیان پەسند کرد و هانیان دام بۆ بەردەوامبوون. بێ لەوەیش ڕێگام بۆ ئاسانتر و خۆشتر بوو تا دەست بە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی کار و پرۆژەی لەو جۆرە بکەم لە سەرانسەری پاکستاندا. لەگەڵ هونەرمەند جەمال شاهیشدا پێکەوە پرۆژەی چەند کارێکی هاوبەشمان هەیە بە هیوای ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین پێکەوە ئەنجامیان بدەین.

ماوەی نۆ ساڵە هونەرمەند وریا صەلاح ئەحمەد دەناسم، بەدەستهێنانی پێویستییەکانی ڕۆژانە، لە مەنفادا، ناچاری کردووە زۆر کاری جیاواز بکات، بۆ نموونە: چنینەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی لە کێڵگە دوورەکاندا بە کرێیەکی هەرزان، بێجگە لەوە کارکردن لە یەکێک لە چێشتخانە میللییەکاندا و کاری تری لەو چەشنە. بەکورتی، وەک هەر کرێکارێکی تر کە بەدوای بەدەستهێنانی بژێوی ڕۆژانەدا دەگەڕێت. با ئێستا پرسیارەکە بگۆڕین و لە ئاستێکی تردا بیکەن.

پ. دوای بەجێهێشتنی کوردستان، نزیکەی دە ساڵێک لەمەوبەر و، بەسەربردنی ژیان لە مەنفادا، چۆن لە کاری هونەری ئەنواڕیت؟

و. مەنفا چ لە باری شێوە و چ لە باری ناوەڕۆکەوە چەندان مەنفای تر لە ناخی مرۆڤدا ئەچێنێ، لەوانەیشە پچڕانی پێوەندی هونەرمەند بە دنیای هونەرەکەیەوە ببێت بە هۆی بەتاڵبوونەوەی هێز و توانای وەک هونەرمەندێک و لەو دنیایە دووری بخاتەوە، بەڵام پاش ماوەیەکی درێژخایەن لە ئازار و خۆخواردنەوە و شەونخوونی و خوێندنەوەی بەردەوام توانیم لەبارەی چارەنووسی بوونی خۆمەوە لە خۆم بپرسم... بەتایبەت کە حاڵەتی مەنفا و کاریگەرییەکانی ژیان لە مەنفا بەرۆکی زۆر لە هونەرمەند و ئەدیبانی دنیای گرتووە و هەر لە سۆنگەی هەستکردن بە هەمان مەترسی و دەرئەنجامەکانی ئەو مەترسییەدایە کە شاعیری گەورە هێمن لە ناڵەی جودایدا دەنگ بەرز ئەکاتەوە و جێپێی خۆی دیاری

دەکات، بە هەمان شێوەیش گۆگان، کە کارەکانی بە درێژایی‌ی مێژوو هەر بە نەمری ماونەتەوە!

پ. بەڵام هەندێک لە هونەرمەند و نووسەران لە مەنفادا ون بوون و دەنگیان نابیستریێ، پێت وانییە کە سەربەستی لە ئێمە و لەو کارانەش گەورەترە کە لە مەنفادا ئەنجامیان دەدەین؟

و. جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەو هونەرمەند یان ئەدیبەدا هەیە کە هۆشیارانە کار لەگەڵ ئازار و خەمەکانی خۆیدا ئەکات و، گرفتی ونبوون و سەرنەکەوتنی خۆی ئەکات بە پرسیارێکی سەرەکی بۆ ئەو هۆیانەی کە ناچاریان کردووە لە مەنفادا ژیان بەسەر بەرێت، لەگەڵ ئەو هونەرمەند یان ئەدیبەدا کە لە گێژەنی ونبوون و سەرنەکەوتندا دەخولێتەوە بەبێ ئەوەی کارێکی هونەریی وا پێشکەش بکات کە یارمەتی بدات لەو گێژەنە خۆی دەرباز بکات. هونەرمەندی یەکەم لە خولقاندنێکی بەردەوامدا خۆی ئەبینێتەوە و دووەمیش ئەمڕۆ بێت یان سبەی لەبەر چاو ون دەبێت و جێدەستێکی هونەری لەدوای خۆی بەجێ ناهێڵێ. من هەوڵم داوە و لە هەوڵدانیشدا بۆ دۆزینەوەی ئاسمانێکی تر و، زەمینێکی تر بەردەوامم، تا بتوانم لەو ڕێیەوە، هۆشیار و چاوکراوە، سەیری دنیا بکەم!

پ. بەڵام هەمیشە مەترسیی خۆخواردنەوە، مەترسیی تاسە و ئارەزوو و مەترسی هەست بە بۆشایی کردن لە ئارادایە؟

و. هەستکردن بە هەبوونی بۆشایی‌یەک دەرئەنجامی خۆخواردنەوەیە، ئەویش بۆ خۆی بێجووڵەیە لە دنیایەکەی دیاریکراودا. من وا دەبینم کە کات بۆ خۆی سەربەستییەکە کە هەبوونی مرۆڤ تاموچێژی لێ وەردەگرێت. گاستۆن باشلار دەڵێت: "ئەو هونەرمەندەی خۆی، هۆش و پێوەندییە هونەرییەکانی، تەنانەت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشی ئەخاتە ژێر چاودێرییەوە بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە دەنگی خۆی بە زیندوێتی بگەیەنێ، هونەرمەندێکە لە دەرەوەی کات، لە دەرەوەی سەربەستیدایە، هونەرمەندێکی مردووە!" من هەمیشە لە تاڵوسوێریی ژیاندا بووم و ئازارم چەشتووە، هۆشیاربوونیشم بەم ئازارە بەردەوامەیە کە هانم ئەدات بۆ زاڵبوون بەسەر هەست بە بوونی خۆ کردندا.

پ. ئایا تاقیکردنەوە بەس نییە بۆ پێکهێنانی کەسایەتیی هونەرمەند؟

و. لێرەدا جیاوازی لەنێوان تاقیکردنەوەی بەکارهێناندا هەیە کە جێی هیچ شتێک ناگرێ و تاقیکردنەوەیەکی دیش کە لەگەڵ کاتدا لە ململانێدایە بۆ ئەوەی دەرئەنجامێکی هۆشیارانە، نەک بە تەنیا بۆ هونەرمەند بەڵکە بۆ هەر کەسێکی تریش، بدات بە دەستەوە.

پ. دەستپێکردی کاری هونەریت دەگەڕێتەوە بۆ چ سەرەتایەک، ئایا پێشتر هیچ خۆئامادەکردنێکت هەبووە؟

و. سەرەتا: سەردەمی منالی بوو. منداڵی و هەستە بێگوناهەکانی منداڵ بۆ نزیککەوتنەوە لە واقیع و ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی دەوری منداڵییان دابوو و بێجگە لەوەیش تاموچێژوەرگرتن لە شتە جوانەکان کە ڕەنگە تا دواساتەکانی ژیانیش هەر بەهایەکی جوانکاری بە هونەرمەند ببەخشن. منداڵییش هێزێکی کاریگەرە لە مێشکدا و نە دەکرێت لەت لەت بکرێت و نەدەکرێت بکرێتە قوربانی بەرنامە و ڕاوبۆچوونێکی دیاریکراو... بەڵام کاری هونەری کارێکی منداڵانەیە لە ئاستێکی تردا: ئاستی بەعەقڵکردن. هەر بۆیە دەپرسم: ئایا کاتێک کە منداڵ بووین و نیگارمان لەسەر دیواری ماڵەکان، لەسەر ئەو هەڵمەی شووشەی پەنجەرەکانی دادەپۆشی و لەسەر قوڕ دەکرد و شێوەی جۆراوجۆرمان دروست دەکرد، ئەمە لە هەستێکی هونەری و سەلیقەوە نەشونمای دەکرد یان نا؟ زۆر حاڵەتی لەو چەشنەی سەردەمی منداڵیی خۆمم دێتەوە یاد... هەمیشە ڕێلێگرتنی خێزان، تەنانەت لە هەندێ کاتیشدا بە



شێوەیەکی ناپەسندانە، لە ئارادا بوو کە جێگای سەرسوورمان بوو کە چۆن کەسوکار و خێزان دەبوون بە ڕێگر لەبەردەم منداڵدا تا نەتوانێ بە شێوەیەکی سروشتی ژیانی ئاسایی و منداڵانەی خۆی بەسەر بەرێت، تا نەتوانێ کەسایەتییەکی سەربەست بۆ خۆی پێک بهێنێت.

پ. لەدواییدا چۆن بەردەوام بوویت؟

و. ساڵی ١٩٨١ وەک خوێندکارێکی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە سلێمانی لە بەشی پەیکەرتاشی، دەستم پێکرد. لێرەدا ئەمەوێت پڕ بە دڵ سوپاس و پێزانین و ڕێزی خۆم بۆ ئەو مامۆستا و رووناکبیرە کوردانە دووپات بکەمەوە کە لە ڕێگای دامەزراندنی پەیمانگای هونەرجوانەکانەوە ڕێگایان لەبەردەم من و چەندانی تردا ئاسانتر کرد تا بتوانین لەسەر خوێندنی هونەر بەردەوام بین. مرۆڤ زۆر تینووی زانیاری و ڕۆشنبیری بوو، لەکاتێکدا کە کوردستان ئەو کاتە ناوچەیەکی پشتگوێخراو و لەبیرکراو بوو لە سایەی ڕژێمی بەعسدا، ئەوەیش بە مەبەستی دابڕینی گەلی کورد لە شارستانییەت و سڕینەوەی ناسنامەی ڕۆشنبیری و کەسایەتیی کورد بوو، بەڵام لە ئارادابوونی هێزە نیشتمانییە دڵسۆزە کوردییەکان هەستی بەمە کردبوو و لە ڕێگای دامەزراندنی پەیمانگای هونەرەجوانەکان ڕێگایان لەبەردەمی من و چەندان کەسی تردا کردەوە تا لەسەر خوێندنی هونەر بەردەوام بین. هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی خوێندن و ناسینی هونەری نیگارکێشان و پەیکەرتاشییەوە زانیاری و لێکۆڵینەوە لە هۆ و کەرەسە هونەرییەکان دەستی پێکرد. لێرەدا دەبێت ئەوەیش بڵێم کە زۆر قەرزاربار ی هەوڵ و تەقەلای مامۆستایانی وەک: عەلی جۆلا، حیکمەت هندی، کوردۆ حەمەعەلی، کۆسرەت جەمال، بەختیار مستەفا، عەبدوڵڵا ڕەسوڵ و دارا حەمەسەعید و مامۆستایانی ترم کە دڵسۆزانە لە بەردەوامیدان بە کارە هونەرییەکانم پشتگیری و ڕێنوێنییان کردووم. هیوادارم ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانم چاکەی ئەو پشتگیری و بەدەنگەوەهاتنەیان بدەمەوە و کە نەک بەتەنیا من بەڵکە نەوەیەکی نوێ و لە زۆر بواری جۆراوجۆردا لەژێر کاریگەریی هونەری ئەواندا لەسەر کارە هونەرییەکانی خۆیان بەردەوام بوون. ئەو مامۆستایانە هەرگیز لە یاد ناکرێن و دڵسۆزی و بەدەنگەوەهاتنی ئەوان هەمیشە جێی پێزانین و سوپاس و ڕێزلێگرتنە لە لایەن هونەرمەندانەوە.



پ. ئایا چ لە کاتی خوێندنتدا لە پەیمانگا و چ دوای تەواوکردنی هیچ پێشانگایەکی هونەریت کردۆتەوە؟

و. ساڵی ١٩٨٦، بە یارمەتیی مامۆستا دارا حەمەسەعید، خەریکی خۆئامادەکردن بووم بۆ کردنەوەی یەکەم پێشانگا و هەموو شتێکی پێویستم بۆ ئامادە کردبوو، بەڵام بەداخەوە لە دواساتەکاندا خۆم لەسەر سنوورەکانی عێراق بینییەوە و ژیانی مەنفا ئەو تاکە هەلەشی بە فیڕۆ دام. تا لە کوردستان بووم خۆم لە هەموو دنیا دەبینییەوە و لە مەنفایش خۆم لەناو دنیادا دییەوە. ئەمجارەیان نەک تەنیا دەبوو بەرەو ڕووی خۆم ببمەوە، بەڵکە ناچار بووم بەوپەڕی توانا و هێزەوە بەرەو ڕووی دنیا ببمەوە. ئەمەش بۆ خۆی ئەزموونێکی گرنگە لە ژیانی هەر هونەرمەندێکدا و تا ڕادەیەکیش پێویستە... سارتەر دەڵێت: "هیچ شتێک بۆ مرۆڤ نەماوەتەوە تیایا بژی، تەنیا ڕۆشنبیرییەکەیەتی کە بۆشاییەکانی بۆ پڕ دەکاتەوە. تەنیا ڕۆشنبیرییشە کە تاکە سەرچاوەیە بۆ بەردەوامیدان بە ژیان."

پ. چ هۆکارێک سەرەتاکانی کارێکی هونەری پێک دێنن؟

و. دژایەتی و ناتەبایی ئەو هێزە پێک دێنن کە دەبن بە هۆی گۆڕانی شتەکانی دەوروبەرمان و بوونێکی دیاریکراویان پێ دەبەخشن. منیش بە خواستی خۆم و لە سۆنگەی تێڕامانی تایبەتی خۆمدا کار ناکەم، بەڵکە لەگەڵ هەر کارێکی هونەریدا، بە جۆرێکی سەربەخۆ و بەپێی خەسڵەتە هونەرییەکانی ئەو کارە خۆی مامڵە لەگەڵ

کەرەسەکاندا ئەکەم کە دواتر ئامادەیی خۆی لە شێوە و ناوەڕۆکێکی تایبەتدا پێشان ئەدات.

لە کۆتاییی ئەم چاوپێکەوتنەدا لە هونەرمەند وریا صلاح ئەحمەدم پرسی: دواوشەت بۆ کەسوکار، هاوڕێیان و خەڵکی چییە لە وڵات. خەمبارییەک ڕووخساری داگرت و پاش ماوەیەک بێدەنگی، وتی:

"بەردێکی گەورە، دوور لە خواستی خۆی و لە لایەن کەسانی ترەوە، خراوەتە سەر پشتی هەر ئینسانی کورد، کە لە بەردەکەی سیزیف دەچێت، لەبری ئەوەیش کە یارمەتی بدرێت تا ئەو بەردە لە کۆڵی ببێتەوە و تێک بشکێنرێت، هەڵوەستەیەکی سیاسی دەبینرێت، کە لە دوورەوە لەو ئینسانە دەنوارێت، کە لە پشتیەوە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر، داپڵۆسەر و بەزەبروزەنگ لە کاردایە، دەسەڵاتێک کە هیچ هەلێکی لەبەر ئەو گەلە بندەستەدا نەهێشتوتەوە تا بتوانێت ڕاوبۆچوونەکانی خۆی دەربڕێت و لەوەیش زیاتر ئینسانی کورد کە بە درێژاییی مێژوو دووچاری چەوسانەوە و بندەستی کراوە، بەو هیوایەوە کە هێزە سیاسییەکانی کورد کە پێشتر دوور لە مەیدانی سیاسی ڕۆژانە نوێنەرایەتیی ئەکرد لەوپەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی ڕاست بتوانێت نەختێک لە بروابەخۆبوونی بۆ بگێڕێتەوە، لەگەڵ ئەو هەموو کارەسات و ڕووداو و دەربەدەرییە بەردەوامانەی کە بەسەریدا هاتووە هیچ شتێک ڕووی نەداوە کە ئینسانی کورد لەو چارەنووسە نادیارەی چاوەڕێی ئەکات دوور بخاتەوە. لەگەڵ ئەو هەموو وێرانکارییانەشدا کە بەسەر خاکی کورددا هاتووە، ئینسانی کورد هەر بە گەورەیی ئەمێنێتەوە، چونکە ڕەگوڕیشەی قووڵتر لە ڕەگوڕیشەی هەر درەختێک بە خاکدا ڕۆچووە.

هەوڵ بدە پیاوکوژ و وێرانکەران لە بیر خۆت بەرەوە لەکاتێکدا خەریکی بیناکردنی ماڵێکیت بۆ منداڵی داهاتووە. هەوڵ بدە ئەبەدییەت لە بیر بکەیت، چونکە تا دنیا دنیایە ئەوەت بە بیرا دێتەوە کە دۆستان و برایانت چییان بەسەردا هێناویت. لەگەڵ مندا بیڵێرەوە کە کات لە نزیکمانەوەیە، لەپاڵ ئەو گۆڕەدا خۆی مەڵاس داوە کە هەموو هیوا و ئاواتەکانمانی تێدا دەبینینەوە.

"ئەی دیکتاتۆر چیت لە دەست دێت درێغی مەکە، دوای تێکشکانت ئەو گوڵانە دەچنمەوە کە لەسەر ئێسکەکانم ڕوواون و چەپکێکیان لێ دەخەمە سەر گۆڕەکەت."

---

**وریا صلاح ئەحمەد**

لە ساڵی ١٩٦٦دا لە سلێمانی لە دایک بووە.

ساڵی ١٩٨٦ پەیمانگای هونەرەجوانەکان، بەشی پەیکەرتاشیی تەواو کردووە لە سلێمانی.

ئەم پێشانگایانەی کردۆتەوە:

١- پیشانگای تایبەتی یەکەم، شاری کوێتە، پاکستان، ساڵی ١٩٩٢.

٢- پێشانگای تایبەتی دووەم، شاری ئیسلامئاباد، پاکستان، ساڵی ١٩٩٥.

٣- بەشداریکردن لە پێشانگای ئیسلامیی نێودەڵەوتی، شاری ئیسلامئاباد، پاکستان، ساڵی ١٩٩٤.

٤- بەشداریکردن لە پێشانگای پونجاب سکووڵ ئۆف ئارت، ساڵی ١٩٩٤.

---

# ئیسلامییەکان و کێشەی کورد

بەشی سێیەم

شێخ عومەر غەریب

لە ساڵی ١٩٨٧دا وتارێکم بە زمانی عەرەبی بۆ گۆڤاری ئاڵای ئیسلام نووسی بە ناوی "وجهة نظر اسلامية حول القضية الكردية". لە وتاری ناوبراودا لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە دواوم:

١. مانای کێشەی کورد و مانای کوردستان و جوگرافیاکەی.

٢. کورتەباسێکی مێژوویی لەمەڕ دابەشکردنی کوردستان، بۆ دووەمین جار، لە دوای جەنگی جیهانگیری یەکەم لەلایەن ئیمپریالیستی جیهانییەوە بەسەر تورکیا و ئێران و عیراق و سووریا و رووسیادا.

٣. باسکردنی سیاسەتی دڕندانە و فاشیستانەی داگیرکەرانی کوردستان دژ بە میللەتی کورد.

٤. کورتەباسێکی دوو بۆچوون؛ عیلمانی و ئیسلامی.

٥. هەڵوێستی ئیسلامییەکانی دراوسێ و دەوروبەری کوردستان و ئیسلامییەکانی کورد لەمەڕ کێشەی کورد.

٦. چۆنێتیی چارەسەرکردنی کێشەی کورد. لەوێدا روونم کردبۆوە کە دەکرێت لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە دوو ڕێگا بگیرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد؛ یەکەم: پێکهاتنی دەوڵەتێکی جیهانیی ئیسلامیی، کە کوردستان لە دوای ئازادبوون و ڕزگارکردنی لە داگیرکردن ببێتە ویلایەتێکی سەر بەو دەوڵەتە جیهانییە، وەک وڵاتانی میسر و عیراق و تورکیا و ئێران...هتد، واتە بەستنەوەیان بە ڕێژیمێکی کۆنفیدرالی یان فیدرالی. لەوەیە لەبەر نارێکی و ئیختیلافی گەلانی موسوڵمان و دواکەوتنیان، پێکهێنانی ڕێژیمێکی جیهانیی ئیسلامیی وەها مومکین نەبێت، لەم سەردەمە و لە پاشەڕۆژیشدا. کەواتە دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ بەدیهێنانی ڕێگە چارەکەی تر.

دووەم: پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئیسلامیی کوردی کە چارەیەکی سەرەکی و ڕەوایە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد. پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی چارەسەرێکی دادگەرانە و پڕمانایە بۆ کێشەی کورد، چارەیەکی شەرعی و ڕاست و ڕەوایە بۆ ڕزگاری و ئازادیی میللەتی کوردمان.(١) لە دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەمان کابرایەکی ئیسلامی عارەبی عیراق بە ناوی (ابو هیثم) هاواری لێ بەرز بووەوە و وتارێکی نووسی بۆ هەمان گۆڤار بە ناوی (رد علی وجهة نظر اسلامية لحل المسالة الكردية) و لە ژمارە حەوتی هەمان ساڵدا بڵاوکرایەوە.

بەڵێ، ئەم مامۆستا ئیسلامە ڕازی نییە بەوەی کە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت بەو دوو ڕێگەیەی باسمان کردن، بە بیانووی ئەوەی ئەم کارە گەلانی موسوڵمان پچڕپچڕ دەکات و بۆچوونەکانیشی نەتەوەیین. لە ڕستەیەکیدا دەڵێ "لەگەڵ نووسراوەکەی شێخدا نیم کە دەڵێت چارەسەری ئیسلامی سەربەخۆییی ئەم میللەتە و تەواو جیابوونەوەیەتی لە کیانی داهاتووی عیراق، ئەمە مانای دانانی کیانێکی جودایە لەسەر

بناغەیەکی نەتەوەیی ئەگەرچی ئیسلامییش بێت."(٢) ئیسلامییەکانی عیراقیش، هەر وەک ئیسلامییەکانی ئێران و تورکیا و سووریا و شوێنانی دیکە و وەک گشت بزوتنەوەکانی تر، کە سەر بە هەمان ئایدیۆلۆژین، نەک هەر بە هیچ شێوەیەک ڕازی نین، بەڵکە زۆر بە ئاشکرا دژی سەربەخۆیی و ئازادیی بەشە کۆلۆنیکراوەکەی باشووری کوردستانن، هەروەها ئەو بەشانەش کە کاتی خۆی بەزۆر لکێنراون بە وڵاتانی دەوربەرەوە، کە ئێمەی کورد بە خۆرهەڵات و باکوور و خۆراوا ناویان دەبەین.

سەیر ئەوەیە ئەو پرۆژەی چارەسەرکردنەی کە خستمانە ڕوو گەر بێت و سەد لە سەد ئیسلامڕۆ و دادگەرانە و مرۆڤانەش بێت دیسان هەر پەسەند نییە لایان، چونکە لەگەڵ بەرژەوەندە ئایینی و ئابووری و ڕامیاری و نەتەوەیی‌یەکانی ئەواندا ناگونجێت!. جا ئەوان بۆ پێشێلکردنی گشت مافە داگیرکراو و لێسەنراوەکانی کورد و بۆ دژایەتیی سەربەخۆیی‌یەکەی، پەنا بۆ ئیسلام ئەبەن و بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان شیی دەکەنەوە. چەشنە چارەسەرێکی ئیسلامیی واشمان پێ دەدەن کە بێجگە لە زیان و ڕەشبینی هیچی تری تێدا بە دی نەکرێت.

لە وتە و پرۆژە بەناو ئیسلامییەکەی مامۆستا ئەبوو هەیسەمدا وا دەردەکەوێ کە نەک هەر لای دابێت لە ڕێساکانی ئیسلام بەڵکە تەواو دژایەتیی ڕاستەوخۆشی هەبێت لەگەڵ مرۆڤایەتی و دادگەریشدا. ئەو تێڕوانینەی وای لێ کردووە کە تەنانەت قسەکانیشی لە وتارەکەیدا یەک نەگرنەوە. هۆی سەرەکیش ئەوەیە کە ئەوان بەڕاستی چاویان بەرایی نادات کورد خاوەن مافی خۆی بێت. دەیانەوێ بەم جۆرە پرۆژە و بۆچوونانە مافە زەوتکراوەکانی کورد ون بکەن و لە ناوی ببەن، تا کوردیش لە دواییدا بتوێتەوە و سیمای نەتەوەیی‌ی نەمێنێت.

لە برگەیەکی نووسینەکەیدا دەڵێت: "ئیسلام فێری کردووم کە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا میللەتان هەموویان لە بۆتەی ئیسلامدا بتوێنەوە، ئیسلامیش دژی ئەو قەوارەیەیە کە لەسەر بناخەی بیری نەتەوەیی پێک هێنرابێت."(٣)

دەبێ نووسەر خۆی لەو ئایەتە قورئانییە گێل کردبێت کە زۆر بەئاشکرا ئەم دیاردەیەی نمایان کردووە، بەوەی کە خەڵکی لە نێر و مێ خوڵقاندووە و کردوونی بە چەندین گەل و هۆز بۆ ئەوەی یەکتری بناسن: (یا ایها الناس انا خلقناکم من ذکر و انثی و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقاکم ٤٩/١٣).

هەروەها بۆ زیاتر وەبیرخستنەوەی مامۆستا ئەبوو هەیسەم ئایەتێکی قورئانیی تری بۆ دەخەمە ڕوو تا بزانێ کە ئیسلام نەک هەر میللەتانی بەو شێوەیە نمایان کردووە، بەڵکە لەوێدا جیاوازیی ڕەنگ و زمانیشیان باس کراوە و بە یەکێک لە نیشانەکانی شکۆ و مەزنیی خوای کردگار دانراوە: (ومن ایاته خلق السماوات و الارض و اختلاف السنتکم و الوانکم ان فی ذلک لایات للعالمین. ٣٠/٢٢) جا هەر وەکوو دیاریشە لە قورئاندا دەبێت خودای کردگار هەر بۆ خۆی نەیویستبێت گشت مرۆڤان بکاتە یەک ئۆمەت هەر وەک دەفەرموێت: (ولو شاء الله لجعلکم امة واحدة. ١٦/٩٣) هەر بۆ زیاتر وەبیرخستنەوە ئەوەتا چەندین کەس هەبوون لە یارانی موحەمەدی پەیامبەر (د. خ) کە هەر بە نەتەوە و وڵاتی خۆیان ناسرابوون، وەک سەلمانی فارسی، بیلالی حەبەشی، سوهەیبی ڕۆمی و گابانی کوردی و چەندین زانای دیکەی ئیسلامی کە لە گشت حەدیس و شەریعەت و تەفسیر و مێژووی ئیسلامیشدا ئەوانە هەر بە نەتەوە و نیشتمانەکەیانەوە ناسراون. جا ئەم بۆچوونەی مامۆستا ئەبوو هەیسەم کە گوایە ئیسلام فێری کردووە نەتەوەکان بتوێنەوە لە ناو بۆتەیەکی ئیسلامیدا، نەک هەر دوورە لە ناوەڕۆکی ئیسلامەوە بگرە هەوڵێکیشە بۆ شێواندنی نیشانە و فەرجووەکانی (معجزات) خودای مەزن. بەڕاستی قسەکانی ئەم کابرایە ئەوە دەگەیێنێ کە، زۆر بەداخەوە، یان لە ئیسلام حاڵی نەبووە (کە ئەمەش ڕێی تێ ناچێت، چونکە وەک بیستوومانە ئوستادی زانستگەیە و دەبێت هەمیشە ڕۆشنبیرانە و دووربینانە

و واقیعبینانە بڕوانێتە ژیان بە گشتی و ئەم جۆرە کێشانە بە تایبەتی) یان سەهەندی و دەمارگیرییەکی زۆر توندی هەیە و لەبەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی، ئیسلام بە چەواشە تەفسیر دەکات و بە ناو فەتوای شەرعیی ئیسلامیی بۆ دەردەکات بۆ لێدان و سەرکوتکردنی میللەتان و ئەمجا بەرەبەرە لەناوبردنیان، یا هیچ نەبێت لە کەسایەتی خستنیان بۆ ئەوەی نەتەوەکەی خۆی، کە عارەبە، بکاتە میر و سەردار و زاڵ و نموونەی دەستەڵات و ڕێبەر.

گەلی براینە ... مامۆستا ئەبوو هەیسەم گوایە بەناو پرۆژەیەکی ئیسلامیی هەیە لەمەڕ کێشەی کورد، جا با بزانین پرۆژەکەی چییە و چۆنە. ئەبوو هەیسەم دەنووسێت: "ئەگەر خوا کردی لە عیراق دەوڵەتێکی ئیسلامی دامەزرێنرا سیستەمی حوکمڕانی بە بەشداربوونی گشت نەتەوەکان تێیدا نێوەندی (مرکزی) دەبێت؛ هەر نەتەوەیەکیش مافی ئەوەی دەبێت کە حکوومەتێکی نێوخۆیی بۆ خۆی دابنێت کە لێپرسراو بێت لە کار بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی تایبەتن بە خۆیانەوە لە باری فێرکردن و فەرهەنگ و ئاسایش و کارگێڕی.. هتد. بەڵام سیاسەتی دەرەوە و بەرگری و پاراستنی ماڵ و موڵک، حکوومەتی مەرکەزی لێی بەرپرسیار دەبێت و گشت نەتەوەکانیش لەم لێپرسراوییەدا بەشدار دەبن. کوردەکان و نەتەوەکانی تریش مافی دامەزراندنی حکوومەتی نێوخۆیان دەبێت لەسەر خاکی خۆیان کە ناوچەی سنووری عیراق و ئێران دەگرێتەوە، ئەگەر خواستیان لەسەر بوو. ئەگەر تورکیا و سووریاش ڕزگار کران ئەوا هەمان مافی دامەزراندنی حکوومەتی نێوخۆیان دەبێت، لە سنووری ئەو دەوڵەتانەی تێیاندا دابەش کراون، بە هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزیدا هەمان مافیان بپارێزرێت وەک میللەتێکی کوردی موسوڵمان."(٤)

نووسەر، بە مەزەندەی خۆی، ئەم شتانەی بە شێوەیەکی زانستانە و خەمخۆرانە نووسیوە، لە کاتێکدا ئەگەر چاوێک بە بڕگەکانی تری نووسینەکەیدا بخشێنرێت، دەردەکەوێ کە بۆچوونەکانی هۆگری یەکتر نین و هاوپەیوەست نین. ئەوەتا لە پێشەوە لە ڕووی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا دەوەستێت، ئەگەر ئیسلامییش بێت. باشە ئێمە لێرەدا پرسیارێک ئاراستەی مامۆستای نووسەر دەکەین: پرۆژەکەی جەنابتان بە "ئەگەر" دەست پێ دەکات و دەڵێت: ئەگەر عیراق و تورکیا و سوریا ڕزگار کران.. هتد، ئایا نازانن کە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩وە ئاڵای شۆڕشەکەی بە کاڵایەکی ئیسلامی ڕازاندۆتەوە و کۆمارێکی ئیسلامیی دامەزراندووە و تا ئەمڕۆش بە ڕاست و چەپدا بە ناوی ئیسلامەوە حوکم دەکات؟ ئایا ئەم کۆمارە ئیسلامییە چ پرۆژەیەکی مرۆڤانە و دادگەرانەی بۆ مافی میللەتی کورد خستۆتە ڕوو؟ باشە ئەوە حەڤدە ساڵ نییە ئێران ئیسلامییە؟ خۆ بەناو ئازادیشە، ڕێژیمی ئیسلامیشی تێدا بەرقەرارە. با هەر لەم سەردەمە ئیسلامییەی ئێران بدوێین، نەک لەوی پێشتر، کە دڕندەیی لەم زیاتر نەبووبێت کەمتر نەبووە. ئایا چ خێروبێرێکی مرۆڤانەی تا ئێستا بۆ کورد هەڵڕشتووە؟ ئایا ئەو کۆمارە ئیسلامییەی کە لای ئەبوو هەیسەم پیرۆزە و زۆر بەرگریی لێ دەکات، دانێکی خێر دەنێ بە کێشەی کوردی موستەزعەف (مستضعف)دا؟ ئایا ڕێژیمی ئەو کۆمارە ئیسلامییەی ئێران هەر وەک ڕێژیمە عەلمانییەکانی تورکیا و سووریا و عیراق، بگرە خراپتریش لەوان، ڕەفتار لەگەڵ کێشەی کوردی ستەم لێکراودا ناکات؟

باشتر وا بوو مامۆستا ئەبوو هەیسەم باسی کێشەی ئێستامان بکات نەک داهاتوو، چونکە ئێستا ئەزموونێکی ئیسلامیی زۆر ئاشکرامان لە بەرچاودایە کە ئەویش ڕێژیمی ئێرانە. جا کە ئەم ڕێژیمە ئیسلامییە ڕەفتاری لەگەڵ کێشەی کورددا وەها بێت ئیتر دەبێت ئەو بزووتنەوە بە ناو ئیسلامییانەی تری عارەبی و تورکی و فارسی چ هەڵوێستێکی لەمە مرۆڤانەتریان لێ بوەشێتەوە. بەڕاستی ئەم بەیتەی عومەری خەییامی فەیلەسووف لە جێی خۆیدایە کە دەڵێت:

بۆم تێکە بە یادی کۆنە قەرزان مەیگێڕ
ئەم دەنگی دەهۆڵە تا لە دوور بێ چاکە
(هەژار وەریگێڕاوە)

نووسەری وتار کە پێ دەچێت خۆی بە خەمخۆر و پیر و چارەڕێژی کێشەی کورد دابنێت، دەشێ بێئاگا بێت لەوەی خەڵک باش دەزانن کام جۆرە پرۆژانە تەنیا بۆ گەشەپێدانی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیانە و بەس. نەخشەی چەواشەکردن و ماف ونکردن بۆ کێشەی ئێستا و داهاتووی کورد، لە داگیرکراوی و دیلی و ژێردەستەیی‌ی کورد و داگیرکەری و مەزنی و سەردەستیی ئەوان زیاترهیچی تری تێدا بە دی ناکرێت. ئەوانەی لەو چەشنە ئاوازە دەخوێنن دەڵێن نابێ میللەتی کورد هیچ هەوڵی خەبات و تێکۆشان بدات. پێویستە چاوەڕێ بکات و بە پێی فەرمانی ئەوان نەخشەی خەبات جێبەجێ بکات بۆ ڕزگارکردن و ئازادکردنی تورکیا و سووریا و عیراق تا لە خێر و بەرەکەتی ئیسلام نائومێد و بێبەش نەبێت. ئەگەر وا نەکات ئەوا زەرەر لە ئۆمەتی ئیسلام دەکەوێت لە کاتێکدا کە ئەم ئۆمەتە پێویستی بە یەکبوونە نەک جوداکردنەوە و دابەشبوون، هەر وەک دەڵێت: با هەوڵمان بۆ یەک دەوڵەت بێت نەک بۆ دابەشبوون، بۆ یەکگرتنەوە بێت نەک بۆ جودابوونەوە.(٥)

مێژووی کۆن و نوێ سەلماندوویەتی کە عارەب و تورک و فارس هەرکامێکیان بگرین لە هەموو ڕووپەکەوە کۆششیان کردووە کە ئیسلام بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان ڕاڤە بکەن و بە ناوی ئایین و مەزهەب گەلانی تر بە گشتی و کورد بە تایبەتی داگیر بکەن. خۆ ئەگەر کورد دەنگی بێدادی بەرز بکاتەوە و داوای کەسایەتیی خۆی و یەکسانیی ڕامیاری و مرۆڤایەتی و نەتەوەیی بکات ئەوا زەندیقە و موسوڵمان نییە. بە هەڵگەڕاو و گومڕێ و دژبەئیسلام و فەراهەمکەری پیلانەکانی ئیمپریالیزم و ئیستیکباری عالەمی دادەنرێت. ئیتر بێجگە لە دەیان و سەدان بوختانی نارەوای تر کە نامرۆڤانە و بێبەزەیی‌یانە دەخرێتە پاڵ کورد و کێشەکەی.

ئەوەی سەیر و سەرنجڕاکێشە گشت بزوتنەوە و پارتە ئیسلامییەکان و هەموو ئەوانەی کە خۆیان بە پێشکەوتنخواز و ئازادیخواز و زانستخواز دەزانن ئەڵێن ئێمە دژی ئیمپریالیزم و پیلانە شوومەکانیانین کە بوونەتە هۆی بەدبەختی و دواکەوتن و پچڕپچڕکردنی میللەتان و نیشتمانەکانیان، کەچی لە ئاستی کورددا دژی یەکێتی و یەکانگیرییەکەین، هەر وەک ئەبوو هەیسەم دەڵێت: ئیستیعمار دابەشبوونی بۆ ئێمە خواستووە. باشە ئێوە کە داوای یەکێتیی گەلان دەکەن و سەرفرازییان بۆ دەخوازن، سووریش دەزانن کە ئیستیعمار کوردستانی دابەش کردووە بۆچی بۆ ئێوە ڕەوا و حەڵاڵ بێت داوای یەکێتی و مافەکانی خۆتان بکەن بەڵام بۆ کورد تاوان و حەرام بێت؟

لە وەڵامێکدا بۆ ئەبوو هەیسەمم نووسی کەواتە بۆ ئێمە ڕازی بین بە خواستەکانی ئیستیعمار و پەسەندی بکەین؟ ئێمەی موسوڵمان بۆچی هەموو پێکەوە ڕەفزی خواستەکانی ئیستیعمار نەکەین لە دابەشکردنی کوردستاندا و بۆ داوای یەکگرتنەوەی پارچەکانی نەکەین بە شێوەیەکی وەها کە بەرەنگاریی ئیستیعمار و ڕەزای خوای گەورەی تێدا بێت؟ ئایا ئەوەی لە جیهاندا بەرگری لە دەستووری خودا و نیشانەکانی بکات و دەروونی بجۆشێت بۆ ماف و سامان و خاک و کەرامەتی بە جوداخواز دەدرێتە قەڵەم؟ دەبێت جوداقەواره، پەناگیر و نەتەوەپەرست و قەوارەنەتەوەیی‌ی بخرێتە پاڵ؟ ئایا ئەمانە ڕەوان لە ئیسلامدا؟ لە کاتێکدا قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: "باشترین کار کە مرۆڤ بیکات ئازادکردنی گەردنێکە، واتە ئازادکردنی مرۆڤێک لە دەست زوڵم و زۆر، چەوسانەوە و ستەمکاری، داگیرکردن و کۆیلایەتی.

جا با ئێمەش پێتان بێژین زاراوەی جوداخواز و جوداگەرێتی (انفصالی و انفصالیة) و هەر زاراوەیەکی تر کە هەمان مەبەست بگەیێنێت، بەسەر ئێمەی کورددا ناچەسپێت نە لە ڕووی شەرع و نە لە ڕووی ئاوەز و نە لە ڕووی ویژدانەوە. چونکە کوردستان هەر وەکوو خۆیشت دەڵێیت کراوە بە چەند پارچەیەک و دابەش

کراوە، گەلەکەی لە یەک دابڕاوە و بەزۆر تێکەڵ بە گەلانی تر کراوە. لەبەر ئەوە کوردستان بەشێکە لە گشت، نەک بەشێکە لە بەش. واتە بەشێکە لە نیشتمانی ئیسلام و کوردیش بەشێکە لەو ئوممەتی ئیسلامە. گەلی کوردی مافزەوتکراو هەرگیز خۆ بە گرێدانی خۆی بە بەش و پارچەی ترەوە پەسەند ناکات. زاراوەی جوداگەرییش ڕووبەڕووی ئەو خەڵکانە دەبێتەوە کە لە یەک گەل و نەتەوە کەوتبێتنەوە، بنەمای مێژوو و زمان و ڕۆشنبیری و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەرییان هاوبەش بێت. بۆ نموونە گەر خەڵکانی سەر بە پارێزگای ئەسکەندەرییە داوای سەربەخۆیی‌یان لە وڵاتی میسر کرد و ویستیان قەوارەیەکی سیاسی بۆ خۆیان لە بازنەی گەلی میسر بەدەر پێکەوە بنێن ئەوا ڕەوا و دروستە ناوی جوداخوازیان بەسەردا ببڕێت. بۆ خەڵکانی ئۆستانی ئەسفەهانی ئێرانیش هەمان زاراوەیان بەسەردا دەبڕێت لەبەر ئەوەی کە فارسن و لەیەک نەتەوە و خاکن. هەروەها خەڵکانی پارێزگای بەسرەی عیراق و ئەستەمبووڵی تورکیاش هەمان زاراوەیان دەخرێتە پاڵ و دەشێت پێیان بوترێت خەڵکانی جوداخواز. بەڵام بەرگی جوداگەری بکرێ بەبەر کورددا، کە مانای ونکردنی مافە ڕەواکانی و پێشێلکردنی خاکەکەی و هێشتنەوەی بە داگیرکراوی، ئەوا تاوانێکی زۆر گەورە و پڕ لە ساختەیە چونکە:

١. کوردستان بەشێک نییە لە عیراق و تورکیا سووریا و ئێران و ڕووسیا.

٢. کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە، نە عارەبە، نە تورکە و نە فارس. هەر بە هەمان چەشن نە عیراقی و نە سووریایی‌یە. نە لە هیچ نەتەوەیەکی تر و نیشتمانێکی ترەوە هاتوون.

٣. کوردستان یەکەیەکی نیشتمانی و جوگرافیی هەیە، هەر چوار پارچە داگیرکراوەکەی بە شێوەیەکی هەنداز (متناسق) لە یەک ئالێنراون بە بێ ئەوەی هیچ بەربەستێک هەبێ لە نێوانیاندا، جگە لە داگیرکەرانی عارەب و تورک و فارس نەبێت.

٤. هاوبەشی لە دین و مێژوو و نەتەوە و زمان و ئاکار ونەریت و ئازار و هیوا نیشتمانی کوردستانی پێک هێناوە.(٦)

لە بڕگەیەکی تری هەمان وەڵامدا بۆم نووسی: "ئایا بەربەرەکانیی تەحریف و دژایەتیی ئیستیعمار لە جیهاندا بە گوناه و جوداگەری دادەنرێت؟ ئایا گەلی کورد نەتەوەپەرست و نەژادپەرستە ئەگەر بەرگری لە خۆی بکات بۆ لابردنی جەور و ستەم لەسەر خاکی داگیرکراو و زەوتکراوی؟ ئایا ئەو گەلەی سەر دانەنەوێنێت بۆ زوڵم و داگیرکەر لە پێناوی ئابڕوو و سەرفرازیدا خەبات بکات و بیەوێت بە سەربەرزی و سەربەخۆیی لەسەر خاکی نیشتمانەکەی گوزەران بکات جوداخوازە؟

هەی ڕیسوا بێت ئەو لۆگیکە زاڵمە و کرمۆڵ بێت ئەو بیروبۆچوونە نامرۆڤییە پڕ لە ستەمە کە بە ئاشکرا سەرپێچی و لادانە لە ئیسلامەتی و مرۆڤایەتی. لە کاتێکدا ئیسلام زۆرداری و دەستدرێژیی بۆ سەر خەڵک و ماڵ و سامان و خاک و ئازادیی مرۆڤ بە گشتی بەتەواوی قەدەغە کردووە.(٧)

با بێینە سەر نموونەی هەندێ کەسانی تر کە دەنگی زوڵاڵیان هەیە لە بزوتنەوە و ڕێکخراوە ئیسلامییە ناوچەیی‌یەکانیاندا بزانین چۆن سەیری کورد و کێشەکەی دەکەن؟ چۆن تێڕوانینی خۆیان لە وتار و نووسراوەکانیاندا ئاشکرا دەکەن؟

* وتاری "ڕاگەیێندراوێک سەبارەت ڕووداوەکانی ئێستای باکووری عیراق" لە نووسینی محەمەد حامید ئەبوولنەصر، ڕێبەری گشتیی پێشووی (اخوان المسلمین).

* گێروگرفتی تورک ـ کورد لە نووسینی مصطفی الطحان ـ یەکێکە لە نووسەرانی (اخوان المسلمین).

* التوظیف الامریکی للمشکلة الکردیة، نووسینی فاروق جاسم.

* اکراد ترکیا: الرقم الجدید فی معادلات المنطقة ـ نووسینی عبداللە عبدالرحمن.

* گیروگرفتی کوردی - نووسینی مێژوونووسی بەناوبانگی ئیسلام و عارەب محمود شاکر.

* پیلانی خۆراوا بۆ دابەشکردنی عیراق - نووسینی ابو بلال الجزائری.

* ئەو وتارانەی لە گۆڤاری ئیسلامیی (قضایا دولیة)دا بلاوکراونەتەوە: "عیراق و پیلانی خۆراوا بۆ دابەشکردنی، عیراق لە نێوان پێنج هێڵی پانیدا، عیراق و سیناریۆی بێدیسپلینی.

ئەمانە و دەیان و بگرە سەدان نووسینی تر کە ناوڕۆک و پەراوێزەکانیان پڕن لە هەڵوێستی نائیسلامانە و نامرۆڤانە، لێراسانی زاڵمانە و بێویژدانانە لە رووی کورد و کوردستاندا. ئەو مامۆستا مەحموود شاکرە کە بەناو مێژوونووسێکی ناسراوی عارەبە و پتر لە سی کتێبی نووسیوە لەسەر دەوڵەتان و میللەتانی موسوڵمانی ئاسیا و ئەفریقا و گەلێک شوێنی تر، گوایە هەموو وزە و توانای خۆی بۆ بەرگری کردن لە ماف و ئازادیی و سەربەخۆیی ئەو دەوڵەت و میللەتانە تەرخان کردووە. بۆ نموونە درێژە باسێکی نووسیوە بە ناوی "مزگەوتی ئاخون لە ئەڵمانیا" بەڵام زۆر پێی ئەرک بووە و بە درێغی زانیوە کە کورتەباسێکی سەربەخۆ لەسەر میللەتی کوردی ستەمدیتوو بنووسێت کە زیاتر لە سی ملیۆنە و چەوساوەترین میللەتە لە جیهانی ئەمرۆدا. جا بۆ ئەوەی بڵێن بەڕاستی شوێن و میللەت نەماوە ئەم مێژوونووسە پەی پێ نەبردبێت و باسی نەکردبێت ، هاتووە هەر پەراوێزئاسا لە چەند دێڕێکی خواروخێچ و کرچوکاڵدا باسی کوردی کردووە. بەڵام چۆن؟ بەڕاستی ئەوەی بە ویژدان لێی ورد بێتەوە و بیخوێنێتەوە دەڵێ کاشکی ئەو شەکرە مێژووییەی نەشکاندایە، چونکە وای باس دەکات هەر دەڵێی تازە لە سەردەمی پێکهێنانی گەل و هۆزداین کە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هەزار ساڵ لەمەوبەر و مامۆستای مێژوونووس لەم سەردەمەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا تازە بە خێری خۆی کوردی دۆزیوەتەوە و دەیەوێت زانستانە و ئیسلامانە لەسەری بدوێت و بڵێت: "گیروگرفتی کورد: کوردەکان چەند خێڵێکی چیایین لە هەندێک لە ناوچەکانی باکووری ئێران و عیراق و خۆرهەڵاتی تورکیادا دەژین، هەروەها هەندێکیشیان لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا و قەفقاسی ژێر دەستەڵاتی ڕووسیا و لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستانی سۆڤێتدا. ئەم خێڵانە گشتیان موسوڵمانن و زۆربەیان شوانکارەن. هاوینان لە چیاکان و زستانان لە دۆڵەکاندا دەژین بە دوای لەوەڕدا. بە زمانێکی تایبەت بە خۆیشیان دەپەیڤن ".(٨)

هەر بە دوایدا ساڵی ١٩٩٥ باسێکم نووسی لەبارەی هەڵوێست و بۆچوونەکانی مێژوونووس مەحموود شاکرەوە، بەناوی هەڵسەنگاندنی هەندێ کێشە و هەڵوێستی ئایدیۆلۆگی و ڕامیاری لە ڕوانگەی پارتی ئیسلامیی کوردستانەوە، تێیدا نووسیبووم: "سەیرمان لێ هات کە مێژوونووسێکی وەک ئوستاد مەحموود شاکر خۆی خستۆتە نێو کۆمەڵە هەڵەیەکی مێژوویی و زانستییەوە لەسەر ڕابردوو و ئێستای گەلی کورد و نیشتمانەکەی. کوردەکان لە دیدی ئەوەوە چەند خێڵێکی چیایین نەک میللەت یان ئۆمەت، لە کاتێکدا کە وەک گشت نەتەوە و میللەتانی جیهان هەموو مەرج و بنەما و تایبەتمەندییەکانیان تێدا بە دی دەکرێن. سەرەڕای ئەو هەموو تایبەتمەندییانەش کە هەمیشە لە بەرچاون، بۆ جارێکیش باسی ئەوەی نەکردووە کە میللەتێکی جودان، خاوەن مێژوویەکی دێرین و کولتوور و زمان و ژیارن، نیشتمانێکی گەورەی پرسامانیان هەیە نەخشێنراوە بە زنجیرە چیایەکی گەردنکەش و گرد و بێشەڵان و ئاسەواری مێژوویی و ژیاری، بە کانە نەوت و مەعدەن و ئاو. بانە تەختانییەکان کە لەبارن بۆ چاندنی چەندین جۆرە کشت (زرع)ێک، هەروەها خاوەنی ڕووبەرێکی بەرینی پڕ لە دارستانی خۆڕسک و دەیان هەزار گوند و گەورەدێ و شاری گەورە و بچووک.

بەڵێ، کابرای بەناو مێژوونووس هەروا سووک و ئاسان دەڵێت: "چەند خێڵێکی چیایی و زۆربەیان شوانکارەن"، ئاوها مێژووی گەلێک دەنووسرێت هەی ئوستاد مەحموود شاکری مێژوونووس، لە کاتێکدا گوایە

شارەزا و لێزانیت لە هونەری مێژوو و زانستەکانیدا؟ گەلی کورد لە دیدی ئوستادی مێژوونووسماندا خێڵێکی چیایین و خاوەنی هیچ شارستانێتی و ژیار و کەلەپوور و مێژوویەکی دێرین نین، تەنیا ئەوە نەبێت کە زۆربەی هەرە زۆریان شوانکارەن. هیچ کار و مەبەستێکیان نییە ئەوە نەبێ لە بەهاراندا خۆیان بگەیێننە چیاکان و لە زستانیشدا بەرەو دۆڵەکان شۆڕ ببنەوە و زمانێکی تایبەتی خۆیشیان هەیە. ئیتر بەبێ ئەوەی خۆی بدات لە چەشن و شێوەی ئەو زمانە تایبەتە، یا هەر بە وشەیەکیش ئاماژە بۆ ڕێزمان و شێوە زارەکان و هونەرەکان و پێکهاتەی وشەکانی بکات. ئەو هۆز و تیرە و گوند و شارانەی کە شێوەی کۆمەڵایەتیی کوردی ئێستا و ڕابردووی پێک هێناوە بە هەمان شێوە ئێستا و ڕابردووی گەلی عارەبی پێکهێناوە، نموونەیش بۆ ناوی ئەو هۆز و تیرە عارەبانە: الجبور، الشمر، الدلیم، المطیر، العنزة، الشرابی کە بە وڵاتەکانی عارەبدا بڵاوبوونەتەوە، بە هەموویان بناخەی باری کۆمەڵایەتییان دامەزراندووە. لەبەر ئەوە ناشێت بوترێت کە عارەب چەند خێڵێکی دەشتەکین و لە چۆڵ و بیابانەکاندا دەژین. خۆ ئەگەر تا ڕادەیەرکیش ئەو پێناسەیە ڕاست بێت ئەوا لە ڕووی کۆمەڵناسی (علم الاجتماع) و ڕامیارزانی و ئەنترۆپۆلۆگیی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی نەتەوە و گەلانەوە پێویستی بە پێناسەیەکی فراوانتر دەبێت. واتە دەشێت بوترێت کە خێڵەکانی گەلی میسر بۆ نموونە دەشتەکین و بیابانین بەڵام بە هیچ شێوەیەک دروست نییە گەلی میسر داماڵرێت لەو ڕەوشت و تایبەتمەندییانەی کە وەک میللەت هەیەتی. دەبێت بۆ گەلانی تری جیهانیش هەمان لێکدانەوە و بۆچوون هەبێت. بەڵام ئوستاد مەحموود شاکر کە مێژوونووسە و پێزانە لەو کێشە و کاروبارانەدا بە ناحەق کوردی ڕێزپەڕ (استثناء) کردووە لەو بنەمایە و تەواو لە هەموو بنەما و تایبەتمەندییەکی میللی دایماڵیوە. تەنیا دایناون بە چەند خێڵێکی چیایی و بەس، بیر و خەیاڵیان بە لای هیچدا ناڕوات تەنیا شوانی و کۆچکردنی گەرمیان و کوێستان نەبێت. لە کاتێکدا کە وەک مێژوونووسێک باش دەزانێت کە وشەی گەل وەک زاراوە زۆر گشتگرترە لە هۆز و خێڵ چ لە ڕووی مانا و چ لە ڕووی پێناسەوە، چونکە زۆر ئاشکرایە کە گەل، کۆمەڵە خێڵێکە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێکی خستوون، ئەندامانی ئەو یەکەیە بە هۆی چەند پەیوەستێکی تایبەت هۆگری یەکتر بوون و پێوەندییانی بەهێز کردووە وەک دین، ژیار، مێژوو، زمان، زەوی، ئاکار و نەریت و چارەنووسی هاوبەش. هەر لەبەر ئەوەیشە کە قورئان "گەل"ی پێش خێڵ خستووە.

نووسەری کتێبی (ایران) کە لە برگەیەکیدا باسی کورد دەکات، دەڵێت: "ئەمڕۆ ژمارەی کوردەکان پێنج ملیۆن و نیو دەبێت."(١٠) لە کاتێکدا کە زۆر ڕوون و ئاشکرایە ئەم سەرژمێرە زۆر کۆنە و دەشێت مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی جەنگی جیهانگیری یەکەم، بگرە پێشتریش. سەیر ئەوەیە لەگەڵ ئەو ئامارە ناڕەوایەشدا، هەر بە گومانە بۆیە دەڵێت "نزیکەی" و "ئەمڕۆ". کاشکی بمنزانیبا لە چ سەرچاوەیەکی زانستیی باوەڕپێکراوەوە ئەم ژمارەیەی وەرگرتووە تا ئێمەش بمانزانیبا کە ئەو ئامارە کەی و چۆن و ئەنجام دراوە؟ ئەو ئامارە ڕەمەکییەی مامۆستای ناوبراو لە چاپی چوارەمی ساڵی ١٩٨٦ی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات کە لەوانەیە ساڵی ١٩٨٠ چاپی یەکەمی بە ئەنجام درابێت. ئەگەر ئەو ئامارەی کە ئەو باسی دەکات بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠ (نزیکەی ٢٥ ساڵ لەمەوبەر) و بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو ئامارانەی کاتی خۆی توێژەرەوانی زلەداگیرکەرانی کوردستان کردوویانە پاش پارچەرکردنیش، ئەو جیاوازییە زۆر بە تەواوی دەبینرێت هەر وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا:

* شەش ملیۆن و دووسەدهەزار کەس لە بەشە کوردستانی بندەستی تورکیا.

* پێنج ملیۆن و چوارسەدهەزار لە بەشە کوردستانی بندەستی ئێران.

* سێ ملیۆن و نیو لە بەشە کوردستانی بندەستی عیراق.

* یەک ملیۆن لە کوردستانی بندەستی سووریا.

* نۆسەدوپەنجا هەزار کەس لە کوردستانی سوور جاران؛ ئەو بەشەی کەوتۆتە بندەستی ئەرمەنستان و ئازەربایجان.

دەبێت ئەوەشمان لە یاد بێت کە داگیرکەرانی کوردستان هیچ زەمانێک ئامادەی ئەوە نەبوون سەرژمێرێکی سەرانسەری لە کوردستاندا بکرێت. هەمیشە لە نەخشەیاندا بووە کە کورد هەر بە کەمی و بچووکی تەماشا بکرێت. لەبەر ئەوە ئاسایی بووە کە ڕێ نەدرێت سەرژمێرێکی ئازاد بە شێوەیەکی زانستی و جیهانی بکرێت. زانای ڕووس ڤاسیلی نیکیتین دەڵێت: "ژمارەی کوردەکان کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک نیشتەجێن پتر لە نۆ ملیۆن کەسە." (ی. و. فاریزۆڤ: تمهید لکتاب باسیلی نیکیتین، الاکراد، موسکو ١٩٥٤، ص: ٥). هەروەها سەرژمێری ساڵی ١٩٧٠ لە یەکێتیی سۆڤیێتدا دەربارەی کوردەکانی کوردستانی سوور دەڵێت: "ژمارەی ئەو کوردانەی ناونووس کراون هەشتاونۆهەزار کەسن." (بروانە: بلدان العالم، مختصر دليل الاقتصاد السياسي. اصدار الادب السياسي، موسكو ١٩٧٠، ص: ٣٤). لە دۆکتۆرنامەکەی عادیل حەسەن حوسنیشدا بەناوی "المسالة الاحصائية للسكان فى كردستان العراق، جامعة موسكو ١٩٧٢" باسی سەرژمێری گەلی کورد دەکات لە دوای شەستەکانەوە، دەڵێت: "کۆی دانیشتووان لە سەرانسەری کوردستاندا لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩دا گەیشتە هەژدە ملیۆن کورد، کە بەم شێوەیە دابەش کراون:

* تورکیا: هەشت ملیۆن و دووسەدوپەنجا هەزار کەس.

* ئێران: شەش ملیۆن و چوارسەد هەزار.

* عیراق: دووملیۆن و شەشسەد هەزار.

* سووریا: چوارسەدوپەنجا هەزار."

بەڵام ئێستا بەگوێرەی خەملاندن و بۆچوونی زۆر لەو توێژەرانەی بایەخ بە کێشەی کورد دەدەن ژمارەکە دەگەیێننە نزیک چل ملیۆن کورد لە ڕووبەرێکی شەشسەد هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەدا. بیست ملیۆن لە باکووری کوردستان کە فراوانترین ڕووبەرە، دوانزدە ملیۆن لە خۆرهەڵاتی کوردستان، پێنج ملیۆن لە باشووری کوردستان، دوو ملیۆن لە خۆراوای کوردستان، ملیۆن و نیوێک لە کوردستانی سوور. جگە لە کورد میللەتانی تریش هەن وەک تورکمان و عەرەب و ئاشووری لەگەڵ کورددا لەسەر خاکی کوردستان دەژین.

مامۆستا مەحموود شاکر دوایی دێتە سەر باسی جەنگی جیهانگیری دووەم و داگیرکردنی باکووری ئێران لەلایەن ڕووسەکانەوە و سەرهەڵدانی کورد لە بەشی خۆرهەڵاتی کوردستاندا و دەڵێ: " ئەمجا کوردەکان حکوومەتێکی کوردییان لە مەهاباد ئیعلان کرد کە لە ڕاستیدا لەژێر سایەی سۆڤیێتدا بوو. ئەگەرچی کۆمونیست نەبوو بەڵام پابەندی مۆسکۆ بوو."(١٢)

لە وەڵامدا نووسیم: "کۆماری کوردیی خۆرهەڵاتی کوردستان کە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری مەهاباد دامەزرا، بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەمەدی بەهەشتی بوو کە زانایەکی ئایینی و قازییەکی هێژا بوو، بە پشتیوانی و هاوکاریی زانایان و شەرعناسانی ئیسلامی کورد ئەو کۆمارە ساوایە دامەزرا. تەنانەت بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێکی قورئان پێکهاتنی دەوڵەتەکە ڕاگەیێندرا. قازیی بەهەشتی تا ڕۆژی لەسێدارەدرانی ساڵی ١٩٤٧ هەر بە بەرگی مەلایەتییەوە بوو، زانایەکی ناسراو بوو بە زۆر لە خواترسی و هۆگر بە ئیسلام و تەعالیمەکانی. لەبەر ئەوە دەبووایە چاک بیزانیبایە کە ئەو کۆمارە هیچ پابەندێکی بە مۆسکۆوە نەبوو، بەڵکە پێوەندیی دۆستایەتی لە نێوانیاندا هەبوو. پابەندی و شەیدایی شتێکە و دۆستایەتی شتێکی تر.

وشەی (ولاء) زاراوەیەکی تایبەتە بە ئیسلام و بە مانای خۆشەویستییەکی زۆر بە دڵ و گیان دێت، لە ئاستی شەیدایی و عەشقدایە، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە ڕێباز و بیروباوەڕەوە. پێچەوانەی ئەم وشەیەش (براءة)یە کە بە مانای تەبەڕراکردن و بێزاری،

دووركەوتنەوە و نەفرین كردن دێت. جا بەڕاستی عەقڵێكی دادنەخواز و بێویژدانانەیە وای لەم كابرایە كردووە وشەی (ولاء) دەرحەق بە كورد بە كار بێنێت لە نووسینەكەیدا. دڵنیاین لەوەش هەر بە مەبەستی سووككردن و ناشیرینكردنی ناو و سیمای كورد لە جیهانی ئیسلامدا بە كاری هێناوە. مامۆستای مێژوونووسمان درێژە بە ئاخاوتنەكەی دەدات و باسی ئەو كۆمارە ساوایە و ئەو سەردەمە سەختە دەكات كە بەسەر كورددا هات. زۆر دوور لە زانست و ویژدان و ڕاستی دەڵێت كە حكومەتی رووسیا هەڵدەستا بە چاپكردنی ئەو بڵاوكراوە و ڕاگەیاندنانەی كە پڕ بوون لە بیری ڕەگەزپەرستی. هانی دەدان كە شۆڕش بكەن، هەر وەك دەڵێت: "بە تایبەتی ئەگەر سەرنج بدەین بۆمان دەردەكەوێت كە بزوتنەوەی كۆمونیستان لەگەڵیاندا بوون بۆ جوداخوازی." هەروەها "كوردەكان لە ساڵی ١٣٧٠ی كۆچیدا هەستان بە شۆڕش بە پشتیوانیی شیووعییەكان." (سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٢٤).

بەڕاستی زۆر بە پەرۆش و بە ئاواتیشەوەین كە بەڵگەنامەیەك، ئارشیڤێك یان دۆكیومێنتێكی ڕەسمی و سەلمێنراومان پێشان بدات كە دەوڵەتێكی شیووعی یان بزوتنەوەیەكی شیووعی پشتیوانیی سەربەخۆیی كوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردیی كردبێت. حەز دەكەین ئەوە باش بزانێت كە لە مێژووی سیاسیی كورددا هیچ كاتێك كۆمونیستەكان نەبوون كە شۆڕش و بزووتنەوەیان بەرپا كردووە. هەر كەسێك مێژووی ڕاپەڕین و شۆڕشەكانی كوردی خوێندبێتەوە و لێكۆڵینەوەی لەسەر كردبێت، بۆی دەركەوتووە كە ڕێبەرەكانی ئەو شۆڕشانە زانا و قازی و موسوڵمانی دیندار بوون و ناسراو بوون بە دڵسۆزییان بۆ دین و باوەڕ و میللەت ونیشتمان، وەك شێخ مەحموودی حەفید و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و ژەنەراڵ ئیحسان نووری و شێخ سەلیم ئەفەندیی خێزانی و چەندی تر. لە لایەكی ترەوە حەز دەكەین بیرمان بخاتەوە چ شۆڕشێكی كوردی لە ساڵی ١٣٧٠ی كۆچیدا هەڵگیرسا و سەركردەكەی كێ بوو؟ چ پارتێكی شیووعیی عیراقی و ئێران و سووری و توركیی لە پشت بوو؟ هەر بۆ زانین حەز دەكەین بە مامۆستای مێژوونوسمان بڵێین كە ساڵی ١٣٧٠ی كۆچی بەرانبەر بە ١٩٥٠ی زایینییە و هیچ بزوتنەوە و شۆڕشێكی كوردی لەو ساڵەدا لە كوردستان ڕووی نەداوە. وێڕای ئەوەش ئەو پارتییە شیووعییانەی كە لەو وڵاتانەی كوردستانیان بە پارچەكراوی بندەست كردووە بە یەكێتیی سۆڤییێتیشەوە، هیچ كاتێك و تا ئێستاش لەگەڵ یەكبوونەوەی پارچەكانی كوردستان و یەكێتیی كوردان نەبوون و نەیانویستووە لەبابەت دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردەوە بدوێن. دەوڵەتانی خۆراواش هەر بە هەمان شێوە سەیری مەسەلەی كوردیان كردووە.

لێرەدا ئێمە پرسیار لە ئوستاد مەحموود شاكر دەكەین: "بە شەرەفت، مێژوونووسێك ئاوا لەسەر گەلێكی ستەملێكراو دەنووسێت، گەلێك كە گەورەترین خزمەتی زانستی و سوپایی و سیاسیی بە ئیسلام و موسوڵمانان كردبێت؟ پاداشتی خزمەتیان لە كەسانی وەك تۆوە دەبێت دژایەتی و ناووناتۆرە لێ نانیان و پێداهەڵدانی داگیركردن و كاولكردن و بە كۆمەڵ كوشتنیان بێت؟ ئایا هەر بە هەمان شێوە سووكایەتی لەسەر گەلانی تر و وڵاتەكانیانت نووسیوە؟ مێژوویەكی تایبەتیت دەربارەی ئێران نووسیوە، باسی جوگرافیا و ڕابوردوو و ژمارەی دانیشتووان و ئابووری و كێشە و گرفتەكانیانت كردووە، دەبوو بە هەمان شێوە باسی كوردیش بكەیت. نازانین بۆچی لە ئاست مێژووی پڕ لە خزمەت و خوێناویی كورددا چاوتان هەڵنایەت؟ بۆ هەر دەبێت بە گیانی خۆگێلكردن و دوور لە ڕاستییەوە باسی كوردستان بكەیت؟"(١٥)

وا دیارە ئەم نووسەرە ئاگاداری جیهانی ئیسلامی نییە و زانستانە دەستی نەداوەتە مێژوو و لێكۆڵینەوەی مێژوویی، یان هەر بە ئانقەست دەیەوێت دەست و قەڵەمی بە ناشیرین كردنی كورد و سووكایەتی كردن بە بنەما نەتەوەیییەكانی كورد برازێنێتەوە و لەژێر پەردەی

ئیسلامدا دەمارگیری و خۆبەزلزانیی عارەب بەهێز بکات.

لە کتێبێکی تری ئەم مێژوونووسەدا بەناوی "جیهانی ئیسلام - ناوچەی عارەب - وڵاتی شام و عیراق" دەڵێت: "زۆربەی زۆری دانیشتووانی وڵاتانی عەرەبی عەرەبن. هەندێک کەمایەتیی تر هەن کە بوونەتە بار بەسەر شانیانەوە و گرنگترینیشیان کوردە. بەند و باوی جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی ئەمانە دەچنەوە سەر چ ڕەچەڵەکێک، ئەمە بەلای ئێمەوە ئەوەندە گرنگ نییە. بەڵام هەر ئەوەندە دەزانرێت ئەو ناوچانەی تێیدا گیرساونەتەوە و ئێستا تێیاندا دەژین خۆرهەڵاتی تورکیا، باکووری ئێران، باکووری خۆرهەڵاتی عیراق و هەندێک ناوچەی باکووری سووریایە. ژمارەی دانیشتووانیان دەگاتە دوو ملیۆن کەسێک."(١٦)

بزووتنەوە ئیسلامییەکان و ئەوانی تریش (ژمارەیەکی زۆر کەمیان نەبێت) بە شێوەیەکی زۆر نادروست و دوور لە زانست و ویژدان تەماشای کێشەی کورد دەکەن و کورد بە کەمایەتییەکی نەتەوەیی و بێنیشتمان و بێمێژوو و بێفەرهەنگ دادەنێن. لە نووسینەکانیشیاندا ئەوە دەردەبڕن کە گوایە کورد بارێکی گران و ئەرکێکی قورسە لەسەر دڵیان. نەک هەر بێبەشی دەکەن لە مافەکانی ژیان بەڵکە گوناهباریشی دەکەن بە ڕەگەزپەرست و فیتنەچی، هەر وەک مێژوونووسمان دەڵێت: "ساڵی ١٩٥٨ ڕێژیمی پاشایی بە کوودەتایەک کرا بە ڕێژیمی کۆماری. بانگەوازی نەتەوەیی بەرز بووەوە و ڕەگەزەکانی تری غەیرە عەرەب بەو بانگەوازە کەوتنە خۆ وەک کاردانەوەیەکی ئەو بانگەوازە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی عیراق ڕووبەڕووی گیروگرفتێکی وەها ببێت کە تا ئەمڕۆش پێیەوە دەتلێتەوە. لایەنە ناسیۆنالیستەکان کەوتنە گیانی یەکتری و ژیانی خەڵکەکەش کەوتە مەترسییەوە."(١٧) شێوە و ڕەفتاری مەحموود شاکری بەناو مێژوونووس و ئەوانەی وەک ئەو، نەک هەر نازانستانە و نابابەتین، بەڵکە بێلایەنیشی تێدا بە دی ناکرێ. ئەوانە بۆ مەبەستی لەناوبردن و سەرنگومکردنی مافەکانی کورد پشت بە هەموو شتێکی ناڕەوا دەبەستن، بە چاوی گومان و بە کەم زانینەوە سەیری کورد دەکەن، هەروەک دۆکتۆر فاییز ساڵح ئەبوو جابر دەڵێت: "بە شەو و ڕۆژێک و بە قودرەتی قادر شۆڕشی کوردەکان لە باکووری عیراق هەڵگیرسا. گومانیش لەوەدا نییە کە موخابەراتی ئەمریکایی و مۆسادی ئیسرائیلی و ساواکی ئێرانیی لە پشت بوون."(١٨)

ئەم کابرایە کە بە ڕواڵەت دۆکتۆرای هەیە لە زانستی سیاسیدا و لەوانەیە خۆی بە ڕۆشنبیر و فرەزانیش لە قەڵەم بدات، بەڵام لە ئاستی کێشەی کورددا بە مەبەستێکی گومان لێکراو بێشەرمانە دەڵێت "بە شەووڕۆژێک و بە قودرەتی قادر شۆڕشی کوردەکان لە باکووری عیراق هەڵگیرسا..." ئەمە تەنیا بۆ ئەوەیە کە وێنەی کوردی پێ ناشیرین بکات و با زانست و هەق و ویژدانیش پێشێل بکرێت. ئەگەرنا خۆی و هاوەڵە بیرچەوتەکانی چاک دەزانن کە نزیکەی پێنج سەدە دەبێت نەتەوەی کورد خەباتی خوێناوی لە پێناوی ئازادی و یەکسانی و مرۆڤایەتیدا دەکات. هەر کەسیش هەڵسوکەوتی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کورددا بووبێت بۆی دەردەکەوێت کە ئەم میللەتە خۆڕاگرە نوێنەری حەقە و کێشەکەی ڕەوا و مرۆڤانەیە.

لە برگەیەکی تری نووسینەکەیدا دەڵێت: "حکوومەتی شا بە هاوکاریی ئیسرائیل و موخابەراتی ئەمریکایی کەوتە پشتگیری کردن و چەک دان بە کوردە یاخییەکانی عیراق بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی. بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ شەڕ درێژەی کێشا. شا و هاوپەیمانەکانی توانییان دەوڵەتی عیراق لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە ماندوو بکەن. ئەمە بەشێک بوو لە ستراتیژیی گەمارۆدانی عارەب."(١٩)

ئەمانە نموونە بوون لە ڕەوشتی بزوتنەوە ئیسلامی و عەلمانییەکانی ناوچەکە بە مەبەستی بەرەوپێش بردنی بەرژەوەندییە میللییەکانی عارەب و خۆ بە زل زانینی نیشتمانپەرستانی عارەب. دەشێت لەو مەسەلەیەدا تا ڕادەیەک گلەییان لێ نەکرێت، بەڵام نابێت و هەرگیز

ڕەواش نییە ئەو چەشنە کردەوانەیان لەسەر شانی کورد و نیشتمانەکەی بێت، چونکە ئەوە دەبێتە ئیمپریالیستی و ڕەگەزپەرستی.

لە کۆتاییدا دەڵێم زۆر پێویستە و بەڵکە فەرزیشە گشت زانا و ڕۆشنبیرە ئیسلامییەکانی کورد لە هەموو پارچە داگیرکراوەکانی کوردستاندا بە خۆیاندا بچنەوە و بتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ تەماشای ئایینی ئیسلام بکەن، بیرێکی لۆگیکانەی وای لێوە هەڵێنجێنن کە زیان بە کورد و مەسەلەکەی نەگەیێنێ. گەوهەری ئیسلام بخەنە ڕوو و بیسەلمێنن چۆن ئیسلام ئەو مافەی بە گەل داوە کە لە نیشتمانی خۆیدا بۆی هەیە داکۆکی لە مافی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسیی خۆی بکات. با ڕاستەوخۆ بچنە ناخی ئیسلامەوە و بە کوردی بناسێنن، نەک لە ڕێی عارەب و تورک و فارسەوە ئیسلام بە کورد بناسێنرێ کە هەمیشە بە شێوەیەکی پاکەتکراو ئیسلامەتییان بۆ کورد ڕەوانە کردووە و بە بەردەوامیش ڕەوانەی دەکەن. بێجگە لە زیان و ماڵوێرانی و دەربەدەری و ڕەشبکوژی و بە کۆمەڵ زیندە بەچاڵکردن هیچ تروسکایی‌یەکی تری تێدا بە دی ناکرێت.

پەراوێز:

١. گۆڤاری ئالای ئیسلام، ژمارە: ٦، ساڵی: ١، ١٩٨٧. (گۆڤاری ناوبراو جاران لە کەنەدا دەردەچوو، ئێستا لە مالیزیا دەردەچێ بە سەرپەرشتیی "یەکگرتووی قوتابیان و لاوانی کوردستان).

٢. هەمان سەرچاوە، ژمارە: ٧، ساڵی: ١، ١٩٨٧.

٣. هەمان سەرچاوە و ژمارە و ساڵ.

٤. هەمان سەرچاوە و ژمارە و ساڵ.

٥. هەمان سەرچاوە و ژمارە و ساڵ.

٦. وتارێکی خۆمە بەناوی "رد الرد فی اثبات شرعیة وجهة نظرنا لحل القضیة الکردیة"، ل: ٩.

٧. سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٥.

٨. کتێبی "ایران" نووسینی محمود شاکر، چاپی چوارەم، ساڵی ١٩٨٦، لبنان، بیروت، ل: ١٢٢.

٩. لێکۆڵینەوەیەک بەناوی "هەڵسەنگاندنی هەندێ کێشە و هەڵوێستی ئایدیۆلۆگی و سیاسی، ل: ٦-٧، ساڵی ١٩٩٥، نووسینی خۆم.

١٠. کتێبی ئێران؛ مەحموود شاکر، ل: ١٢٢.

١١. پەراوێزی ژمارە: ٩، ل: ٨-٩.

١٢. کتێبی ئێران؛ مەحموود شاکر، ل: ١٢٣.

١٣. سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٢٤.

١٤. هەمان سەرچاوە.

١٥. پەراوێزی ژمارە: ٩، ل: ٩-١٠.

١٦. کتێبی "ناوچەی عەرەبی، ولاتی شام و عیراق" نووسینی مەحموود شاکر، چاپی دووەم، ساڵی ١٩٨٨، لبنان، بەیرووت، ل: ٨٤.

١٧. سەرچاوەی پێشوو، ل: ٣٣١.

١٨. کتێبی "التاریخ السیاسی الحدیث و العلاقات الدولیة المعاصرة"، نووسینی دۆکتۆر فاییز ساڵح ئەبوو جابر، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٨٩، اردن، عمان، ل: ٣٤٦.

١٩. سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٤١.

# خریت ئاختەربێرخ

١٩٠٥-١٩٦٢

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئیقباڵ خودامورادپوور**



**سەرهەڵگرتن**

لەو شەوەدا
دڵ گەمییەک بوو،
بەسەر هەموو بەسەرهاتا
بەسەر ئاو ـ وێنەی دەریادا
قەمچیی زریان لەسەر سەری
مانگ و نەزاری هەڵگرت و
بایەوانی لێ هەڵکرد و
کەپۆی قنجی سنگی لێلایی دادڕی و
سەوڵ بە شان
بە تەنیشتی دوایین باژێردا تێپەڕی.

**ڕۆیشتن**

پشتی لە من
ڕووەو دارتەلەکە ڕۆیشت و
بەجێی هێشتم.
هەتا سەر پێم ڕاکشابوو
تەنکە نەمامی سێبەری،
بۆ دوایین جار
وا دەیەویست ماڵئاواییم لێ بکات و
بەجێم بێڵێ،

به خۆشەویستترین دیارییەک کە پێی بەخشیم:
ــ نسێی سەری ــ
ئەمجا نەما و
بۆ خۆی بە تیشکەکەدا ون بوو.

**لەدایکبوونەوە**

ئەوانەی وا ئەوینەرێیان بە پێخاوسی هەتاکوو سەر بڕی
لە پێکردنی نوێیاندا
لە تەنگەتاو و مەرگ و نووتەکاییدا
بەرەو ڕووی کازێوەیەکی نوێ دەبنەوە.
باژێڕ بە باژێڕ دەچن و
گۆرانییەکی نوێ دەچڕن
کە لە تیشکەخەرمانەیەک ئاخناوە.
سۆزێک کە لە ناخی دەروونەوە هەڵدێ
لە گوێ زەمینەوە بۆ سەرزەمینێکی دیکەیان دەبا.
بۆیەکا هەردەم
بەبێ ڕاڕایی و دەنگلەرزین
بە ئاواتر دەچریکێنن!

**پەیوەندیی سێ لایەن**

چ پەیوەندییەکی سێگۆشەیی شیرینە
ئەوەی نێوان تۆ و مەرگ و من،
بۆ گەیشتن بەم ئاسوودەیی‌یە
ئەوین هیچی نەداینە پاڵ.
ئێستاکە هەموو گرێک دامرکاوەتەوە
بەسەر نەرمە بوولدا دەپەڕینەوە و
بیر لەوە دەکەینەوە:
ئاخۆ دەبوو چی ڕووی بدایە
بۆ ئەوەی هەر یەکەمان ڕازی بایە؟

**لێدان** *

ئەوەتا دڵ
تەپڵی دوایین لێدانی خۆی لێ دا:
ساڵەکان
بانگی لەشکرەکانیان کردەوە و
هاوینەکان
ئاڵا بە ئاڵا و بەیاخ بە بەیاخ
لە پێشاوپێشەوە دەڕۆن.

**لە دوورەوە**

لە ئەستوونی باڵی چەپدا
لەسەر شانی خۆرئاوای ڕۆژ
وێنە وێنە شەختە و بەفریان لەسەر شان
لە دڵیاندا بەستەڵەک و سەهۆڵبەندان
بەڕیز دەچن
پیاوانی بەساڵاچووی ڕدێنسپیی زستانەکان.

لە پشت شاخەکانەوە
ـ لە پاشەکەوت ـ
ئێشکگریان نۆمایەکی ساوای بەهار
ڕیزیان بەستوون زێڕینە ئەسپانی خەزان.

ئەمجا ئەوا
بە چرپەهینەیەکی سۆزەئاسای نەرمەوە
لەژێر ئاسمانی هەناسەسواری ڕۆژدا
لە چەک بەتاڵ
مەستی خەیاڵ
بە نەرمەغار
بەرەو ڕەشماڵی تۆ دەڕوا
جوانووی بەهار.

## کەوڵکردن

بەسەر ئاستی ئەم وڵاتەدا
گەڕاڵێکی تەنیام.
بەڵام ئەم وڵاتە بێ پایانە و
ئەوا خۆم بە ژوورەکەی تۆدا دەکەم.
ئای لەو کۆنە برینەی ئازاری دەداین
ئەتوایت لێرەدا بە سارێژی هەستی
یان هێشتا چاتر هەڵیقرچێنیت؟

ئەم شیعرانە لە Grrit Achterberg, Verzamelde Gedichten, Querídos-Amsterdam وەرگیراون.



خریت ئاختربێرخ لە دواساڵەکانی ژیانیدا

شیعرەکانی ئاختربێرخ تا ئێستا وەرگێڕدراونەتە سەر چەندین زمانی ئەوروپایی و لاتین ئەمریکایی و تەنانەت عەرەبیش و چەندین خەڵاتی سەرانسەری و شارەوانییەکانی هۆڵەندای وەرگرتووە. ئاختربێرخ لە ١٩٠٥دا لە دایک بووە و لە ١٩٦٣دا کۆچی دوایی کردووە.

# پایەی ژنان لە سیستەمی دێمۆکراسیدا

## مافی دەنگدان

## ١٩١٩-١٩٩٤

## ژنانی سوێد ئاوا دەسەڵاتی سیاسییان بەدەست هێنا

**مەهاباد قەرەداغی**

ساڵی ١٩٩٤ یادی حەفتاو پێنجەمین ساڵی وەرگرتنی مافی دەنگدان و وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی ئافرەتانی سوێد بوو. سەعات سفری ئەم ڕووداوە مێژوویی یە لە ٢٤ ی مایس ساڵی ١٩١٩دا بوو ، کە پەرلەمانی سوێدی بڕیاری ئەوەی دا کە ژنانیش مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان هەبێ لە نوێنەرایەتیی پەرلەماندا. لەم یادەدا پەرلەمانی سوێدی کتێبێکی بەچاپ گەیاندووە و بڵاوکردۆتەوە ، کتێبەکە لە لایەن ئەم ئافرەتانەوە نوسراون:

لینا ڤانگنەرود Lena Wangnerud، باربروو بیۆرکهێم Barbro Björkhem، کریستینا بێریکڤیست Christina Bergqvist، لویزا گێردەمـــو هۆلمگرێن Louisa Gerdemo Holmgren

کتێبەکە ٧٢ لاپەڕەی قەوارە A4 ـە و دەیان بابەتی سەرنجڕاکێشی تێدایە دەربارەی ئەزموونی تەمەندرێژی ژنانی سوێد لە کاروباری سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا. هەروەها دەربارەی پەرەسەندنی ئەو ئەزموونە لە سفرەوە تا ٧٥ ساڵ و چۆنێتیی سوودوەرگرتنی ژنانی سوێد لەو مافەی خۆیان و گەشەدانیان بە ڕەوتی خەباتی خۆیان لە پێناوی یەکسانی و زۆر مافی تریش کە هێدی هێدی بەدەستیان هێناوە.

کتێبەکە چەندان وێنەی کەسایەتییە دیارەکانی ئەم ڕەوتە (چ ژن و چ پیاو)ی تێدایە، چەندان وێنەی کاریکاتێری و سکێچ و لە کۆتاییشدا چەند خشتەیەکی تێدایە سەبارەت بە ئەژماری ڕێژەی ژنان لەچاو پیاواندا لە ماوەی ٧٥ ساڵدا لە پەرلەمانی سوێدی و لە ناو حیزبەکانی سوێددا.

لە پێشەکیی کتێبەکەدا خاتوو ئینگەیێرد تروێدسۆن Ingegerd Troedssom کە لەو ساڵەدا سەرۆکی پەرلەمانی سوێد بوو لە چەند دێڕێکدا ڕوونی دەکاتەوە کە دوای ٣٥ ساڵی ڕاوێژ پەرلەمانی سوێدی لە ١٩١٩ دا بڕیاری مۆڵەتی دەنگدانی گشتی و یەکسانیی دەنگدانی دا بە ژن. بۆ یەکەم جار ژنان مافی دەنگدانیان وەرگرت و بۆشیان لوا کە خۆیان ببنە ئەندامی پەرلەمان. هەروەها دەڵێ: مێژووی خەبات لەپێناوی وەدەستهێنانی مافی دەنگدان زۆر شتی تیایە کە ئەمرۆش لێیەوە فێردەبین ، دیمۆکراسی لە ساڵی ١٩١٩ دا لە ئەنجامی خەباتی مرۆڤدا سەرکەوتنێکی تری بردەوە . بەڵام دیمۆکراسی هەمیشە نەیبردۆتەوە، بۆیە دەبێ لە لایەن ئێمەوە کە ئێستا دەژێین و نەوەکانی داهاتووەوە ئەم سەرکەوتنە بپارێزرێ.

دەربارەی دیموکراسی ، زۆر بە ڕوونی لەم کتێبەدا ڕاڤەکراوە، مافی دەنگدانیش وەک فۆرمێکی مێژووی نوێ باس کراوە.

سوێد هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بە شێوازی

پەرلەمانتاری بەڕێوە چووە و دەسەڵاتی سیاسیی لەو فۆرمە دیمۆکراتییەدا چەسپاندووە، بەڵام مافی دەنگدان لە سیاسەتی سوێددا شێوەیەکی تەواو نوێیە، لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەستیان بەوە کرد کە نوێنەران لە هەڵبژاردنی هەرێمەکاندا دیاری بکرێن، لە سەرەتادا چەند گرۆپێکی بچووکی کۆمەڵگە مافی ئەوەیان هەبوو بەشداریی هەڵبژاردن بکەن.

پێش ساڵی ١٨٦٦ پەرلەمانی سوێدی تەنها لە چوار توێژی کۆمەڵگە پێکهاتبوو (بەگزادەکان، قەشەکان، بۆرژواکان و جووتیارەکان)، لە توێژی بەگزادەکاندا، لە هەر بنەماڵەیەکدا سەرگەورەی ئەو بنەماڵەیە بەشدار دەبوو، لە توێژی قەشەکانیشدا قەشە گەورەکان و نوێنەری قەشەکان بەشدار دەبوو، نوێنەری بۆرژواکانیش سەرۆکە هەڵبژێردراوەکانی شارەکان و ڕاوێژکارانیان بوون کە دەنگیان بۆ دەدان، لە توێژی جووتیارەکانیشدا هەر ناوچەو جوتیارێکی بۆ بەشداریی دەنگدان دەنارد.

دوای ساڵی ١٨٥٠ بۆرژواکان و قەشەکان ڕێژەیەکیان بۆ خەڵکی سوێد دانا، بەڵام ئەو ڕێژەیە تەنیا مافی نیوەی کورسییەکانی پەرلەمانیان هەبوو. لە ساڵی ١٨٦٦ دا لە سوێد پەرلەمانێکی دووخانەیی پێکهێنرا.. لە یەکەمیاندا پێشترێتی بۆ ساماندار و ڕۆشنبیران بوو. پاڵێوراوانی ئەم خانەیە دەبووایە لە پیاوانی ساماندار بن، کە تەمەنیان ٣٥ ساڵی پڕکردبێتەوە و ماوەی دە ساڵ پێش ئەو هەڵبژاردنە باجیان بە دەوڵەت دابێ، تا باجی زیاتری بە دەوڵەت دابێ دەنگی زیاتری دەبوو ، لە ساڵی ١٨٦٩ دا ئەو کەسانە تا ١٠٠ دەنگیان هەبوو، ساڵی ١٨٧١، ١٠٪ی دێهاتنشینەکانی سوێد لە هەڵبژاردنی کۆمۆنەکاندا مافی دەنگدانیان هەبوو، هی شارەکانیش ١٨٪.

خانەی دووەمی پەرلەمان ڕاستەوخۆ لە لایەن دەنگدەرەکانەوە دەستنیشان دەکران، بۆ ئەوەی مافی ئەوەت هەبێ دەنگ بدەی دەبوایە، پیاو بیت، تەمەنت گەیشتبێتە ٢١ ساڵان، بۆ خۆ پاڵاوتنیش، دەبوایە پیاو بیت و تەمەنت گەیشتبێتە ٢٥ ساڵان ، لە خانەی دووەمدا هەر نوێنەرێک تەنیا یەک دەنگی هەبوو.

ساڵی ١٨٧٢، ٢٢٪ی پیاوانی سەرووی ٢١ ساڵی مافی دەنگدانیان هەبوو، تێکرا دەیکردە ٢٣٦١٢٠ کەس. لە هەڵبژاردنی هەمان ساڵدا ١٩٪ی ئەوانەی شیاوی دەنگدان بوون مافی دەنگدانیان وەرگرت. واتە پێش ئەوکاتە تەنها نزیکەی ٢٪ ی پیاوانی سوێدی مافی دەنگدانیان هەبوو.

لە خانەی یەکەمی پەرلەماندا لە نێوان ساڵانی ١٩٠٧-١٩٠٩دا مافی هەڵبژاردنی گشتی بیراز کرا، ئەوانەی کە سێ ساڵ بوو باجیان دەدا بە دەوڵەت و کۆمۆنەکان مافی دەنگدانیان وەرگرت، تەمەنی یاسایی دەنگدان بۆ پەرلەمان سەرخرا بۆ ٢٤ ساڵ، و بۆ کۆمۆنەکان هێنرا یەسەر ٢١ ساڵ.

شتی گرنگ لە ڕیفۆرمی دواتردا، مافی دەنگدان کرا بە مافێکی گشتی؛ ژن و پیاو، ساماندار و بێسامان مافی ئەوەیان هەبوو دەنگ بدەن و خۆ بپاڵێون. تەمەنی یاساییی دەنگدەر ساڵی ١٩٢١ کرا بە ٢٣ ساڵ. کەسانی شیاو بۆ پاڵاوتن لە شانەی دووەمی پەرلەماندا هەموو ئەوانە بوون کە مافی دەنگدانیان هەبوو.. بەڵام لە خانەی یەکەمدا تەمەنی پاڵێوراو دەبووایە ٣٥ ساڵ بێت، هەروەها پەیوەندی هەبوو بە جۆری سامانەکەیەوە.

ساڵی ١٩٧١ شێوازی دووخانەیی لە پەرلەمانی سوێدیدا کۆتاییی پێ هات و پەرلەمان بوو بە یەک خانە، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە تەمەنی یاسایی بۆ هەردوو مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن کرا بە ١٨ ساڵ و تا ئێستاش ئەو یاسایە چەسپاوە. ئەمڕۆ تەنیا هاووڵاتی بوون و تەمەنی یاسایی ئەو مافە بۆ هەر تاکێکی سوێدی دیاری دەکەن.

گەورەترین گۆڕان لەو ڕیفۆرمەدا ئەوە بوو کە ژنان مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان وەرگرت، بەو شێوەیە ژمارەی دەنگدەرەکان بوو بە دوو ئەوەندەی جاران. ساڵی ١٩٢٠، ١,٢ ملیۆن مافی دەنگدانیان هەبوو، ساڵی ١٩٢١ ئەم ژمارەیە گەیشتە ٣,٢ ملیۆن کەس. هەرچەندە ژنانی خانەی یەکەمی پەرلەمان ناڕاستەوخۆ هەر لە ساڵی ١٨٦٦وە مافی دەنگدانیان هەبوو، بێوەژنەکان

بۆیان هەبوو لە ڕێکخراو و ئەنجومەنەکاندا بەشدار بن.

## ٣٥ ساڵ ڕاوێژ بۆ مافی دەنگدان:

لە ڕاستیدا مێژووی وەدەستهێنانی مافی دەنگدانی ژن دەکرێ بگەڕێنرێتەوە بۆ ساڵی ١٨٨٤، کە ئەوسا سوێد وڵاتێکی دیمۆکراتی نەبوو، لەو یەکەمین پێشنیازەوەی کە چەندەها گفتوگۆی توندوتیژی لێ بووەوە و ٣٥ ساڵی خایاند تا پێشنیازەکە کرا بە بڕیارێکی چەسپاو. ئەو کاتەی کە پەرلەمانی سوێد بریتی بوو لە تەنها ئەندامانی پیاو، لە ناو پیاوانیشدا ئەو گرۆیەی کە داهاتیان زۆر بوو، باجیان بە دەوڵەت دەدا. لەو ساڵەدا بوو کە بۆ یەکەم جار ئەو ئەندامانەی کە پێشنیازی مافی دەنگدانیان بۆ ژن کرد، چوونە سەر مینبەر و سەبارەت بەم مافە باس و گفتوگۆیان کردەوە.

ئەوسا خانەی یەکەمی پەرلەمان دژ بەوە بوو گرۆ جیاجیاکانی کۆمەڵ مافی دەنگدانیان بدرێتێ . فرێدریک بۆری، (Fredrik Borg) کە خۆی ئەندامێکی پەرلەمان بووە لە خانەی دووەمدا دەڵێ ئەم دژایەتییە هۆی ئەوە بوو کە پەرلەمانتێرەکان دەترسان بەشێکی دەسەڵاتەکەیان لەدەست بدەن و ئەو گرۆیانە وەربیگرن کە بە بڕوای ئەوان گرۆکانی تر لە بواری سیاسەتدا ئەو توانستەی ئەوانیان نەبوو.

فرێدریک بۆری پێشنیازی ئەوەی کرد کە گرۆیەکی بچووکی ژنانیش مافی دەنگدانیان هەبێ بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان. تێکرا ٥٪ ی ژنانی سوێدی لە تەمەنی یاساییدا دەبووایە دەنگ بدەن ئەگەر پێشنیازەکەی فرێدریک بۆری قبووڵ کرابا! لە پێشنیازەکەیدا ئەوەشی دەربڕیبوو کە ئەو گرۆیە مافی خۆپاڵاوتنیشیان هەبێ بۆ بوون بە ئەندامی پەرلەمان. بۆ پشتیوانی پێشنیازەکەی خۆی ئەوەشی باس کرد کە سوێد لەو چەند دەیەیەی دواییدا چەندان هەنگاوی ڕاستەقینەی ناوە بۆ دابینکردنی ئازادی و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە بوارەکانی تردا، ئەوەی دەربڕی کە دانی مافی سیاسی بە ژنان تەنیا هەنگاوێکی ترە بەسەر ئەو ڕێگایەدا کە پێشتر دەستی پێکراوە.

فرێدریک بۆری ئەو تێبینییەشی دا کە پێشتر لە کۆمۆنەکاندا ژنانێک هەبوون لە بوارێکی تەسکدا مافی دەنگدانیان هەبوو، کە هەر لە ساڵی ١٨٦٢ ەوە بەدەستیان هێنابوو، ئەدی بۆ ئەو مافەیان لە پەرلەماندا نەبێ؟!

## یەکەم ڕاوێژ بۆ دەنگدانی ژنان:

شەرەفی یەکەمین داوای ئەم مافە هی فرێدریک بۆری یە، ئەو پێشنیارەی کە لەو کاتەدا ئاسایی نەبوو، بە ڕای هەندێک لە ئەندامانی پەرلەمان شەرمهێنەر بوو. هەمووان نەیاندەتوانی ئەوە قبووڵ بکەن کە ٥٪ی ژنان مافی دەنگدانیان بۆ پەرلەمان هەبێ. کۆمیسیۆنی دەستوور(KONSTITIONSUTTSKOTTET) ئەم پرسەی خستە بەر باس، ئەندامان دەیانگوت ژنان لە سروشتی خۆیاندا ئەو توانستەیان نیە کە لەو جۆرە هەڵسەنگاندنە سیاسییانەی ژیاندا کاربکەن. پێیان وا نەبوو کە ئەو پرسە هێندە گرنگ بێ، هیچ داوایەکی ڕاستەوخۆشیان لە ژنان خۆیانەوە پێ نەگەیشتبوو، لە وڵاتانی تریشدا کە لە هەمان هەلومەرجی سوێددا دەژیان ژنان ئەو مافەیان نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمیسیۆن سەرزەنشتی فرێدریک بۆری دەکرد چونکە ئەو تەنها داوای مافی دەنگدانی بۆ ژنانی خانەی دووەمی پەرلەمان کردبوو، کە پێشنیازەکە کراوە بۆچی ژنانی خانەی یەکەمی پەرلەمانیش بەشدار نەبن؟

کۆمیسیۆن یەکڕا نەبوو لە بڕیارەکەیدا، دوو هەڵوێست درایە پەرلەمان؛ یەکەمیان لە لایەن فرێدریک بۆری خۆیەوە، ئەوی تریان لە لایەن ئەم چوارکەســــــەوە: Friherre Nordenskiöld, Liljesköld, Farup, Wallenius کە وایان دەبینی کۆمیتە پاڵپشتی بۆ ئەو پێشنیازە نیە و نایەوێ مافی دەنگدان لە پەرلەماندا بە ژنان بدرێ.

ئەم چوار پیاوە دەیانویست ژنان لە خانەی دووەمی پەرلەماندا مافی دەنگدانیان هەبێ، بەڵام لەگەڵ ڕاکەی فریدریک بۆریدا نەبوون کە ژنان خۆشیان بۆیان هەبێ ببن بە ئەندامی پەرلەمان.

دوای وتەی کۆمیسیۆن کاتی ئەوە هات کە هەدوو خانە هەڵوێستی خۆیان روونکەنەوە، رۆژی شەممەی رێکەوتی ٥ی ئەپریل هەمان پرس لە خانەی یەکەمیش هاتە بەر باس، لەوێ هیچ گفتوگۆیەکی لەسەر نەکرا، تەنها کەسێ کە گوزارەی لێ کرد ئۆسکار ڤالنبێری Os-car Wallenberg بوو. ئەو بە کورتی ڕایگەیاند کە ژنان لە خانەی دووەمدا مافی دەنگدانیان هەبێ ، بەڵام بۆیان نەبێ خۆیان ببن بە ئەندامی پەرلەمان.

هەمان رۆژ؛ (٥)ی ئەپریل، لە خانەی دووەمدا گفتوگۆی لەسەر کرا، لەم خانەیەدا فریدریک بۆری یەکەم کەس بوو چووە سەر مینبەر و گفتوگۆکەی بەوە دەست پێ کرد کە ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی یەکجار گرنگە و نابێ دوابخرێ. فریدریک بۆری پێی وابوو کە بوونی ژنان لە سیاسەتدا پێویستە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا. دەیویست دان بەوەدا بنرێ کە ژنانیش مرۆڤن و مافی دەنگدانیش یەکێکە لە مافەکانی مرۆڤ، پێی وابوو کە نابێ ژنان وەک ژێردەستەیەکی هەتاهەتایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، نموونەی وڵاتانی تری دەهێنایەوە وەک ئەمەریکا کە لە ساڵی ١٨٤٠دا بزوتنەوەیەک سەری هەڵدابوو کە وەدەستهێنانی مافی سیاسیی ژنانی کردبووە ئامانجی خۆی، هەروەها ئینگلستان و فرانساش کە لەو جۆرە بزوتنەوانە تێیاندا سەریان هەڵدابوو، نموونەیەکی تریش کە هێنایەوە فینلاند بوو کە وڵاتێکی دراوسێی سوێدە. لە قسەکانیدا ئەو فەیلەسووفانەی دەهێنایەوە کە پشتگیریی ئەو داوایەیان کردووە، هەروەها نموونەی ئافرەتی وەکو(Sancta Birgitta) و شاژنە کریستینا Drottning Kristina و فریدریکا بریمەر(Fredrika Bremer) ی دەهێنایەوە بۆ جەختکردن لەسەر داواکەی. شاژنە کریستینا ئەو کاتە وڵاتی بەڕێوە دەبرد، کە ژنێکی وەک ئەو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بژیابا مافی دەنگدانی نەبوو.

فریدریک بۆری سەبارەت بەوەی کە ژنان خۆیان ئەو داوایەیان نەکردووە دەیگوت هیچ بیانوو نییە بۆ رەتکردنەوەی ئەو داوایە، پەرلەمان لە بوارەکانی تری دەرەوەی سیاسەتدا مافی بە ژنان دابوو بێ ئەوەی ژنان خۆشیان داوایان کردبێ.

دوای ئەو ئۆسکار ستاکلبێری (Oscar Stackelberg) چووە سەر مینبەر و پشتگیری قسەکانی فریدریک بۆری کرد و گوتی پەرلەمان ئەوەیە کە نوێنەرایەتیی خەڵکی سوید بکات، ئەگەر ژنان بەشدار نەبن واتە پەرلەمان ئەو مەرجەی پڕ نەکردۆتەوە. بەڵام ئۆسکار لەگەڵ ئەوەدا نەبوو ژنان خۆشیان ببن بە ئەندامی پەرلەمان و لەسەر کورسیی پەرلەمان دانیشن.

ئەویش پشتیوانیی بۆ قسەکەی خۆی پەیدا کرد لە لایەن قسەکەری دوای خۆیەوە، ویلیەم فاروپ (William Farup)، وەک قسەکەری چوارەمیش (Liss Olof Larsson) کە لە ناوچەکەی خۆیدا (Dalarna) داوای لەم جۆرەی نەبیستبوو کە ژنان مافی دەنگدانیان هەبێ، گوزارەی لە بیروڕای خۆی کرد و ئەم مەسەلەیەی هێندە لە لا گرنگ نەبوو، بەڵکە پێی وابوو زۆر شتی لەوە گرنگتر هەیە دەبێ ڕاپەڕێنرێ، مەبەستی ئەو ئەوە بوو کە پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکات کە مافی دەنگدان بۆ پیاوان پەرە پێ بدرێ، ژنان دەبێ چاوەڕێ بن تا مەسەلەی پیاوان بە ئەنجام دەگات.

گریڤە ئێریک (Grefva Erik)یش هاوڕای ئۆلۆف لارشۆن (Olof Larsson) بوو، کە هیچ دەنگ و داوایەکی بەهێز لە لایەن ژنان خۆیانەوە نەهاتووە، گریڤە ئێریک پێی وابوو ژنان بەو تەنوورە پان و درێژانەیانەوە نابێ لە هۆڵەکان و ڕاڕەوەکانی باڵەخانەی پەرلەماندا بن و جێگایان بدرێتێ، کە فریدریک بۆری بەم قسانەیان زۆر پەست بوو. دوو قسەکەری تریش پشتیوانییان دەربڕی، لە کۆتاییدا ٤٤ ئەندام داواکەیان پەسەند کرد و ٥٣ دەنگ رەتیان کردەوە.. کەواتە بڕیارەکەی کە درا بۆ ئەم پرسە نێگەتیف بوو.

خەباتکارانی ئەم مەسەلەیەیە دیسانەوە پێشنیازەکەیان لە ساڵی ١٨٩٩دا خستەوە سەر مێزی گفتوگۆ، ئەم جارەشیان ژنانێکی ئەوتۆ نەبوون خۆیان مەسەلەکەکە بەڕێوەبەرن، ڕێکخراوەکانیش پیاوان بەڕێوەیان دەبردن، یەکێ لەو پیاوانە کە خۆی ئەندامی پەرلەمان بوو کارل لیندهاگن(Karl Lindhagen) بوو کە دوای فرێدریک بۆری بەرپرسیارێتیی مەسەلەکەی وەرگرت . لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٠دا دوو پێشنیازی بۆ پەرلەمان نووسی، ئەمیش هەروەک فرێدریک بۆ ئافرەتانی خانەی دووەمی پەرلەمان خەباتی دەکرد. لیندهاگن دەستبەجێ دۆستایەتیی لەگەڵ ئەندامێکی تری پەرلەمان بە ناوی(Örnelius Sjöcrona) پەیدا کرد، کە ئەویش مەسەلەکەی لە خانەی یەکەمدا هێنایە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام پێشنیازەکە بێ هیچ گفتوگۆیەک لە ساڵانی ١٩٠٢ و ١٩٠٤ بڕیاری نێگاتیڤی بۆ درا.

ساڵی ١٩٠٥ دووەم گفتوگۆ لە نێوان هەردوو دەستەی لایەنگر و دژی باسەکەدا دەستی پێ کردەوە، ساڵی ١٩٠٦ هەردوو خانەی پەرلەمان ڕایان یەکخست سەبارەت بە مەسەلەکە، لەو چەندان ساڵەی دوای ئەوە هەر ساڵە و گفتوگۆیەکی لەسەردەکرا، گەورەترین ڕاوێژ ساڵی ١٩١٢ کرا، کە پەرلەمان لەسەر بناغەی ئەو لێکۆڵینەوانەی ساڵی ١٩٠٦ دەربارەی مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی ژنان پێشکەشی کرد، ئەندامانی خانەی دووەم وەڵامی پۆزەتیڤیان دایەوە، بەڵام شانەی یەکەم دیسان وەڵامیان نێگەتیڤ بوو.

ساڵی ١٩١٤ و ١٩١٧ چەندان ئەندامی تر هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە پێشنیازەکە شایانی قبوولکردنە، داواکە بەهێزتر بووەوە و ئەو ئەندامانەی کە دژی بوون بێلایەن وەستان.

دوا جار، لە ساڵی ١٩١٩دا، لە ڕۆژی شەممەی ٢٤ ی مایسدا بڕیاری پۆزەتیڤی پەرلەمان بۆ دەنگدان و مافی خۆپاڵاوتنی ژنانی سوێدی، ژنانی خستە نێو ئەزموونێکی سیاسییەوە، لەوساوە تا ئەمڕۆ ژنانی سوێدی پەرە بە خەباتی خۆیان دەدەن و زۆربەی مافەکانی خۆیان بەدەست هێناوە. لەوساوە ژنانی سوێدی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ڕا و هەڵوێستی خۆیان لە ناوەندی بڕیارداندا سەقامگیر دەکەن. کە پیاوانی مافخواز و ئازادیخوازی وەکو فرێدریک بۆری و کارل لیندهاگن دەروازەی ئەم خەباتەیان بۆ واڵا کردن، ئەوجا ژنانی سوێدی خۆیان دەستیان بە بزوتنەوە و خۆسەلماندن کرد.

## لە سفرەوە بۆ ١١٤ ئەندام لە ماوەی ٧٥ ساڵدا:

پێش ساڵی ١٩١٩ هیچ ئافرەتێکی سوێدی پێی نەنابووە نێو باڵەخانەی پەرلەمانەوە، لە سفرەوە بە درێژاییی ٧٥ ساڵ ، واتە ١٩١٩-١٩٩٤ ئەم ژمارەیە ساڵ بە ساڵ زیادی دەکرد تا گەیشتە ١١٤ ژنی سیاسەتمەداری وڵات بەڕێوەبەر. ئەمڕۆ ٣٠٪ی ئەندامانی پەرلەمانی سوێدی ژنن. یەکەم جار لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٢ دا ئەم پێنج ئافرەتە شوێنیان لە پەرلەماندا گرت

Kerstin Hesselgren، Elisabeth Tamm، Bertha Wellin، Agda Östlund، Nelly Thurin ئەم پێنج ژنەی کە یەکەم جار بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردران تازەدەستپێکردوو نەبوون لە بواری سیاسەتدا، بەڵکە هەر یەکەو لە بواری حیزب و کۆمۆنەکەی خۆیدا چالاکییان هەبوو، ئاگدا ئۆیستلوند (Agda Östlund ) دەمێک بوو لە نێو بزوتنەوەی ژنانی سۆسیالدیموکراتدا چالاک بوو، بێرتا ڤێلین (Bertha Wellin ) ئەندامی شارەوانیی ستۆکهۆڵم بو، ئێلیزابێت تام ( Elisabeth Tamm) لە شارەوانیی یۆتۆبۆری و دەزگای تریشدا کارمەند بوو، شەشتین هێسلگرین ( Kerstin Hesselgren) لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا یەکێک بوو لە پسپۆرە سوێدییەکان لە بواری سیاسەتی کۆمەڵایەتیدا.

پانزدە ئافرەتی ڕێبەر هەن کە ئەم ڕەوتەیان بەرەو پێشەوە بردووە و ڕۆڵی گرنگیان لە گۆڕینی کۆمەڵگەی سوێدیدا هەبووە، کە هەر یەکەیان شایانی ئەوەن بە

تایبەتی لەسەریان بنوسرێ .

ئەم ڕەوتە لە سەرەتادا زۆر بە سستی گەشەی دەسەند، تا ساڵی ١٩٥٠ هێشتا ٥٪ی ئەندامانی پەرلەمان ئافرەت بوون. ساڵی ١٩٧٠ پانزدە ژن لە خانەی یەکەمی پەرلەماندا دانیشتن کە دەیکردە ١٠٪ی ١٥١ ئەندام. لە خانەی دووەم ساڵی ١٩٥٠ ، ١٠٪ی و لە ساڵی ١٩٧٠ ئەم ڕێژەیە بەرز بووەوە بۆ ١٥٪ ، واتە لە ٢٣٣ ئەندام ٣٦ یان ئافرەت بوون. ساڵی ١٩٧٠ کە سیستەمی دووخانەییی پەرلەمان هەڵوەشایەوە و شێوەیەکی وەک هی ئێستای گرتە خۆی کە ٣ ساڵ جارێک هەڵبژاردن بکرێ و، لەوساوە ژمارەی ئەندامانی ژن هەر لە زیادبووندایە. لەم٢٠-٢٥ ساڵەی دواییشدا ڕەوتی ژنان خێراتر پەرەی سەند و لە ساڵی ١٩٩٠ دا ژمارەی پەرلەمانتێرە ژنەکان گەیشتە ١٣٥ ژن، واتە ٣٩٪ ی هەموو ئەندامان، کە ئەمە بەرزترین ڕێژە بوو لە ماوەی ٧٥ ساڵدا.

لە ١٩٩١ دا ئەم ژمارەیە دابەزی بۆ ١١٧ ئافرەت، واتە ٣٣,٥٪. لە ١٩٩٣شدا دیسان دابەزی بۆ ١١٤ ژن.

بە پێی چەند خشتەیەک کە لە کتێبەکەدا هەیە ڕێژەی ئافرەت لەچاو ژمارەی پیاو لە ناو پەرلەمانی سوێددا بەم شێوەیە بووە:

لە شانەی دووەمی پەرلەماندا لە کۆی ١٥٠ ئەندامی پەرلەمان هێندەیان ژن بوون:

ساڵی ١٩٢٢ تا ساڵی ١٩٣٥ یەک ژن ، ساڵی ١٩٣٦ تا ساڵی ١٩٤٢ هیچ ئەندامێکی ژن لەم خانەیەی پەرلەماندا نەبووە، ساڵی ١٩٤٥ دوو ژن ، و ساڵی ١٩٤٦ چوار و ، ساڵی ١٩٤٧ پێنج ژن . ئەم ژمارەیە زۆر بە سستی زیادی دەکرد تەنانەت تا ساڵی ١٩٧٠ گەیشتبووە ١٥ ژن.

لە خانەی دووەمی پەرلەمان لە نێوان ١٩٢٢- ١٩٧١ دا، پەرەسەندنی ژمارەی ژنان لە پەرلەماندا لە کۆی ٢٣٠ ئەندام ، ئەوەندەی ژن بوو: بۆ نموونە ساڵی ١٩٢٢ چوار ژن و، ساڵی ١٩٣٤ شەش ژن و، ساڵی ١٩٣٨ یانزدە ژن و، ساڵی ١٩٤١ هەژدە و، ساڵی ١٩٥٠ بیستودوو و، ساڵی ١٩٥٤ سیی ژن و، ساڵی ١٩٦١ سییودوو ژن و، ساڵی ١٩٧٠ گەیشتە ٣٦ ژن.

وەک دەبینین پەرەسەندنی خەباتی سیاسی ژنان تا ساڵی ١٩٧٠ش یەکجار لەسەرخۆ بەرەو پێشەوە چووە، بەڵام لە دوای ئەوە دەستی بە گەشەسەندنێکی خێرا کرد. پەرلەمانیش ئیدی شێوەی نوێی وەرگرت و چیی دی پێک نەهاتبوو لە دوو شانە، بە پێی خشتەی لاپەڕە ٧٢ ی کتێبەکە ئەم گەشەسەندنە بۆ نموونە لەم ساڵانەدا بەم جۆرەی خوارەیە:

ساڵی ١٩٧٠ (٤٩ژن)، ١٩٧٤ (٧٥ ژن)،٧٦-٧٧ (٨٠ژن)و، ٧٩-٨٠ (٩٧ژن) و،٨٤-٨٥ (١٠٢ژن) و،٨٩-٩٠ (١٣٣ ژن) و، ساڵی ٩٣-٩٥یش بووەوە بە (١١٤)ئەندامی ژن.

## ژن و پیاو لە سیستەمی دێمۆکراتیدا:

یەکەمین وڵات کە مافی گشتیی دەنگدانی بە یەکسانی بۆ ژن و پیاو بڕیار دابێ نیووزیلاندا بووە، کە هەر لە ساڵی ١٨٩٣ ەوە ژنان و پیاوان هەمان ئیمکانییەتی دەنگدانیان بۆ دابین کراوە. کاتێ کە لە سوێد بڕیاری دەنگدانی گشتی پیادە کرا لە ساڵی ١٩٢١، لە فینلاندا ژنان ئەو مافەیان هەر لە ساڵی ١٩٠٦ەوە وەدەست هێنابوو، دانمارک ساڵی ١٩١٥ و نۆرویژ ساڵی ١٩١٣، بەڵام لە زۆر وڵاتانی تری ڕۆژئاوادا مافی دەنگدانی ژنان دواکەوت و تا چلەکانی ئەم سەدەیەی خایاند کە بڕیاری بۆ بدرێ. بۆ نموونە لە فرانسا ساڵی ١٩٤٤ و لە ئیتالیا ١٩٤٥ ئەم مافە بڕیاری بۆ درا.لە سویسرا تا ساڵی ١٩٧١یش ژنان مافی دەنگدانیان نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە سویسرا بە یەکێک لە هەوەڵین وڵاتەکانی دێمۆکراسی لە قەڵەم دەدرا.زۆر لە لێکۆڵەرەوە سیاسییەکان پێیان وابوو کە سویسرا وڵاتێکی دێمۆکراسی ئایدیالە. بەوەی کە ژنان مافی دەنگدانیان نەبوو وەک کێشەیەکی دێمۆکراسی دانەدەنرا، ئەوان وایان دەبینی کە هاووڵاتیانی پیاو لە سویسرا تەواو مافیان پارێزراوە.

لە ئەمڕۆی وڵاتە دیمۆکراتییەکاندا ژنان و پیاوان هەمان مافی سیاسییان هەیە، بەڵام لە هیچ شوێنێک، لە دەسەڵاتی سیاسییدا ژنان و پیاوان یەکسان نین، لە هەموو کۆبوونەوە سیاسییەکاندا زۆربەی ئەندامان پیاون. لە پەرلەمانی سوێدی و زۆر جێگای تریشدا زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان پیاون ئەگەرچی ژنان لە نیوە زیاتری دانیشتووان پێک دەهێنن. نزیکەی نیوەی بەشدارانی هەڵبژاردنە گشتییەکانیش ژنن. ئەمە کێشەیەکی دیمۆکراتییە کە ژنان هەمان ئیمکانییەتی پیاویان نییە تا لە بڕیارە سیاسییەکاندا کاریگەر بن.

بڕیارە سیاسییەکان کار لە هەموو کەسێکی کۆمەڵگە دەکەن، چونکە پەیوەندیان هەیە بە دابەشکردنی داهات و دەربارەی ئەوەیە کێ دەبێ چیی هەبێ و کەی و چۆن؟ لەم گۆشەنیگایەوە، کەواتە پێویست بوو ژنان و پیاوان دەسەڵاتی سیاسییان بە شێوەیەک بەش کردبا کە هەردووکیان کاریگەریی خۆیان هەبووایە لەسەر ئەو بڕیارانە. کەسانی وا هەن دەڵێن، ئەوە ڕۆڵ نابینێ کێیە بڕیار دەدا، ژنە یان پیاوە، چونکە گرنگ بۆچوونی ئەو کەسانەیە کە بڕیار دەدەن. بێگومان هەموو ژنان بۆچوونیان یەک نیە هەر لەبەر ئەوەی ژنن، هەموو پیاوانیش هاوبیروڕانین تەنها لەبەر ئەوەی پیاون. لەبەر ئەم هۆیە پێیان وایە پیاوانیش دەتوانن نوێنەرایەتیی ژن بکەن. کەواتە ئەوە کێشە نییە لە دیمۆکراتیدا کە پیاوان زۆربە بن لە پەرلەماندا، ئەوان تەنیا نوێنەری خەڵکن بە ژن و پیاوەوە، هەڵبەتە ئەوەش نابێتە کێشە کە زۆربەی ئەندامان ژن بن. ئاخۆ ئەگەر زۆربەی ئەندامان ژن بوونایە بارەکە چیی لێ دەهات، دیارە نازانرێ چیی لێ دەهات، چونکە ئەمە قەت ڕووی نەداوە، بەڵام دەتوانرێ وێنەبیری ئەو جیاوازییەش بهێنرێتە پێش چاو.. ڕەنگ بێ مەسەلە سیاسییەکان بە شێوەیەکی تر تێی بڕوانرێ. لە تاقیکردنەوەیەکدا کە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان کرا، بینرا کە لە هەندێ جۆرە مەسەلەدا بۆچوونی جیاواز هەن لە نێوان ژنان و پیاواندا، ئەگەرچی لە هەمان حیزبیشدان. لە هەندێ مەسەلەدا ئەندامە ژنەکانی حیزبە جیاوازەکانی نێوپەرلەمان بۆچوونیان یەک دەگرێتەوە.

بۆچوونی ژنانی پەرلەمان زۆر نێگەتیڤتر بوو لە بارەی پۆرنۆگرافییەوە (وێنە یان نووسینێک بە مەبەستی خرۆشاندنی سێکسی بەکاربرێ)، پۆزەتیڤتر بوو دەربارەی دایەنگە. نێگەتیڤتر بوو دەربارەی هێزی ناوکی و پۆزەتیڤتر بوو دەربارەی کۆمەڵگەیەکی ژینگەدۆست. ژنان بە گومانترلە پیاوان دەڕواننە کۆمەڵگەی تەکنەلۆجیی بەرز.

زۆر لێکۆڵینەوەی تر ئەوە دەردەخا کە هەڵبژێرە ژنەکان و پیاوەکان لە پلەیەکی جیاواز لە یەک پشتگیریی دەدەنە حیزبە جیاجیاکان و مەسەلە سیاسییە جیاوازەکان.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩١دا ئەوە دەرکەوت کە دەکرێ حیزبەکانی سوێد بکرێنە سێ بەشەوە:

ئا- ئەو گرۆپەی کە نزیکەی هەمان ڕێژەی ژنان و پیاوان دەنگی بۆ دەدەن، کە حیزبی چەپ(V) و سۆسیال دیموکرات (S)دەچنە نێو ئەم گرۆپەوە.

ب - ئەو گرۆپەی کە زۆربە ژن دەنگیان بۆ دەدات، کە حیزبی سێنتەر (C)، حیزبی گەل(Fp) و حیزبی مەسیحی دیموکراتی(Kds) دەچنە ئەم گروپەوە.

پ - ئەو گرۆپەی کە زۆربە پیاو دەنگیان بۆ دەدەن، کە هەردوو حیزبی مۆدێرات(m) و حیزبی دیمۆکراتی نوێ(Nd) دەگرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆچوونی جیاواز و ئارەزووی جیاواز هەیە لە نێوان ژنان و پیاواندا، هێشتاش زۆر کەس ئەوە بە باش دەزانن یەکسانی هەبێ لە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسیدا، چونکە ئەوە سەرچاوەی دیمۆکراسییە. سیستەمێکی دیمۆکرات نابێ مافی ڕەگەزێکی پێشێل کردبێ، دیمۆکراسی واتە دەسەڵاتی خەڵک، کەواتە بەپێی ئیدیالی دیمۆکراسی دەبێ لەناو خەڵکەوە هەڵقولابێ. ئەگەر پرۆسەی دیمۆکراسی هەمان شێوە مافی ژنان و پیاوانی پاراستبێ دەکرێ بوترێ کە پرۆسەیەکی سەرکەوتووە.

وتمان لە هەموو دنیادا ژنان هەمان دەسەڵاتی

سیاسیی پیاویان نییە، لە پەرلەمانی هەموو دنیادا پیاوان زۆربەی ئەندامەکان پێک دەهێنن، بەڵام لەنێوان وڵاتێک و وڵاتێکی تردا جیاوازی هەیە.. بە پێی ئەو سەرژمێرەی کە لە٣٠-٦-١٩٩٣ کراوە لەم وڵاتانەی خوارەوەدا ڕێژەی ژنان لە پەرلەماندا بەم شێوەیەیە:

بەلجیکا ٩٪، دانمارک ٣٣٪، فینلاند ٣٩٪، ئەڵمانیا ٢٠٪، ئیسپانیا ١٦٪، فرانسا ٦٪ ، ئیتالیا ٨٪، هۆڵەند ٢٩٪، بریتانیا ٩٪، سویسرا ١٧٪، ئەمەریکا ١١٪، کەنەدا ١٣٪، نیوزیلاند ١٦٪، سوێد ٣٣٪.

هەڵبەتە خەباتی مرۆڤ بۆ دیمۆکراتاندنی دنیا نەوەستاوە، ژنان ئەمرۆ بە توانایەکی فیکریی فراوانترەوە لە مافی خۆیان دەکۆڵنەوە و هەموو نائاساییبوونێک، هەموو لاسەنگییەکان دەبینن و خەبات لە پێناوی ئاساییکردنەوە و هاوسەنگ کردنەوەی دیاردەکاندا دەکەن. کتێبەکە باسی ٧٥ ساڵی خەباتی سیاسیی ژنانی سوێد دەکا، واتە تا ساڵی١٩٩٤، بەڵام وا دوو ساڵی تریش هاتووەتە سەر ژمارەی ساڵەکانی خەباتی ژنانی سوێد. واتە ٧٧ ساڵی هەڵزنین بەرەو یەکسانی.

هیوادارم، ئێمەی ئافرەتی کوردیش کە هێشتا لە پلەی یەکەمی پەیژەی ئەم خەباتەداین، سوود لە ئەزموونی ئافرەتانی سوێد و وڵاتانی تر ببینین، دیارە برینی هەر ڕێگایەکیش لە هەنگاوێکەوە دەست پێ دەکات.

فالشۆپینگ مایسی ١٩٩٦

### "دەنگێ" بخوێننەوە

بۆ داکۆکی کردن لە مافی ژنان و دەربڕینی داهێنانی ژنان، گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی وەرزی بە ناوی (دەنگێ) لەدایک بووە و هاتۆتە کۆڕی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە. ئەم گۆڤارە ژمارەی یەکەمی دەرچووە و ژمارەی دووەمیشی لەژێر چاپدایە. لە بواری لێکۆڵینەوە لە کێشەی ژنان کتێبخانەی کوردی هەژارترین نەبێ، یەکێکە لە کتێبخانە هەژارەکان. هەوڵی لێکۆڵینەوە لە کێشەی ژنانی دنیا بە زمانی کوردی کەلێنێک پڕ دەکاتەوە و وەرامێکە بۆ مێژوومان.

هاوکاریی هەر نووسەر و خوێنەرێک لە کوردستان و لە دنیادا چ وەک نووسین و چ وەک خوێندنەوە و ئابوونەرداری لەم گۆڤارەدا، یان هەر هاوکارییەکی ماددی و مەعنەوی بەشداریکردنە لە پرۆسەی بەشارستانیکردنی کۆمەڵگەی کورد و گەشەپێدانی.

هەر بابەتێک چ وەرگێردراو بێ لە زمانانی دنیاوە کە ئەزموونی خەباتی ژنانی دنیا دەردەبڕن، یان هەر نووسین و لێکۆڵینەوەیەک کە بە زمانی کوردی نووسرابن، بۆ ئەم گۆڤارە بنێرن، با بە هەموومانەوە گەشە بە ڕەوتی گۆڤارەکە و بە پرۆسەی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی بدەین لە ئەنجامی لۆژیکی وتووێژ و لێکۆڵینەوە لە کێشەی ژنان.

ئەم گۆڤارە بە هاوکاریی نووسەرانی کورد لە کوردستان و ئەوروپا دێتە بەرهەم. لە کوردستان:

خاوەن ئیمتیاز: پەخشان زەنگەنە

سەرنووسەر: بەهار عەلی

بەرپرسیاری گۆڤارەکە لە ئەوروپا: مەهاباد قەرەداغی

بۆ ناردنی بەرهەم و نامەی ئابوونەداری و بۆ هەر پرسیارێک سەبارەت بە گۆڤارەکە پەیوەندی بکە بەم ناونیشان و ژمارەتەلەفۆنەوە:

Mahabad Qaradaghi
Warenbergs g. 22 F
521 33 Falköping, Sweden
Tel. 0515 - 17 636

# (شەماڵ سائیب)ی هونەرمەند

ناسری ڕەزازی

شەماڵ سائیب ساڵی ١٩٣١ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، دایکی نێوی فاتمە و خەڵکی لای قەڵادزێ بووە. نێوی باوکیشی جەلال و لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی قەراخی سلێمانی و لە بنەماڵەیەکی ناسراو بوونە. هەر لە سەردەمی هەرزەکارییەوە سەوداسەری هونەری مۆسیقا دەبێ. هەرچەند گیروگرفت و چەرمەسەریی زۆری دێتە سەر ڕێ، بەڵام هەر لە دەسپێکردنی خوێندنگەی سەرەتایی‌یەوە بەشداریی تیپی سروود و مووزیکی خوێندنگەکان دەکا.

شەماڵ لە سەرەتای لاویدا دەستی لە نووسینی کوردیدا هەبووە و لە گۆڤاری گەلاوێژدا نووسینی بڵاو بۆتەوە. بەڵام دیارە ئەوەندە حەزی لە گۆرانیی و مۆسیقا بووە کە وازی لە نووسین هێناوە و خۆی بە کاری هونەری مۆسیقاوە خەریک کردووە.


ساڵی ١٩٤٦ لە شاری بەغدا دەست بە خوێندنی مۆسیقا دەکا. ساڵی ١٩٤٧ دەڕواتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، بەڵام نەیتوانیوە تەواوی بکا! ساڵی (١٩٥٥ تا ١٩٥٦) کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواو دەکا و لە زانستی مێژوودا بڕوانامەی بەکالۆریۆس وەردەگرێ.

ساڵی ١٩٥٣ هەتا ١٩٥٤ سەرپەرستی بەشی مۆسیقا دەبێ لە وێستگەی کوردیی بەغدا و، هەروەها ئەندامی لێژنەی تاقیکردنەوەی دەنگیش بووە کە عەلی مەردان و احمد الخليل و کافرۆشیش ئەندامی ئەو لێژنەیە بوونە. ساڵی ١٩٥٨ دەبێ بە مامۆستا لە شاری بەغدا. ساڵی ١٩٧٨ بڕیار وادەبێ بکرێ بە بەڕێوەبەری وێستگەی کوردی لە بەغدا بەڵام ناکرێ و، نازانرێ بۆ نەکراوە!.

لەسەر ئەرکی کۆمپانیای چەقماقچی، گەلێک گۆرانیی جوان لەسەر سێڵ یان قەوان تۆمار دەکا.

شەماڵ سائیب گرنگیی زۆری داوە بە هەڵبەست و تێکستی گۆرانییەکانی. خۆی لەم ڕووەوە دەڵێ: گۆرانی زۆربەی کۆمەڵ گوێی لێ دەگرن، کە وا بوو دەبێ وشەکان لە باری مانا و کێش و وەزنی مۆسیقاوە پێچەڵپێچ نەبن، بۆ ئەوەی زوو بکەونە سەر زمانان. دانەری هەندێک لە تێکستی گۆرانییەکانیشی خۆیەتی و، لە هەڵبژاردنی شیعری گۆرانیدا، وردکۆڵ بووە. شیعری شاعیرە نێودارەکانی کوردیشی کردووە بە گۆرانی. هەندێ لە گۆرانییەکانی دیار نین، کەس نازانێ لە شەریکەی قەوان سەریان تێدا چووە، یان لە وێستگەی کوردی بە سەر سکەوە ڕۆیشتوون!

لەبەر کاری سیاسی کە بە داخەوە هونەرمەندەکانی ئێمە لە دواییدا بیری لێ دەکەنەوە کە چ بەلایەکە تووشی هونەرمەند دەبێ و، وەک خۆشی باسی کردووە لەبەر نەبوونی (حسن السلوک)، چوار ساڵ بێکار دەمێنێتەوە، چونکە حوکوومەتی ئیستیعماریی ڕابردوو بڕوانامەی (حسن السلوک)ی بە کەس نەداوە، هەتا شۆڕشی



چواردەی تەمووز، عیراق ڕووناک دەکاتەوە و، ئەویش وەکوو زۆر کەسی دیکە مافی خۆی دەدرێتێ و دەکرێ بە مامۆستای قوتابخانەی ناوەندیی کوڕانی « أعظمیە » لە بەغدا.

لە ڕاستیدا شەماڵ سائیب زانیویە کۆمەڵگاکەی دواکەوتووە و، بنەماڵەکەشی گۆرانیگوتن بە سەرشۆڕی دەزانن. ساڵی ١٩٦١ کوردستان بەجێ دەهێڵێ و دەڕوا بۆ ئامریکا. لەوێ خوێندنی مێژوو (تاریخ) درێژە پێ دەدا و، مێژووی خەلافەتی (عثمان بن عەفان) دەخوێنێ و، ساڵی ١٩٧٠ لەو بابەتەدا بڕوانامە وەردەگرێ.

ئەم هونەرمەندە دەیەوێ خوێندن درێژە پێ بدا و دۆکتۆرای فەلسەفە وەرگرێ، بەڵام لەبەر داواکاریی دۆستان و هاورێیانی ناوەوەی وڵات، کە لەو کاتەدا زانکۆی سلێمانی دەست بە کار دەکا و کەسیان پێویست دەبێ، واز لە خوێندن دێنێ و ساڵی ١٩٧١ دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و دەبێ بە مامۆستا لەو زانکۆیەدا. ئەو کاتە ١١ی ئادار بوو، نێوان کورد و حوکومەتی عیراق باش بوو و ئەو سەردەمە بۆ کوردستان بە قۆناخێکی نوێ دادەنرا.

* * *

زۆر کەس شەماڵ سائیب بە ڕچەشکێنی پەنجاکان دەزانن! بەڕاستی ئاخۆ وایە یان نە؟!

هەر دیاردەیەک لە سەردەمێکدا سەر هەڵدەدا و، لە هەر زەمانێکدا بلیمەتێک هەڵدەکەوێ. لەم سەردەم و دەورانانەشدا، هەر شار و وڵاتێک بە کەسێک و کاراکتێرێکەوە نێو دەردەکا. ئەو مەدالیایەش هەر سەردەمێک لە سینەی کەسێک دەدرێ. کە وابوو مەدالیای گۆرانیی کوردیش لەو سەردەمەدا لە سینەی شەماڵ سائیب دراوە، چونکە کەسێکی دیکەمان نەبووە لە قاڵبی گۆرانیی فۆلکلۆر بێتە دەرێ و، بەرەو گۆرانیی نوێ بڕوا، یان بۆ گەشەی گۆرانیی کوردی لە مۆسیقای نەتەوەکانی هاوسێ کەڵک وەربگرێ.

بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە: ئایا شەماڵ سائیب داهێنەر بوو، یان کارتێکەریی مۆسیقای عەرەبی بەرەو ئەو شێوازەی هان دا؟

دیارە دەبێ بڵێین: لە سەردەمێکدا کە لە کوردستانی بندەستی عیراق، گۆرانییەکانی: (فەرید ئەترەش و عبدالحلیم حافظ)ی عەرەب و (زەکی موێران)ی تورک و (ئیرەج و گوڵپایەگانی)ی فارس، ئۆخژن دەخەنە دڵی لاو و پیری کوردەوە، شێوازێکی نوێ وەک بولبول دەردەکەوێ و، پەردەی عەشق بە هەزاران گوڵ دەدڕێ و، باخچەی تازەچێندراوی مۆسیقا و گۆرانیی کوردی، کە لە بووژانەوەدا دەبێ، دەڕازێنێتەوە.

ئەو شێوازە لەژێر کارتێکەریی مۆسیقای عەرەبی و بەتایبەت گۆرانییەکانی (فەرید ئەترەش) ەوە سەر هەڵدەدا، هەرچەند شەماڵ سائیب لەو کاتەدا دەبێ بە هۆ کە زۆربەی لاوانی کوردی ئەو سەردەمە بگەڕێنێتەوە سەر مۆسیقای کوردی و، ببنە هۆگری گۆرانیی کوردی، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، وەک لە سەریشەوە باسم کرد، لەو سەردەمەدا کەسێکی دیکەمان نەبووە گۆرانیی

کوردی کە هەژار و لاواز بووە، لەو قاڵبە فۆلکلۆرە بێنێتە دەرێ و بەرەو گۆڕانکاریی بەرێ، یان بۆ گەشە و هەڵچوونی بە شێوەیەکی زانستییانە لە مۆسیقای نەتەوەکانی دراوسێ کەڵک وەربگرێ.

گۆرانییەکانی شەماڵ سائیب لەو سەردەمەدا وەکوو ڕێچکەیەکی نوێ کاری زۆر دەکەنە سەر گوێگر و کۆمەڵی کوردەواری و، هەردوو بەشی کوردستانی بندەستی ئێران و عیراق دەگرنەوە و، لەناو کوردی زاراوە کرمانجی سووریە و تورکیەی ئەو سەردەمەشدا ڕەگاژۆ دەکەن و تەنانەت لە ناو عەرەبیشدا دەنگ دەدەنەوە، بەڵام زۆربەی زۆری گۆرانییەکانی لەژێر شەوتی گۆرانیی عەرەبییەوە لە دایک دەبن. بۆ نموونە گۆرانییەکی هەیە کە خۆحەن هی (فەرید ئەترەش)ە. شەماڵ سائیب موریدی فەرید ئەترەش بووە و مۆرکی فەرید ئەترەش بە بێ هیچ خۆڕەنجانێک بە گۆرانییەکانیەوە دیارە.

نموونەیەک دێنمەوە: من وەکوو ناسری ڕەزازی ساڵی ١٩٧٥ کاسێتێکم بە ئۆرگ، کە ئێستا لە قاڵبی کیبۆردەوە هاتۆتە دەرێ، بڵاو کردەوە. لە ڕاستیدا وەکوو تۆپ تەقییەوە و لە هەردوو بەشی کوردستانی بندەستی ئێران و عیراقدا دەنگی دایەوە و منی ناساند. تەنیا یەک گۆرانیی تازەی تێدا هەبوو، ئەویش (لە سەرەمەرگی هیوا) شیعری مامۆستا گۆران و ئاوازی خۆم بوو. ئەوانی دیکەش هەموو فۆلکلۆر بوون و جگە لەو گۆرانییە هیچ شتێکی تازەی تێدا نەبوو. بەڵام چونکە مۆسیقای کوردی لەو کاتەدا لاواز بوو و، خەڵک تینووی گۆڕان و شتی نوێ بوون و، کاسێتەکەش بە سازێکی بەرقی یان ئێلێکترۆنیکی تۆمار کرا و، بۆ خەڵک سەرنجڕاکێش بوو، ئاوەها تەقییەوە. ئەوە گۆڕانە لە قاڵبی مۆسیقادا، بەڵام داهێنان نییە، جگە لەو یەک گۆرانییە نەبێ. داهێنان واتە خولقاندن. ئەو کارە بۆ ئێمە وەرگرتن و لاساییکردنەوە بوو لە مۆسیقای ڕۆژاوا، یان غەربی. بەڵام جیاوازیی ئەو گۆرانییانەی من ئەوە بوو کە لە عەرەبی یان مۆسیقای دیکە وەرنەگیرابوون و گۆرانیی گۆرانیبێژەکانی دیکە بوون. مەسەلەن گۆرانییەکی تێدا بوو کە ئازەری بوو، بەڵام کاتی خۆی مامڵێ ڕاستەوخۆ کردبووی بە کوردی.

داهێنان و خولقاندن شتێکی دیکەیە. تەنانەت نوێهێنان بۆ ئێمە چونکە گەڵێکی بندەست بووین و خۆمان کۆلۆنییەک بووین لە ناو کۆلۆنییەکی دیکەدا، دیسان هەر لاساییکردنەوە بوو. داهێنان یانی ئەوە کە گۆرانی تازە بێ و شیعریش تازە. جا ئەگەر ئەو داهێنانە لەسەر پایەی مۆسیقای کوردی بێ و، لە هی گەلانی دیکەش کەڵک وەربگیرێ، باشتر و بەجێترە. ئەو کاسێتەی کە من ئەو سەردەمە بڵاوم کردەوە، جگە لەو یەک گۆرانییە، هیچ شتێکی زانستییانەی تێدا نەبوو، تەنیا ئەوە بوو کە چەشە و تام و چێژی لەگەڵ مۆسیقای سوننەتی و سازی فۆلکلۆریک، جیاواز بوو، ئەویش هی ئەوە بوو کە سازەکە سازێکی بەرقی یان کارەبایی بوو. (شەماڵ سائیب)یش درووست ئەو سەردەمە، لە پاودانێکی ئاوەهادا هەڵکەوتووە بەڵام بە چەند جیاوازییەوە: شەماڵ سائیب لەو گۆڕانکارییەیدا کە لە گۆرانیی کوردیدا کردی، بە چەندین شت گرەوی ئەو سەردەمەی بردەوە:

١. شەماڵ سائیب، یەکەمین گۆرانیبێژ و یەکەمین ژەنیارە کە ئاوازی بە سەر شیعری کوردییەوە داناوە و گۆرانیی نوێی خولقاندووە. واتە بەر لە شەماڵ سائیب ئەو کارە نەکرابوو. گۆرانیبێژەکانی پێش ئەو هەموو گۆرانیی فۆلکلۆریان دەگوتەوە. عەلی مەردان کە لەو سەردەمەدا دەژیا، دوای شەماڵ سائیب دەستی کرد بە دانانی گۆرانیی نوێ، ئەویش لە قاڵبی فۆلکلۆردا. جیاوازییەکە لێرەدا ئەوەیە کە گۆرانییەکانی شەماڵ سائیب گورجێ تەقینەوە و لە ناو خەڵکی کورد و ناکورددا بڵاو بوونەوە، بەڵام زوو تێدا چوون، کەچی گۆرانییەکانی عەلی مەردان تەنیا لە ناو کورد خۆیدا بڵاو بوونەوە و نەمردن و مان؛ ٢. کۆرس لە گۆرانیدا کە تا ئەو کاتە دەکار نەکرابوو، شەماڵ سائیب هێنایە ناو گۆرانیی کوردییەوە؛ ٣. هێنانی هەندێ گۆرانیی نوێ، کە لەسەر بناخەی عەرەبی دانرابوون. بۆ وێنە: هەرێ لەیلێ و بەردە بەردە و گۆرانییەکانی دیکەی شەماڵ سائیب، لە ناو عەرەبەکانی عیراقدا، بووبوون بە گۆرانیی ڕۆژ؛ ٤. جگە



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: تەحسین تەها، گوڵبەهار و شەماڵ سائیب

لە گوتنەوەی شیعری شاعیرانی کورد، تێکستی سادە و تازەی بۆ گۆرانییە نوێکانی هەڵبژارد؛ ٥. هەندێک لە گۆرانییەکانی لە گیانی ئۆپێراوە نزیک بوون.

بە کورتی ئەگەر گۆرانییە تازەکانی ئەو هونەروەرە، لەسەر بناخەی فۆلکلۆری کوردی، یان گۆرانی کوردی ببوونایە، دەبوو بە خاوەن شێوازێکی هەتا هەتایی، نەک کاتی. شەماڵ سائیب بۆیە بە ڕچەشکێنی پەنجاکان دادەنرێ، بۆ ئەوەیە کە تا ئەو کاتە گۆرانیی دانراومان نەبوو. شەماڵ سائیب ویستی گۆرانیی کوردیی نوێ بخولقێنێ و لەگەڵ ئەو هەموو کارتێکەرییەی کە مۆسیقای گەلانی هاوسێ لە سەر کوردیان دانابوو، بەربەرەکانێ بکا، بەڵام وا نەبوو، چونکە گۆرانی و مۆسیقای عەرەبی بە تایبەت فەرید ئەترەش ئەوەندە کاری تێ کردبوو، کە گۆرانییە دانراوەکانی هەموو لە سەر بناخەی عەرەبی لە کڵ هاتنە دەر.

دیسان نموونەیەک: مامۆستا (گۆران)ی شاعیر، کە بە لووتکەی شیعری نوێی کوردی نێوی دەرکرد، یەکێ لە کارەکانی لە دانانی شیعردا ئەوە بوو، لەسەر وەزن و کێشی شیعرە فۆلکلۆرەکانی کوردی شیعری دانا و شارەزای بەند و باو و باڵۆرە و بەیتەکوردییەکان بوو. ئەگەر ئەو کارەی لەسەر وەزن و کێشی شیعری عەرەبی بکردایە، ئاوەها لە هونەری شیعردا سەرنەدەکەوت.

من پێم وایە: ئەگەر ئەو گۆرانییانەی شەماڵ سائیبیش شەقڵێکی نوێ بوونایە لە کوردیدا، دەبوو ئەو شێوازە درێژەی هەبا و، گۆرانیبێژی دیکەی دوای ئەو پەرەیان پێ بدایە. کەچی وا لە ئاو دەرنەهات و چەند گۆرانیبێژ و شێوازی دیکەی ئەوتۆ دوای شەماڵ سائیب هاتنە ڕوو، کە نەیانتوانی ببنە ڕێچکە و لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کورددا جێی خۆیان بکەنەوە، بۆ وێنە: عومەر ڕەزا، جەماڵ جەلال، جەلال کۆچەر، قادر مەردان، عەلی عەزیز و هی دیکە. تەنانەت تەحسین تەهاش کەوتە شوێن شەماڵ سائیب، بەڵام لەبەر ئەوەی گۆرانییەکانی تەحسین تەها لە هەوای کرمانجییەوە نزیک بوون، لە گۆرانیی ئەم گۆرانیبێژانەی کە نێومان هێنان، زۆرتر لە ناو خەڵکدا جێی خۆیان کردەوە. فوئاد ئەحمەدیش یەک لەو گۆرانیبێژانە بوو کە ڕێچکەی شەماڵی گرت، بەڵام زۆر سەرنەکەوت.

دوای شەماڵ سائیب، عومەر دزەیی هاتە ڕوو، کە وەکوو تۆپ تەقییەوە و، دەنگی دایەوە. بۆچی؟ چونکە ڕێچکەکەی عومەر دزەیی ڕۆژاوایی بوو و، دوور بوو لە عەرەبی و مۆسیقای شەرقی (ڕۆژهەڵاتی). هەرچەند ئەویش گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردی و گۆرانییەکی کوردیی کرمانجیشی بە تورکی تۆمار کرد، بەڵام لە لووتکەدا بوو، کەچی بە داخەوە، هەر لەو لووتکەیە ڕاوەستا و، وازی هێنا و، درێژەی پێ نەدا. ئەو ڕێچکەیەی عومەر دزەییش دیارە داهێنانی خۆی نەبوو و لاساییکردنەوە بوو لە مەحمووی حەمەی لەیلێ و قادر دیلان. گۆرانیی (قژکاڵی لێو ئاڵی)ش هی قادر دیلانە کە ئەویش گەشەی نەکرد و لە جێدا مایەوە. دیارە لەم دواییانەدا عومەر دزەیی پرۆگرامێکی لە ستۆکهۆڵم پێشکەش کرد کە بە داخەوە گۆرانیی تازەی پێ نەبوو و گۆرانیی فۆلکلۆری گوتەوە. بەڵام خۆزگە عومەر دزەیی نەهاتبایەتەوە سەر شانۆ بۆ ئەوەی با هەر لە لووتکەدا بمابایەوە.

لێرەدا مەبەستی من ئەوە نییە کە عومەر دزەیی و شەماڵ سائیب لە بەرانبەر یەک دانێم و هەڵیانسەنگێنم. هەردووکیان دوو شێوازی جیا لەیەکن. هەرچەند رێچکەکەی عومەر دزەیی سەرکەوتووتر بوو، بەڵام شەماڵ سائیب ئاڵاهەڵگری مەیدانی ئاوازدانان بوو.

هەر هونەرمەندێک کاتێ بیەوێ شتی تازە بخولقێنێ، دەبێ شارەزای رابردوو بێ، بۆ ئەوەی لەسەر بناخەی ئەزموونەکانی رابردوو گۆرانکاری بکا. ئەو گۆرانیبێژانە، ئەم خاڵەیان لە بەر چاو نەگرت بۆیە گۆرانییەکان زوو لە بیر چوونەوە و نەبوون بە رێچکە.

دیارە گۆرانی لە دڵ و مێشکی ئێمەی ئینساندا جێ دەگرێ و، دەبێ بە بیرانین و بیرەوەری بۆمان. هەر کاتێکیش بیانبیسینەوە، زیندووکەرەوەی ئەو بیرەوەرییانەن بۆمان و هەر چێژیان لێ دەبەین، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو گۆرانییانە پەسن بن. بە کورتی لە کاتی خۆیدا زۆر گۆرانیمان بیستووە کە بێناوەرۆکیش بوون، بەڵام ئێستا کە دەیانبیسینەوە بیرەوەریی ئەو کاتەمان بۆ زیندوو دەکەنەوە، وەلێ مەرج نییە کە شێوازێکی پەسن و قەبووڵکراو بن، بەڵکوو کاتێن و دەوامیان نییە، وەکوو: گۆرانییەکانی ئەو گۆرانیبێژانەی کە لە سەرەوە نێومان هێنان.

خەڵکی ئەو سەردەمە گۆرانییەکانی (شەماڵ سائیب)یان بە تازەبەهاری ئاواز و گۆرانیی کوردی داناوە، هەرچەند لەو سەردەمەدا عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و سێوە و تاهیر تۆفیق و گۆرانیبێژی دیکەش لە گۆرێدا بوونە و گۆرانی و مەقامی کوردیی پەتییان گوتۆتەوە، بەڵام چونکە گۆرانیی کوردیی ئەو سەردەمە، هیچ گۆرانێکی بە خۆیەوە نەدیوە و، هەر لە داڕێژگەی فۆلکلۆردا ماوەتەوە و گۆرانییەکانی شەماڵ سائیبیش تازە و لەبەر دڵان بوونە، باوەشیان بۆ گۆرانییەکانی ئەو زۆرتر کردۆتەوە. بەڵام ئەگەر شەماڵ سائیب، بەو زەقییە لە ژێر کارتێکەریی گۆرانیی عەرەبیدا نەبووایە، ئەورۆکە شتێکی دیکە دەبوو. دیارە گۆرانیی فۆلکلۆریشی گوتۆتەوە و باشیشی گوتووە، بەڵام زۆر کەم.

شادەماری رەوتی گۆرانیی فۆلکلۆریکی کوردیی لەو سەردەمەدا، حەسەن زیرەک و سێوە و لە وێنەی ئەو دوو گۆرانیبێژە گەیاندیانە ئاستی مەبەست. بەڵام تەنیا زیندووکەرەوە بوون و هیچی دیکە. سەردەمەکان جیاوازن و بۆنەکانیش دەور دەبینن. عەلی مەردان کۆمەڵێک مەقام و گۆرانیی کوردیی زیندوو کردەوە و، جیا لە گۆرانییە فۆلکلۆرەکانیش، کۆمەڵێک گۆرانیی تازەی خستە سەر خەرمانی گۆرانیی کوردیی.

گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمە، جگە لە عەلی مەردان، کەسیان نەیانتوانیوە ئاواز دابنێن. ئەوانەشیان کە ئاوازیان داناوە، تەنیا رێگەیەک کە لەو سەردەمەدا پێیان نەزانیوە ئەوە بووە کە لەسەر گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردی نەیانتوانیوە ماڵ بکەنەوە و گۆرانیی نوێ دابنێن، بەڵکوو پەنایان بردۆتە بەر گۆرانیی گەلانی دراوسێ، لە کاتێکدا کورد خۆی لە فۆلکلۆردا زۆر دەوڵەمەندە.

کەریم کابان و قادر کابان دوو گۆرانیبێژی نوێ بوون کە دوای ئەوان و لە حەفتاکاندا دەنگیان دایەوە و ئاوازی نوێیان دانا و لەسەر شیعری نوێی شاعیرانی وەکوو گۆران و کامەران موکری و ئەحمەد هەردی، ئاوازیان دانا و شێوازێکی باشیان لەپێش گرت، بەڵام چیرۆکی کاری هونەریی ئەوانیش دوورودرێژە و باسکردنیان لەم وتارەدا دەس نادا، تەنیا دەڵێم شێوازێکی سەرکەوتوو بوو، بەڵام نە بەقەدەر ئەو شێوازەی کە قادر دیلان لە پێشی گرت و بە نێوی عومەر دزەیی تەواو بوو.

من دژ بەوە نیم کە گۆرانیی گەلانی دیکەی دنیا بکرێ بە کوردی، یان لە گۆرانی و ئاوازی گەلانی دیکەی جیهان کەڵک وەرگرین. بەهەڵکەوت کارێکی ئینسانی و باشە و مۆسیقا سنوور ناناسێ و دەبێ ئەو کارە بکەین و هەتا دەتوانین بۆ دەوڵەمەندکردنەوەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە گۆرانی و مۆسیقای گەلانی دیکەی دنیا لێزانانە کەڵک وەرگرین.

گۆرانیبێژانی کورد هەر یەکە بە جۆرێک لە

زیندووکردنەوە و پاراستنی گۆرانیی کوردیدا دەوریان دیوە. تاهیر تۆفیق چەپکێک مەقام و بەستەی نیشتمانپەروەرانە و هاندەری تۆمار کرد، کە وەکوو ڕێچکەیەک لە سەر گۆرانیبێژەکانی دیکەی کورد شوێنی دانا. عەلی مەردان خۆی ئاوازدانەریش بووە، بەڵام هەندێ گۆرانیی هەن کە لە گۆرانی و ئاوازی گەلانی دراوسێی کورد وەریگرتوون، بە تایبەت لە تورکیی ئەستەمبووڵی، کە شەقڵەکانیان دیارن. محەمەدی مامڵێ گۆرانییەکی زۆری ئازەریی کردووە بە کوردی و هەن. حەسەن زیرەک کۆمەڵێک گۆرانیی عەرەبی و ئازەری و تورکی و ئاسوریی کردووە بە کوردی کە ئێستاش نیوەی خەڵکی کورد نازانن ئەم گۆرانییانەی لە چییەوە وەرگرتوون! ئەم کارانە کارێکی باشن و دەبنە هۆی دۆستایەتی و هەست بە نزیکی لە نێوان گەلاندا و وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد، نە تەنیا زەرەری نییە، بەڵکوو مۆسیقای کوردی دەوڵەمەند دەکا.

دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە هەر گەل و نەتەوەیەک خاوەن زمان و ئەدەب و هونەری تایبەت بە خۆیەتی کە وەکوو دیاردە لە ناو کۆمەڵگاکەیەوە هەڵقوڵیوە و ئاوێنەی ژیانی چەنای چەند ساڵەیەتی و شانازییان پێوە دەکا و بە چاک و خراپیانەوە لە گەڵیاندا دەژی. ئێمەی کورد خاوەن فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندین بە تایبەت لە گۆرانیدا. جا ئەوەی کە بۆچی گۆرانیبێژی کورد گەشە بەم گۆرانییانە نادا؟ یان بۆچی ئەم گۆرانییانە بە مۆسیقای گەلانی دیکەی دنیاوە گرێ نادا؟، ئەوە لاوازیی گۆرانیبێژەکەیە، دەنا کارێکی زۆر باشە، بەڵام یەکەم لێزانانە، دووەم ئەگەر بکرێ، زانستییانە.

چەند شتی دیکەش هەن کە دەوری زۆر دەبینن، وەک (شێواز) و (قوڕگ) و (شارەزایی)ی گۆرانیبێژ. حەسەن زیرەک چی گۆرانیی گەلانی دراوسێی (کورد)ی کردووە بە کوردی، وا لە قوڕگیدا ستاری گرتووە و بوونە بە کوردی، کە کەس نازانێ ئەم گۆرانییانە لە بنەڕەتدا کوردی نەبوونە!

ئێمە ناتوانین دەنگی شەماڵ سائیب و حەسەن زیرەک لە یەک ترازوودا دابنێین. دەنگی حەسەن زیرەک لەبەر ئەوەی کە نەخوێندەوار بوو و، لە ناو کۆمەڵگایەکی تەواو کوردیدا بار هات، کوردیی پەتی بوو، بەڵام شەماڵ سائیب بە پێچەوانەوە ڕۆڵەی شار و خوێندەوار بوو. لایەنەکان لەگەڵ یەکدی جیاوازییان هەیە. ئەوەندە حەسەن زیرەک شارەزای گۆرانیی فۆلکلۆر بووە، شەماڵ سائیب نەبووە. بە بارێکی دیکەدا، شەماڵ سائیب شەیدای مۆسیقای عەرەبی بووە و، گۆرانییەکانی فەرید ئەترەش یەکجار کاری تێ کردوون.

دەتوانم ئەوەش بڵێم کە ئەو کارەی شەماڵ سائیب شوێنی لەسەر تیپە هونەرییەکانی کوردستانی بندەستی عیراق دانا و، تیپەکانی ئەو سەردەمە ڕێگای ئەویان لەپێش گرت و دەستیان کرد بە دانانی ئاواز لە سەر شیعری کوردی و هەروەها دانانی ئۆڤێرتوور، یان پێشەکی و دابەشکردن بۆ گۆرانی.

وەک لە سەرەوە باسم کرد، گۆرانیبێژانی کورد، هەر یەکە بە شێوەیەک، لە بناخەدانانی خانووبەرەی گۆرانیی کوردیدا بەشدار بوونە و نەخشیان هەبووە. ئێمە دەتوانین بڵێین: شەماڵ سائیب هونەرمەندێک بوو کە لەو سەردەمەدا گۆرانی بەسەر گۆرانیی کوردیدا هێنا، بەڵام جگە لە گۆرانییە فۆلکلۆرەکانی، ئەوانی دیکەی ڕاستەوخۆ لە عەرەبییەوە وەرگرت. بەهەرحاڵ شەماڵ سائیب لە خزمەت بە گۆرانیی کوردیدا بێدەور نەبووە و جێپەنجەی بە ناوچاوانی گۆرانیی کوردییەوە دیارە. سەرەڕای ئەو تێبینییانەش هەرچەند شەقڵی گۆرانیی عەرەبی بە گۆرانییەکانیەوە زەق دیارە، بەڵام لە مەیدانی گۆرانیی کوردیدا یەکەم ئاوازدانەر و ڕچەشکێنی پەنجاکانە.

* * *

شەماڵ سائیب هەر لە سەرەتای دەسپێکردنی کاری هونەرییەوە، ئاواتی ئەوە دەبێ کە مۆسیقای کوردی هەڵبدا و گەشە بکا، کەچی بە داخەوە خانەوادەکەی دژی ڕادەوەستن و گۆرانیگوتن بە کارێکی ناشیرین دادەنێن؛ بەڵام شەماڵ کۆڵ نادا و دەڵێ: مۆسیقا کەرامەتمە و

هەتا بمرم وازی لێ ناهێنم و کەرامەتی خۆم نافرۆشم.

ئەم هونەروەرە ئاواتی ئەوە بووە کە ژنی کوردیش سازی مۆسیقا بزانێ. لە کتێبی (لەگەڵ شەماڵ سائیب)دا کە کۆمپانیای چەقماقچی چاپی کردووە، گوتوویەتی: ژن لە باری بیر و هۆش و هەستەوە گەرم و بەرەحمە، لە ڕازاندنەوە و ڕێکخستنی ناوماڵدا بەزەوق و پڕهونەرە. جا ئەگەر بێت و ژن خوو بداتە مۆسیقا و فێری ئامێرێکی وەکوو عوود، ڤیۆلۆن یان پیانۆ بێ و بە پەنجەی نەرمونیانی ماڵ پڕ کا لە ئاوازی خۆشی ژیان، بڕوا ناکەم خەفەت ڕوو بکاتە هێلانەیەکی ئاوەها گەرم و ڕازاوە. لە پاڵ ئەوەدا بانگەواز لە ژنان دەکا و دەڵێ: هۆ خوشکانی تێگەیشتوو، دەستەکانتان بێنن با بڕۆین بەرەو پێکهێنانی ئەم ئاواتە بەرزە. ئەوسا لە دڵی خۆیدا چۆتە ناو خەیاڵ و وای وێنەنوێن کردووە:

ماڵێکی ڕازاوە و جوان، دوو منداڵی ساوا لە قوژبنێکدا بێدەنگ دانیشن و خەریکی خرپلە و پڕپلەی یاری بن، لەو لاشەوە دایکیان بە جلی کوردییەوە لە سەر پیانۆیەک دانیشێ، یان عوودێکی لەسەر کۆش بێ و بە پەنجەی نەرمی ماڵ پڕ کا لە ئاوازی خۆش و جوان، بانگی ژیان، بانگی گەرمی ژن و مێردایەتی، ئاوازی بەهەشتی پڕ لە شادی. ئەوسا لەو دنیای خەیاڵەدا بە خۆی دەڵێ: جا ماڵێک ئاوەها بێ، دیارە سەرچاوەی ماف و جوانی و بەرهەمی پڕ لە سوود دەبێ بۆ کۆمەڵ. بەڵام خەیاڵ بەری دەدا و چاوی پڕ دەبێ لە فرمێسک و ئەوجا ئەم دوو دێڕە شیعرەی شاعری نیشتمانپەروەر (فایەق بێکەس)ی دێتەوە بیر:

واسیطەی عەیبە کە داییم قەومی کورد بێسەروەتن
بێ مەعاریف، بێ صەنائیع، تووشی سەد دەردیان ئەکا

شەماڵ سائیب مرۆڤێکی دڵپاک، نازدار، قسەخۆش و دەروونبەرز بووە. خۆی بە خەمخۆری هەمووان زانیوە. وەک هاوڕێکانی باسی دەکەن: هەر کاتێ هەستیان بە ناخۆشی و دڵتەنگی کردووە، دەستبەجێ دەستی داوەتە عوودەکەی و ڕەپۆشەکەی لێ کردوون بە ئاهەنگ و سەیرانێکی بۆ ساز کردوون و لە کەسەر و پەژارەی دەرهێناون. بەڵام وەکوو خۆی گوتوویەتی: قەت ڕووی خۆشی لە ژیانیدا نەدیوە. وەک لە کتێبی (لەگەڵ شەماڵ سائیب)دا باسی کردووە: ناخۆشترین کاتی ژیانی ئەو کاتە بووە کە ناچار بووە بۆ بژێو عوودەکەی بفرۆشێ. ئەوەندە بە دەس هونەروەوە کەساسی و کوێرەوەریی دیوە، گوتوویەتی: هەر کەسێک دەیەوێ ژیانێکی بێ سەروبن و تاڵی هەبێ، ڕوو بکاتە ڕێگای هونەر! زۆر جار لەبەر دەستەنگی و باری نالەباری ماڵی کە وشترێکە لە بەر دەرگای زۆربەی هونەرمەندە کوردەکاندا دەخەوێ و ئێستاش هەر خەوتووە، عوودەکەی فرۆشتووە بۆ ژەمەنی ژیان، کە ئەمە خۆی تراژیدیایەکی پڕ لە مەینەتە بۆ هونەرمەند. لەبەر ئەو هۆیە ناچار ماوەیەک ماڵئاوایی لە مۆسیقا و کاری هونەری مۆسیقا دەکا، هەتا دیسان دەبێتەوە خاوەن عوودێکی دیکە.

* * *

ساڵی ١٩٧٩ دوای ئەوەی کە سەرتاسەری کوردستانی بندەستی ئێران کەوتە بەر هێرشی کۆماری ئیسلامی، من و مەرزییە تەنیا دڵنیامان هەبوو و، بێ ئەوەی ئاگامان لە بارودۆخ بێ، چووینە کوردستانی بندەستی عیراق و وەکوو (پەنابەر!!) ماوەی چەند مانگ لە سلێمانی ماینەوە. ئێمە میوانی تیپی مەولەوی بووین و لە ماڵی کاک (نامداری عومەراغای قەرەداغی)دا دەماینەوە. هەرچەند لەم نووسراوەیەدا ناتوانم باسی خزمەت و ئینسانییەتی ئەو بنەماڵەیە، بە تایبەت دایکی، بێنمە سەر کاغەز، بەڵام هەتا بمێنین لەبیریان ناکەین و چاکەیان لەبەر چاومانە. من باسی ئەو سەفەرەم لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆمدا تۆمار کردووە و لە داهاتوودا بڵاوی دەکەمەوە.

ڕۆژێکیان لە گەڵ کاک نامدار و هاوڕێیانی (تیپی مەولەوی)، چووین بۆ زانکۆی سلێمانی، کە لە ستۆدیۆ گۆرانی تۆمار بکەین، گۆرانییەکان کاک جەنان تۆماری دەکردن. کاتی وچان کاک کەریم کابان هات و گوتی حەز دەکەی شەماڵ سائیب ببینی؟ لە وەڵامدا گوتم بۆ نامەوێ زۆرم پێ خۆشە! من خۆم یەکێ لە لایەنگرەکانی ئەوم.



پاییز بوو، سەرما سووسەی دەکرد، چووینە دەرێ، دیتم خۆیانیان داوەتە بەر هەتاو و جغارە دەکێشن. منیش دەستم لەگەڵ دان و کاک شەماڵ دلۆڤانانە و بە رووخۆشییەوە بەخێراتنی کردم و دەستمان کرد بە قسە و باس. بەڕاستی ئەو هونەروەرە مرۆڤێکی ڕووخۆش و زەرەشیرین بوو. یەک دوو جار بە دیتنی شاد بووم. بەڵام داخی داخانم، من ویستم زۆرتر ببینم، کەچی ڕێک نەکەوت، چونکە ئێمە بە پەلە ئەوێمان بەجێ هێشت و گەڕاینەوە بۆ کوردستانی بندەستی ئێران! موخابن بەختم یار نەبوو کە فرەتر ببینم و زۆرتری بناسم. ئەو چەند ڕۆژەش کە خەریکی تۆمارکردن بووین، دوو جاری دیکەش بینیم. جارێکی دیکەش لە سلێمانی لە دوکانێک لە جادەی کاوە بینیم. لەو چەند دیدار و دیتنەدا بۆم دەرکەوت کە شەماڵ سائیب ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و ئاشتیخوازە. ئاواتی ئەوە بوو کە کوردستان لە چنگی داگیرکەران ڕزگار ببێ و بگاتە ئاستی وڵاتانی دیکەی دنیا.

ئەگەر چاوێک بە کژووی تەمەنی پڕ لە تاڵی و شیرینیی ئەم هونەرمەندەدا بگێڕین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئۆخەی نەکردووە و خۆزگەی نەهاتۆتە دی. تووشی تاڵاوی نەهاتی و کۆسپی گەورە هاتووە و سینەیان بە داخ و حەسرەت هەڵچنیوە و ژاراوی مەرگیان پێ چێشتووە. ڕێگای زۆری لێ گیراوە، دەرکەی فرەی لەسەر داخراوە، هەر لە بێخانەولانییەوە بیگرە هەتا ئاوارەیی و پەرێوەبوون و دواییش دێوەزمەی نەخۆشی.

لە پاودانێکی ئاوەهادا، نەخۆشی کز و لاوازی دەکا و چاوە گەشەکانی لێڵ و تاریک دادێن. لە سەرەتاوە دۆکتۆرەکانی شاری سلێمانی کە دۆست و خۆشەویستی دەبن، لێی دەپارێنەوە کە نەخۆشی تێکی داوە و دەبێ ئاگای لە خۆی بێ. نێوێ لیستەیەک نەخۆشییش دەدەن بە گوێیدا. ناچار بە (مامۆستا عومەر عارفی قاپڕەش) دەڵێن هەوڵی لەگەڵ بدا کە ئاگای لە خۆی بێ. بەڵام لە وەڵامدا گوتوویەتی: گاڵتەم لەگەڵ مەکەن. هەتا لە هەولێر نەخۆشی تەنگی پێ هەڵدەچنێ و

دوکتۆرەکانی شاری هەولێر و خەڵکێکی زۆری ئەو شارە، دەبنە خوشک و برا و دایک و باوک بۆی، بەڵام بە دادیدا ناگا و سەرەتان ئامبازی دەبێ و دەیگلێنێ. تا ئەوەی کە دوای چەند ساڵ برستی لێ دەبڕی و لە ٧-١١-١٩٨٦دا لە هەولێر، لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا، دڵەڕەنجاو و خەمداگرتووەکەی لە لێدان دەکەوێ و دێوەزمەی مەرگ بەرەو دیاری نادیار بارگەی پێ تێک دەنێ. ئەوسا تەرمەکەی دەبەنەوە سلێمانی و لە گردی سەیوان بە خاکی کوردستانی بندەستی دەسپێرن.

* * *

دوای مردنی شەماڵ سائیب زۆر کەس لەمەڕ ئەم هونەروەرە نووسیویانە و، سەبارەت بە وی داخ و دوخانی خۆیانیان دەربڕیوە و پەسنیان کردووە. منیش لێرەدا هەندێکیانم لە باری ناوەڕۆکەوە بە باش زانی و، لەگەڵ ڕاسوڕێشکردنی شێوەی نووسینەکانیان، گواستمنەوە و، لەم وتارەدا نووسیمنەوە:

مامۆستایەکی عەرەب، بە نێوی (علی الحلی) وتارێکی لەمەڕ شەماڵ سائیب، کە کاتی خۆی دۆستی یەکدی بوونە و لە بەغدا یەکدییان ناسیوە، ناردووە بۆ ڕۆژنامەی ئاسۆ، ئەوانیش کردوویانە بە کوردی، منیش پاش تۆزێک ڕاسوڕێشکردن، لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە:

لەم دواییانەدا زانیم هاوڕێم، هونەرمەندی کورد (شەماڵ سائیب) کۆچی دوایی کردووە! سەرم لەم هەواڵە کوتوپڕ و خەمهێنەرە سووڕ ما. یەکەم جار کە چاوم بەم ئینسانە هەستناسکە کەوت، لە چایخانەی (الزهاوی) بوو. ئەو چایخانە بچکۆلەیەی کە کەوتۆتە دەستەڕاستی کۆتایی گۆشەی شەقامی (حسان بن ثابت)، کە دەچێتەوە سەر شەقامی (الرشید)ی ناسراو بە ئاسەوارە کەلەپوورییە چەشناوچەشنەکان و پانۆرامای ڕووداوەکان، لە بەغدا.

ئەو چایخانەیە ئەگەرچی ئەوەندە گەورە و خاوێن نەبوو، بەڵام بووبووە شوێنی بەیەکگەیشتنی ڕووناکبیرانی ئەو قۆناخەی ژیانی گەلەکەمان، کە لە هەموو تەمەن و بۆچوون و لایەنگرێکی جیاوازی هەر لە باکووری نیشتمانەوە تا دەگاتە کەنداوی عەرەب تێدا کۆ دەبووە.

(ئەم نووسەرە، کوردستانی بندەستی عیراق، بە باکووری نیشتمان دادەنێ، بەڵام دەگاتە کەنداوی فارس، کە ئەوە مێژوو دەزانێ هی عەرەبە، یان هی فارس، دەبێتە کەنداوی عەرەب!! دیارە دیفاع لە کەنداو ناکەم، مەبەستم تەنیا ئەوەیە کە نووسەری نێوبراو، بەرانبەر خاکێکی داگیرکراو، چۆن بیر دەکاتەوە. ن. ڕەزازی).

لە سەرەتای پەنجاکاندا، یان وردتر بڵێم لە کۆتایی چلەکاندا لە گەڵ چەند هاوڕێیەک لە بەغدا بووم بە ناسیار، کە یەکێکیان شەماڵ سائیب بوو، ئەوانی دیکەش: جیان، پیربال مەحموود، عبدالصمد خانەقا، محمود الریفی، عبدالقادر رشید الناصری و چەند کەسێکی دیکە بوون کە لەگەڵ هەندێکیاندا پێوەندیمان بەتین بوو.

لەو سەردەمەدا شەماڵ سائیب بە گۆرانییەکی خۆشی فۆلکلۆریک نێوی دەرکردبوو. ئەو گۆرانییە بەجۆش و خرۆشە وەکوو لەبیرم بێ (ئەرێ لەیلێ) بوو کە لە ناو خەڵکدا بڵاو بووبووەوە و یەکەم جاریش بە هۆی ئەو گۆرانییەوە جەماوەر ناسییان.

(بەلای منەوە زۆر شتێکی سەیرە کە ئەو کابرا عەرەبە گۆرانیی (ئەرێ لەیلێ)ی بە فۆلکلۆر داناوە، جا ئەگەر مەبەستی فۆلکلۆری عەرەبی بێ وەک ئەوەی بە کوردستان دەڵێ باکووری عیراق، ئەوە هیچ، بەڵام ئەگەر مەبەستی فۆلکلۆری کوردی بێ، گیانی ئەو گۆرانییە زۆرتر لە عەرەبییەوە نزیکە تا کوردی. بەڵام تەنیا شتێک کە برەوی پێ دا، کۆرسی گۆرانییەکە و شیعرەکانی بوو. ن. ڕەزازی)

پاشان چەندین ساڵ لە یەکدی دابڕاین و هەر یەکەمان لە کار و سەرقاڵییەکانی ژیاندا ون بووین و کەسمان ئاگای لە چارەنووسی ئەوی دیکەمان نەبوو.

ڕۆژێک لە ڕۆژانی مانگی کانوونی دووهەم کە باران و تەمومژ، ڕەپۆشەی ئاسمانی داگرتبوو، لە لایەن هاوڕێیەکمەوە کە ئەوسا لە باڵیۆزخانەمان!!

[باڵیۆزخانەی عیراق لە ئامریکا] کاری دەکرد بانگهێشتن کرابووم. کاتێک خۆم بە ژووردا کرد یەکسەر چاوم بە دۆکتۆر (باسل البستانی) کەوت کە ڕۆژێکیان بە پەشۆکاوی لە پۆلیسخانەیەک دیتم تێدەپەڕێ. جگە لە ئەو ژنێکی ڕۆژنامەنووسی ئامریکاییش، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی لوبنانە و، تا ڕادەی شێتی، لە گەڵ مەسەلەی فەلەستین دەخرۆشا، لەوێ بوو. لە لای هەردووکیشیانەوە هاوڕێ شەنگەکەم، بەخۆی و عوودەکەیەوە دانیشتبوو.

هەموو لەسەر قاڵییەک دانیشتبوون و دانیشتنەکەشیان دانیشتنێکی ڕۆژهەڵاتییانەی پەتی بوو. بەم چەشنە سەرلەنوێ بینیمەوە. غەریبایەتی و دووریش، ڕەپۆشەیەکی گەرمی لێ درووست کردبووین. هەموو هەست و سۆزمان بۆ نیشتمانی ئەودیو ئۆقیانووس و وڵاتەکانی گری گرتبوو. هەمووشمان دڵ پڕ لە خۆزگەی دیدارێک بووین لە داهاتوویەکی مزگێنیهێنەردا، بەڵام سەرلەنوێ لێک دابڕاینەوە و نەمانزانی ئەو دیدارەشمان دەبێتە دوادیتن و ئیتر یەکدی نابینینەوە.

ئاوەها شەماڵ سائیب ون بوو! منیش گەڕامەوە بۆ عیراق. بەر لە چەند ڕۆژێک باسی بیرەوەرییەکانی یەکەم سەردانی واشنگتۆنم بۆ برادەرێک دەگێڕاوە، نێوی شەماڵ سائیبیش چەندین جار هاتە گۆڕێ، سەرنجم دا هاوڕێیەکەم وەک ئەوەی نهێنییەکی پێ بێ، دەیەوێ بەسەر دەروونی خۆیدا زاڵ بێ و نەیدرکێنێ، نەک هەست و سۆزم بهوروژێنێ، بەڵام خۆی پێ ڕانەگیرا و درکاندی و گوتی: ماوەیەک لەمەوبەر دۆکتۆر شەماڵ سائیب پاش ئەوەی کە ١٠ ساڵ زیاتر بە ویستی خۆی، خۆی لە وڵات دوور خستەوە، گەڕایەوە بۆ عیراق. ئەوە بوو لێرە مرد و تەرمەکەی لە خاکی نیشتماندا نێژرا!

(لێرەش کوردستانی داگیرکراو بە نیشتمانی کورد دانانێ و بە خاکی عەرەبی لە قەڵەم دەدا، چونکە باکووری عیراقە! ن. ڕەزازی)

منیش ئەو کاتەم وەبیر هاتەوە کە لە ناو هەرا و زەنای فرۆکەخانەدا، بەبێ ماڵاوایی لێمان دابڕا و، بێدەنگ گەڕایەوە! داخەکەم شەماڵ سائیب بۆ هەتاهەتا بەجێی هێشتین، بێ ئەوەی قەدری بزانین!

* * *

خانمێکی ئەمریکایی لە نامەیەکدا کە بۆ کاک (وریا جاف)ی نووسیوە و ئەویش لە گۆڤاری (بارزان)دا بڵاوی کردۆتەوە و من کوردییەکەیم ڕاسوڕێش کردووە، گوتوویەتی:

من مانگی ٦ی ١٩٧٠ زانکۆی ئیندیانام لە « بلوومینگتۆن » بە جێ هێشت، ئیتر لەو کاتەوە شەماڵم نەدیوە و هیچم لەبارەیەوە نەبیستووە.

ئێمە نزیکەی ساڵێک پێکەوە لە کتێبخانەی زانکۆی ئیندیانا لە بەشی « Circulation » کارمان دەکرد، هەرچەند من « تەواوڕۆژ Full- Time » کارم دەکرد، بەڵام ئیشەکانمان وەک یەک بوون. شەماڵ قوتابیی ماجستێر بوو. لە دەسپێکەوە کە یەکدیمان ناسی، هەتا ٩ مانگ تێنەپەڕی نەمزانی شەماڵ سائیب لە وڵاتەکەی خۆیدا گۆرانیبێژێکی ناسراوە.

لەمەڕ هەڵسوکەوت و کرداری ئەم هونەرمەندە، پێگی خانم لە نامەکەیدا دەڵێ: شەماڵ سائیب هێمن و شەرمن و بێفیز بوو. لە هەمان کاتیشدا حەزی بە تێکەڵاوی دەکرد و هەمیشە بەشداربوویەکی دڵپاک و کراوە و چالاک بوو، بەتایبەت لەو گفتوگۆیانەدا کە ئێمە نیوەڕۆیان لە کاتی وچان لە بەشی « Circulation » دا، پێکەوە دەمانکرد. لە سەرەتای هاتنیدا بۆ ئەمریکا وەکوو هەموو یەکێکی تازەهاتوو، لەم وڵاتەدا تووشی هەڵەیەک بووبوو، کە وەکوو بیرەوەری بۆتی دەگێڕمەوە:

لە واشنگتۆن دی سی، لە لای کاک عومەر هەڵمەت دەمێنێتەوە. پاش ماوەیەک بە دووی خانوودا دەگەڕێ. بە کاک عومەر دەڵێ: دەمەوێ ئاپارتمانێکی·وا پەیدا بکەم کە سەرشۆرگەی هەبێ. کاک عومەریش دەڵێ: خەمت نەبێ هەیە و پەیدا دەبێ. کاک عومەر نازانێ مەبەستی کاک شەماڵ لە سەرشۆرگە « وان » یان « بانیۆ » ی حەمامە کە پڕی دەکەی لە ئاو و دەچیتە ناویەوە! بەڵێ

دوای چەند ڕۆژ گەڕان بە دووی خانوودا، دێتەوە بە کاک عومەر دەڵێ: کاکە ئاپارتمانی وا دەس ناکەوێ کە سەرشۆرگەی هەبێ! کاک عومەریش دەڵێ: چۆن شتی وا دەبێ، کە وا بوو من خۆم لە گەڵت دێم! کاک عومەر لە تەکیا دەچێتە هەمان ئاپارتمان کە پێشتر شەماڵ سائیب داوای کردووە بە کرێی بگرێ، لە خاوەن ئاپارتمان دەپرسێ خانوو هەیە؟ خاوەن ئاپارتمانیش دەڵێ: بەڵێ خانووی بە کرێ هەیە بەڵام گۆمی بچووکی مەلەوانیی تێدا نییە! کاک عومەریش دڵێ: گۆمی بچووکمان بۆچییە؟! خاوەن ئاپارتمانیش دەڵێ: چوزانم ئەم برادەرەی تۆ بە دوای گۆمی بچووکی مەلەوانیدا دەگەڕێ! تومەس ئینگلیزییەکەی کاک شەماڵ لەو کاتەدا ئەوەندە باش نەبووە کە بتوانێ خاوەن خانووەکە تێبگەیەنێ کە: حەمامەکە (بانیۆ)، یان (وان)ی هەبێ؟!

پاشان پێگی خانم دەڵێ: دوای ۹ مانگ، ئێوارەیەک شەماڵ دەریخست کە گۆرانیبێژ و عوودژەنێکی بەنێوبانگە و، لە وڵاتەکەی خۆیدا وەکوو گۆرانیبێژە ڕۆکئاندرۆڵەکانی ئەمریکایە. ئەگەر وای گوت سەرم سووڕ ما. بەداخەوە نە بیستم گۆرانیی بڵێ، نە دیتم عوود لێ بدا، هیچیانم لێ نەبیست.

پێگی خانم لە نامەی دووهەمیدا بۆ کاک وریا سەبارەت بە کۆچی دوایی شەماڵ سائیب نووسیویەتی: بەڕاستی هەرچەندە سەختە و ناتوانم باوەڕ بکەم کە شەماڵ مردووە، بەڵام ئەم هەواڵە هەژاندمی و پەژارە دایگرتم.

لە کۆتاییدا پێگی خانم دەڵێ: تکایە بۆم بنووسە بزانم شەماڵ سائیب چۆن مرد؟ بۆچی مرد؟ داخوا نەخۆش بوو؟ ئایا ژن و منداڵی هەبوو؟ چ خێزانێکی لە پاش بەجێ ماوە؟

دیسان لە کۆتاییدا دەڵێ: ئێستا دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارەم بدرێتەوە کە:

« شەماڵ سائیب چی بەسەر هات؟؟ »

مردنی شەماڵ سائیب ئەوەندە کار دەکاتە سەر پێگی خانم، کە داوا لە کاک وریا دەکا و دەڵێ: دەمەوێ لەسەر گەلی کورد، کتێب و نووسراوە بخوێنمەوە، تکایە یارمەتیم بدە.

* * *

کاک کەریم زەند لە ژێر ناونیشانی (شەماڵ سائیبی نۆجەوان)دا نووسیویە:

ساڵی ۱۹٤۳ کە لە خوێندنگەی ئەعزەمییەی بەغدا، یانەی مامۆستایانم تەواو کرد، هاتمەوە سلێمانی و لەوێ بووم بە مامۆستا. کارگێڕی فێرگەکە مامۆستا فوئاد ڕەشید و کۆمەڵێ مامۆستای بەڕێزی دیکەی ئەو سەردەمە و دەستەی فێرکردن بوون. لەوانە: مامۆستایان جەلال و عەبدولواحد نووری و موحەممەد تۆفیق عەزیز و هادی موحەممەد و باقی ئەحمەد سابیر و منیش دانرام بە مامۆستای وانەی مێژوو و جوغرافیا و زمانی عەرەبی.

کۆمەڵێک لاوی ئەو سەردەمە قوتابیی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بوون کە شەماڵ سائیب، ڕەفیق تۆفیق قەززاز، فەرەیدوون عەلی ئەمین، عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەکر عەباس، جەماڵ ساڵەح، عومەری ئەوڕەحمانی خامە، ئەوڕەحمانی حاجی عەبدوڵڵا بۆسکانی، لەتیف عەبدوڵڵا و عوسمانی عەلی شێخ بوون. کاکە شەماڵ لە ناویاندا خاوەن بەهرە و ڕووخۆش و ئێسکسووک و زیرەک بوو. لە خوێندنگەشدا گوێڕایەڵ و کردار باش بوو و لە یاسا سەرپێچیی نەدەکرد.

ساڵ هات و ساڵ چوو، دوای نسکۆی کۆماری کورد، لە مەهاباد یەکدیمان دیتەوە. لەوێ نامەیەکی باوکی پێ دام کە بیدەم بە زانای کورد تۆفیق وەهبی بەگ بۆ ئەوەی بە ڕێمان بکا بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندنی باڵا، بەڵام نەچووین و ماینەوە.

دوا دیداری ئێمە دوای شکانی شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ۱۹۷٥ بوو. بەڵام دوابیرەوەریی من لە کاکە شەماڵ، وێنەیەکی کۆنگرەی مامۆستایانی کوردە لە شەقڵاوە کە ساڵی ۱۹٦۰ گیراوە. ئەو وێنەیە بەڕێز (نەزیرە خانم)ی خێزانی پێشکەشی کردم. من و چەند کەسی دیکە لەو وێنەیەداین و منیش بە یەکێتیی

نووسەرانی کوردم ڕاسپاردووە کە بیپارێزن.

* * *

شێرزاد عەبدولڕەحمان لە ژێر سەردێڕی « هەتا گۆرانی بمێنێ، شەماڵ سائیبیش دەمێنێ » دا نووسیویەتی:

لە بیرمە ساڵانی حەفتاکان، کە هونەرمەند شەماڵ سائیب گەڕایەوە، بێدەنگیی هەڵبژارد و دوورەپەرێز ڕاوەستا، منیش لە یەکێ لە ژمارەکانی «ڕۆشنبیری نوێ»دا لە ژێر نێونیشانی (تەنیا دەنگێک) نووسیبووم: ئێمە دوای گەڕانەوە چاوەڕوانی بەخششی گەورە بووین بەڵام موخابن!!

وام دانابوو شەماڵ سائیب دڵگیر ببێ، بەڵام زۆری نەبرد هاتە هەولێر و بەیانییەکی زوو سەری لێ هەڵێنناین. دیسان لە یەک دابڕاین. چەند جاری دیکە یەکدیمان دیتەوە و، بووین بە هاوڕێی نزیکی یەکدی. وا بوو حەفتەیەک دوو کەڕەت یەکدیمان دەبینی. لەو کاتەیدا کە پەرێشان و لە ژیان وەڕز بوو، من یەکێ بووم لە هاودەمەکانی. هەمیشە خەمی تاڵی بۆ هەڵدەڕشتم، دەتگوت خەمیان بە باڵای بڕیوە! دەیزانی من یەکێک لەوانەم کە خۆشم دەوێ و ڕێزی بۆ دادەنێم و نازی دەکێشم، زۆربەی شەوان پێکەوە بووین. هەمیشە باسی تراژیدیا و نهێنییەکانی ژیان و ئەو دنیا پڕ لە مەینەتییەی بۆ دەکردم.

لەم دوایییانەدا نەخۆشی و باری نالەباری ژیان، کاری (پڕلە مەینەت)ی گۆرانیبێژی و خەمی کوردستان، وای لێ کردبوو کە هەمیشە دڵـلەدوا و بەپەرۆش بوو. گلەیی زۆری لە هونەرمەندەکان بوو. هەر کاتێکیش کە دەمانگوت با کۆڕێکت بۆ بگرین، پاش هەندێک ڕامان فرمێسکەکانی دەهاتنە خوارێ و دەیگوت: بمبوورە ئەوەندە خەڵکی هەولێرم خۆش دەوێن، دەترسم لە سەر شانۆ دەس بە گریان بکەم. من بەرانبەر بە ڕێز و



هونەرمەندان: شەماڵ سائیب و ڕەشۆڵ

حورمەتی خەڵکی هەولێر جگە لە سەری کڕنووش هیچێکی دیکەم لێ هەڵناسووڕێ.

تا دەهات دۆستایەتیمان پتەوتر دەبوو، بەڵام داخی گرانم خەمەکانی ئەو قووڵتر دەبوون. شەماڵی هونەرمەند کەوتە نەخۆشخانە و منیش تا ئەو ڕادەیەی کە بۆم دەکرا چاوم لێ دانەدەخست و سەرم دەدا، بەڵام لەپڕ ڕۆژێک کە دەمەویست بۆ لای بچم، خەبەری مردنیم پێ گەیشت! ئای کە چەن هەواڵێکی ناخۆش و دڵتەزێن بوو. دنیام لەبەر چاو ڕەش بوو. ئەوی یادگار و بیرەوەری و دانیشتن و ڕازونیازمان بوو هاتەوە بەرچاوم. دەمگوت خۆزگە نەمدیبا، ئەو هونەرمەندە بەڕێزە ئاواتی زۆری لە دڵدا بوو، بەڵام ئەویش وەکوو زۆر کوردی بەئاوات نەگەیشتووی دیکە، بردنیە ژێر گڵ.

* * *

لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا بیرم لەوە کردەوە کە من خۆم گۆرانیبێژم و لە دەرد و گیروگرفتەکانی گۆرانیبێژان باش شارەزام. دەشزانم کە ژنی پیاوی هونەرمەند چەندە ئەرک و زەحمەتی مێردەکەی بە بۆنەی هونەرەکەیەوە لەسەر شانە. بەم بۆنەوە وام بەباش زانی لەگەڵ خێزانی کە ئێستا لە وڵاتی هۆڵەندە و لەوێ دەژی، پێوەندی بگرم و لەمەڕ ژیانی کاک شەماڵ، کە لە هەموو کەسێک زیاتر ئاگاداری بارودۆخی بووە، چەند

پرسیارێکی لێ بکەم. جارێ پڕبەدڵ سپاسی کاک فەرهاد شاکەلی دەکەم کە بۆ نووسینی ئەم وتارە منی هان دا و لە ڕاستیشدا لە دەرەوەی وڵات، من بە هاندان و دنەی کاک فەرهاد دەستم دایە نووسین، دەنا قەت ئەوەم لە مێشکدا نەبوو کە خۆم بە کاری نووسینەوە خەریک بکەم. ئێستا کە بە نووسینیش سەرم هاتۆتە نێو سەران، بەحەق لە کاک فەرهادی دەزانم و لە زۆر شوێنیشدا باسم کردووە. بەهەرحاڵ بە پرساپرسا، تەلەفۆنی نەزیرە خانمی هاوسەری کاکە شەماڵی کۆچکردووم وەدەست خست و، بە نامە، ئەو پرسانەم لێ کردن کە خۆشبەختانە ئەویش بە دەنگمەوە هات و وەڵامەکەی بۆ ناردمەوە. منیش لێرەدا پوختەیەک لە نامەکەی بڵاو دەکەمەوە:

برای بەڕێز کاک ناسری ڕەزازی

ئەو کاتەو هەموو کاتێکت باش

گەرمترین سڵاوت ئاراستە دەکەم، هەمیشە دۆعای بەرزیت بۆ دەنێرم. ڕێزم هەیە بۆ خێزانەکەت و چاوی منداڵەکانتان ماچ دەکەم. هەواڵی گشت کەسوکار و برادەران دەپرسم. نامەکەت گەیشت زۆر زۆر دڵم پێ کرایەوە، کە هونەرمەندێکی بەرزی کورد لە هەندەران، لە خوشکی خۆی و خێزانی هونەرمەندێک بپرسێتەوە. ئەمە کارێکی گرنگە، ئەمجارەش سپاس.

دەمەوێت بە پێی پرسیارەکانت وەڵامی نامەکەت بدەمەوە:

شەماڵ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. دایکی خەڵکی دەوروبەری قەڵادزێیە. کۆلێجی ئادابی بەغدای تەواو کردووە، بەشی مێژوو. من لە بەرواری ٧-٣-١٩٧٥ مێردم پێ کرد. دوو کوڕم لێی هەیە کە نێویان (ژینۆ و تیشکۆ)یە. کە لە ئەمریکا گەڕایەوە مێردم پێ کرد. هۆی چوونمان بۆ هەولێر ئەوە بوو، ڕێژیم زانکۆی لە سلێمانییەوە گواستەوە بۆ هەولێر. من تەنیا هەفتەیەک لەگەڵیا چووم بۆ ئەوێ و دوایی گەڕامەوە، چونکە نێوانمان ناخۆش بوو. منداڵەکانم بچکۆلە بوون و لەبەر ئەوە خۆمم گواستەوە بۆ (بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە) لە سلێمانی.

من هەمیشە شانازیم بەوەوە دەکرد کە ببم بە ژنی شەماڵ. ئاخرەکەشی بووم و ئێستاش بەو شانازییەوە دەژیم. سەرەتای بینینمان لە کتێبخانەی مووزەخانەی سلێمانییەوە دەستی پێ کرد. من بەڕێوەبەری ئەو کتێبخانەیە بووم و، ئەویش هاتوچۆی ئەوێی زۆر دەکرد. لەوێ داوای لێ کردم خۆم بگوێزمەوە بۆ کتێبخانەی زانکۆ. شەماڵ لەو کتێبخانەیەدا لێپرسراو بوو. من خۆمم گواستەوە ئەوێ و پێوەندیمان زۆرتر بووەوە و لە ئاکامدا بوو بە هۆی خۆشەویستی. ئەنجامەکەشی زەماوەند، کە لەسەر وشەی خۆشەویستی و لەیەک گەیشتن و ڕێزگرتن و یارمەتیی یەک دان بناغەی ژیانمان دارشت. بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی شەماڵ ئەو پەیمانە و پیرۆزبوونی ژنومێردایەتیی لە بەرچاو نەگرت، ئەو پەیوەندییە ئەوەندەی نەخایاند، بەڵام من هەر خۆشم دەویست و بە هەموو شێوەیەک تێدەکۆشام یارمەتیی بدەم و گۆڕان بەسەر ژیانیدا بێنم، کەچی (جگەرەکێشان و خواردنەوەی زۆر و هاوڕێیاتی خەڵکی بێناوەڕۆک)ی دا بەسەر مندا. دەتوانم بڵێم پێش ئەوەی کە من عاشقی ڕوخساری بم، حەزم لە دەنگە زوڵاڵەکەی و گۆرانییەکانی دەکرد، کە هەمیشە لە گوێمدا دەزرنگێنەوە. ئێستا کە خەریکی نووسینی ئەم نامەیەم گۆرانیی ئەوم داناوە.

بەڕاستی ئەوەی کە لە توانامدا هەبوو بۆم کرد، بەرانبەر بە ئاکارەکانی بەڕاستی لێبردوو بووم. یەکەم: لەبەر ئەوەی کە هونەرمەندێکی کورد بوو، دووهەم: چونکە باوکی دوو منداڵم بوو. سێیەم: من خۆم بڕوام وایە کە بەرانبەر بە خراپە نابێ، وەڵامی خراپە بدرێتەوە، بەڵکوو دەبێ بە چاکە وەڵام بدەیتەوە چونکە خواوەندی گەورە دەتبەخشێ. دیارە زۆر شتی نهێنی و قووڵ هەن کە ناتوانم بیاندرکێنم چونکە تایبەتین و نامەوێ باسیان بکەم داوای لێبووردنت لێ دەکەم.

بۆ نەخۆشییەکەی، دەرکەوت کە بە هۆی خواردنەوەی

زۆر و کێشانی جغارەوە تووشی نەخۆشیی جەرگ بووە. بەڵام داخەکەم بە قسەی پزیشکەکانی نەکرد تا ئاخرەکەی کاری کردە سەری و جگەری داڕزاند و کوشتی.

پێش ئەوەی مێردی پێ بکەم، لە دانیشتنێکدا شەماڵ گوتی: من نەخۆشم، نەخۆشی گیروگرفتی ژیان. تۆ دەبێ وەکوو پەرستارێک خزمەتم بکەی. گوتم باشە، وەک دایک، وەک خوشک، وەک پەرستار، وەک هاوڕێیەکی باش و وەک منداڵێکی دڵسۆزی خۆم خزمەتت دەکەم. پێم گوت: یەکەم تێکۆشانم ئەوە دەبێ کە لە جغارە و خواردنەوە دوورت بخەمەوە. هەوڵم دەدا کە هەمیشە لە کاری هونەرییەوە نزیک بێ، بەڵام موخابن، ئەم هەموو زەحمەت و دڵسۆزییانەی منی خستە پشت گوێ و بوونە بڵقی سەرئاو و ژیانی لە خۆی تاڵ کرد. کاتێ کە تێدەکۆشام لە جغارە و خواردنەوەی دوور بخەمەوە، لەباتی دەیگوت: چەند ساڵە کەسوکارم نەیانتوانیوە ئەم شتانە لە من قەدەغە بکەن، تازە ئێتر تۆش ناتوانی!!

بە هەرحاڵ یەکەم تەقەلام ئەوە بوو توانیم لەگەڵ دایکی، کە نێوانیان ناخۆش بوو، ئاشتیان بکەمەوە. زۆر کەس تێکۆشابوون کە ئاشتیان بکەنەوە نەیانتوانیبوو، بەڵام من لە کەسوکارەکەیم نزیک کردەوە، کە ئێستاش هەموویان دڵسۆزی خۆم و منداڵەکانمن. هەمیشە دەیانگوت، تۆ کە ئەوەندە ڕێکوپێکی بەختمان هەتا سەر یار نەبوو کە ژنی شەماڵ بی. هەموویان لەسەر من هەمیشە لەگەڵ شەماڵ شەڕیان دەکرد و پشتگوێیان دەخست.

لەبەر ئەوەی کە خۆشم دەویست، زۆرم بۆ هێنا کە بچێتە دەرەوەی وڵات، بۆ دەرمان و چارەی نەخۆشییەکەی. چی زێڕم هەبوو هەمووم بۆ فرۆشت و پێم دا. ساڵی ١٩٧٦ هات بۆ (هۆڵاند) و سێ مانگ مایەوە، هەتا چارەی نەخۆشییەکەی بکا، کاتێک گەڕایەوە لە جێی دیاری بۆ خۆم و کوڕپەکەم، ژنێک و منداڵێکی لەگەڵ خۆی هێناوە کە گوایە ئەمە لە ئامریکا پێکەوە هاوڕێ بوونە و ئەم منداڵەش هی ئەوانە. ئەمە تەوەرەیەکی گەورە بوو بۆ من، کە وەکوو خنجەر جگەری داپاچیم، بۆچی، چونکە لەوکاتەدا بە منداڵی دووهەمم دووگیان بووم و لە ڕاستیدا ئەو منداڵەش بە بێباوک لە دایک بوو؛ بەڵام من بەرانبەر بەو هەموو کۆسپانە خۆمم ڕاگرت. وای لێ هات کە ئێتر نەچووم بۆ هەولێر، بۆ ئەوەی تووشی گیروگرفت نەبم. کە وا بوو لە سلێمانی دانیشتم و لەگەڵ مناڵەکانم و زووخاو و ڕۆژی ڕەشدا ژیام.

بەڵێ شەماڵ لە هەولێر مایەوە، بەڵام ژنەکەی ئامریکای کە لە هۆڵەندەوە هێنابووی، ڕۆیشتەوە. پاش چەند ساڵ لە هەولێر ژنێکی دیکەی مەسیحیی هێنا، کە ئەمەش گوایە ساڵی ١٩٤٧ لە کۆلێجی ئادابی بەغدا هاوڕێی بووە. (تەبعەن ژنەکە زۆر پیر و ناشیرین بوو)، شەماڵیش لەم کاتەدا نەخۆشییەکەی زۆر پێوە دیار بوو. لەگەڵ ئەم ژنەش گیروگرفت و سەرهەڤدەی زۆری هەبوو و پێکەوە نەدەسازان. دوایی ژنە چووە دادگا و لێی جیابووەوە و ڕۆیشتەوە بۆ بەغدا. بەڵام لە ڕێگادا تووشی قەزا هات و عەمری خوای کرد. ئێتر ئەستێرەی ژیانی شەماڵیش وردە وردە بەرەو کزی ڕۆیشت و، دواییش عەمری خوای کرد.

کاکە ناسر گیان: ئێستا کوڕەکانی ئەلحەمدوولیللا گەورەن و هەریەکەیان بۆ خۆیان پیاوێکن. منیش هیوام ئەوەیە کە خوا لەشی ساقم بداتێ بتوانم پەروەردەیان بکەم، ئینشائەڵڵا.

وەک لە سەرەوە باسم کرد، سەبارەت بە شەماڵ کۆسپی زۆرم هاتنە سەر ڕێ. بەڵام من لە ژیانمدا هیچ کارێکی هونەریم نەکردووە کە بۆتی باس بکەم.

بۆ مەسەلەی یارمەتیی هونەرمەندان، گلەییم لە هونەرمەندانی کورد بە گشتی هەیە و لە هونەرمەندانی سلێمانیش بەتایبەت، چونکە ئاشکرایە شەماڵ هەڵگری مەشخەڵی گۆرانیی نوێی کوردی بوو. بە دڵ و گیان هونەرەکەی دەپەرست. یەکەم کوردیش بوو کە لەپاڵ هونەرەکەیدا توانیی پلەی بەرزی خوێندن تەواو بکا.

گلەییم لە هونەرمەندانی سلێمانی زۆرە چونکە شەماڵ

یەکەمین هونەرمەندە کە گۆرانیی کوردیی لە تەلەڤزیۆندا بڵاو کردەوە. لەو گۆرانییە تۆمارکراوانەیدا جوانیی دیمەنەکانی کوردستان و شۆخوشەنگیی ئافرەتی کورد و چۆنێتیی خۆشەویستیی لە کۆمەڵی کوردەواریدا نیشان دا کە بوو بە: (ڕاگەیاندنێکی گشتی). هەروەها پرۆژەی شانۆیەکی لە سەردا بوو بۆ منداڵانی کورد، کە بە داخەوە نەگەیشتە بەرهەم. دیسان ویستی کۆرسی تایبەتی کوردی بۆ منداڵانی کورد دروست بکا کە ئەویش هەر سەری نەگرت.

من ویستم بە یارمەتیی بەڕێز کاک (ئەحمەد سالار) کتێبێک لەسەر ژیان و هونەری شەماڵ سائیب دابنێم، کە بەو مەبەستەش بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەمەڕ ئەم هونەرمەندە گەورەیە پێوەندیم بە برا هونەرمەندەکانەوە کرد، کە چ شتێک لەمەڕ شەماڵ سائیب دەزانن و چییان لەبارەی ئەوەوە لە لایە، هەر لە گۆرانی و شریتی ڤیدیۆ و بیرەوەری و هی دیکەوە بگرە بۆم بنێرن، بەڵام هیچ وەڵامێکم نەگەیشتەوە دەست. هەروەها چەند گۆرانییەکی نەبیسراوی هەبوو ویستم بیدەم بە تیپێکی دەنگخۆش یان گۆرانیبێژێک کە بیڵێ بە داخەوە کەس بە دەنگمەوە نەهات. هەتا ئێستاش یەک جار نەبێ، کۆڕی یادی مردنی نەگیراوە.

وەکوو ژنێک کە مێردەکەم پیاوێکی هونەرمەند بوو، ڕێزی تایبەتیم هەیە بۆ ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان هونەرمەندن. من پێم وایە ئەو ژنانە بە هۆی مێردەکانیانەوە هەڵگری درووشمی شانازین و ڕێزیان لەناو کۆمەڵدا زۆرە. ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان هونەرمەندن، ژیانیان تۆزێ لەگەڵ ژیانی ژنانی دیکە جیاوازە، چونکە بەرانبەر بە مێردەکانیان بەرپرسن و دەبێ یارمەتیدەریان بن و ئەرک و زەحمەتی زۆریان بەو بۆنەوە لەسەر شانە. هونەرمەند تەنیا موڵکی یەک کەس نییە و موڵکی هەموو میللەتە. ژنی پیاوی هونەرمەند دەبێ ئەم ڕاستییانە بزانێ. بەداخەوە من کێشەکانی شەماڵم لەبەر سەرەڕۆیی خۆی بۆ چارەسەر نەکرا و، ئەگەریش پلەی نزم بووەوە، خۆی بەرپرس بوو، نەک من. من هەوڵی زۆرم لەگەڵ دا. زۆر کەم ژنی پیاوی هونەرمەند هەن کە خۆشبەخت بن. لەسەر هونەرمەندی پیاویش ئەرکە کە ڕێزی ژنەکەی بگرێ و بەو یارمەتی و ئەرک و زەحمەتانەی ژن بزانێ.

دوا وشە لە هەموو بارێکەوە داوای لێبوردنت لێ دەکەم، هەر ئەمەم پێ کرا، بەڵام وەک باسم کرد، زۆر شتی تایبەت و نهێنی هەن کە توانای هەڵڕشتنیانم نییە. با هەر لەگەڵ خۆم و لەناو ژیانی خۆمدا قوڵپ بدەن.

ئێتر کاتت ناگرم زۆر سپاس

خوشکت نەزیرە.

لە کۆتایی ئەم وتارەدا سوپاسی گەرمی برایانەم پێشکەش بە مامۆستایان کاک ڕزگار خۆشناو و کاک حەمە شمشاڵ دەکەم، کە لە نووسینەکانیان دەربارەی شەماڵ سائیب کەڵکم وەرگرت.

ناسری ڕەزازی

ستۆکهۆڵم ١٩٩٦/١/٢٥

# ڕۆژ نییە

عیماد کەریمیان

ڕۆژ نییە برینەکانم
نەبن بە سەرچاوەی ئازار،
ڕۆژ نییە خەمێکی نوێ
دڵم نەکا بە هێلانە و
نەمکاتە ئاوارەی دێ و شار.
ڕۆژ نییە کە سەد جار نەمرم
بۆ ئاواتێ ... بۆ لەتێ نان ...
ڕۆژ نییە جەرگم نەبێتە گڕی ئاگر،
بۆ بێکەسیم
بۆ غەریبی و دووریی یاران ...

١٩٩٥/٤

# کێ پاشای کوشت؟

صەلاح شاکەلی

ڕۆمانی (پاشایان کوشت) لە نووسینی خوسرەو جاف ساڵی ١٩٩٣ لە بەغدا چاپ کراوە. لە ڕووی هونەری دارشتن و تەکنیکەوە لێی نادوێم، چونکە کاری من نییە، بەڵام کە خوێنەر دەستی دایە خوێندنەوەی، حەز ئەکات لە دانیشتنێکدا هەرچیی تیایە بیزانێت، چونکە نووسەر بە وردی ڕووداوەکانی لەگەڵ سەردەمی خۆیاندا گرێ داوەتەوە و لەتەک خوێنەردا لەسەرخۆ لە کوێستانەکانی سنە و گەلکە و مەریوانەوە بە قۆناغ دێنە خوارەوە بۆ هەردە و دەشتی گەرمیان و جارجاریش بۆ حەسانەوە لە تونکە تونکەی ماڵە جاف، ئەگەر ناحەزان دەرفەتیان دابێ لەژێر ڕەشماڵی پاشای جافدا میوانداری کراون.

بێجگە لە چەند تێبینییەک لێرە و لەوێ، مەبەستی سەرەکیم لەم باسە چۆنێتیی کوشتنی پاشای جافە و هۆی ئەو کارەساتە وەک لە زاری بە ساڵاچووانی ناوچەکەم بیستووە.

وەک هەر منداڵێک کە حەز ئەکات گرێکوێرەی هەموو نهێنییەک بزانێت، بەتایبەتی کوشتن، کە لای منداڵ شتێکی ئاسایی نییە و لەئەفسانە و خەیاڵیش گەورەترە، منیش لە منداڵییەوە حەزم ئەکرد بزانم پاشای جاف بۆچی کوژراوە؟ ئەوەم بە ڕێکەوت نەکەوتبووە بەر گوێ بەڵکە لەبەر ئەوەی لە دێرزەمانەوە لەگەڵ جافدا پێکەوە ئەژیین، کوشتنی پاشام زۆر جاران بیستبوو، جگە لەوەش لای ڕۆژهەڵاتی کفرییەوە لە نزیک گوندی سەرچەم شوێنێک هەیە پێی ئەڵێن (پاشا کوژراو)، ئەمانە وایان لێ کردم دوای پرسیارکردنی زۆر هەندێ زانیاریی پچڕپچڕم دەست بکەوێ دەربارەی ئەو ڕووداوە کە پاش پیاچوونەوەیان هەموو ئەچنە سەر یەک شارێ. کە لەگەڵ ڕۆمانی ناوبراودا بەراوردم کردن لە زۆر لایەنەوە دوورن لە یەکتر، چونکە ئەوەی لای خەڵکی ناوچەکە دەقی گرتووە و دەماودەم ئەگێردرێتەوە سەرەتا و کۆتاییی ئەو کارە لە سنووری تەسکی تیرەبازی و جوگرافیای گەرمیان و کوێستانی خێڵی جافدا نەچۆتە دەر. بێگومان ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تەنیا لایەنە دیار و بەرچاوەکانی، کارەساتەکەیان بە سەرزارەکی بیستووە و بۆیان ماوەتەوە، بێ ئەوەی بۆ خوڵقاندنی ئەو ڕووداوە هیچ فاکتەرێکی دەرەکی باس بکرێت و خەڵکی ناوچەکەش هەموو خوێندەوار نین ڕۆمانەکە بخوێننەوە و بنەمای کاریان بۆ بخرێتە سەر پشت، ئەمەش پوختەی ئەو زانیارییانەی کە لێم بیستوون:

کاتێ حەمە پاشای جاف دواجار لە ئێران ئەبێت، بێگومان ڕێزی لێ گیراوە و نازناوی خانی دراوەتێ، هەڵبەتە تیرەی کەرەم وەیسی لەگەڵ حەمە پاشادا نەچوونەتە ئێران و عەزیزی شاوەیس کە سەرکۆماری حەمە پاشا بووە زۆر جار بۆ سەردان و سەفەری بەغدا و مووصڵ یاوەری حەمە پاشا بووە،

چاوکراوە و زمانزان بووە کە ئەوەش وای لێ کردووە زەوی و بەراوی گوندی (بەشارەت)ی شارەزووری بە موڵک کریوە.

کاتێ حەمە پاشا لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لێبووردنی بۆ دەر ئەکرێت و دێتەوە ئەم دیو، نازناوی پاشای ئەدرێتێ و ئەکرێتە جێگری (متصرف)ی سلێمانی و قایمقامی هەڵەبجەش، دۆست و ئاشنا ئەچنە لای بۆ بەخێرهێنانەوە و پیرۆزبایی، بەڵام عەزیزی شاوەیس ناڕوات. پاشا ئەنێرێتە شوێنیا بەڵام هەر ناڕوات، وا دیارە شەرمەزار بووە لەو کارەی لە کاتی دووریی پاشادا کردوویەتی. پاشا تووڕە ئەبێت و فەرمانی گرتنی ئەدات و ئەخرێتە بەندیخانەی هەڵەبجەوە، دوای چەند شەوێک مردووە، گوایە دەرمانخوارد کراوە، بە ئەمری پاشا لاشەکەی نادرێتەوە خاوەنی، تیرەی کەرەموەیسی بە هێزێکەوە خواروو و ڕۆژئاوای هەڵەبجە ئەگرن و داوای لاشەکەی ئەکەن، بەڵام سوودی نابێت، لە دواییدا چل ئافرەتی کەرەموەیسی بە خۆپێشاندان و دەنگی ناڕەزایی دەربڕین پەلاماری بەندیخانە ئەدەن و لاشەکە ئەهێننەوە. بەڵام ئەمەش لە ڕاست ناچێت، چونکە ئافرەتی کوردی ئەو سەردەمە ئەوەندە چاوکراوە نەبووە بەو جۆرە دەنگ هەڵبڕێ، نەخوازەڵا دژی پاشای خۆیشیان. پاشتر کەس و کاری کوژراو و تیرەی کەرەموەیسی ئەکەونە بیری تۆڵەکردنەوە، بەهار خێڵی جاف دێتەوە گەرمیان، حەمە پاشا هەوای ڕاو ئەکەوێتە سەری، بەڵام شێخ سەعیدی مەلا مستەفای ناو جاف کە زاتێکی ڕوو لە خوا بووە پێی وتووە: پاشا ئەم بەهارە مەچۆرە ڕاو. پاشایش وتوویەتی: من سیاوەحشم ناکوژرێم. پاشا لە خوار کفرییەوە لە نزیک گوندی سەرچەم دەوار هەڵئەدات و خەریکی ڕاو ئەبێت. هەرچەندە لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)دا ئەڵێ: لە برایم سەمین خەریکی ڕاو بووە نەک سەرچەم. دوای ئەوەی فارسی عەزیز و چەند کەسێکی دی، لەوانەی ئەو کوشتنە دڵی کرمێ کردبوون، شەوێکیان پەلاماری پاشا ئەدەن و لە دەوارەکەیا بە خەنجەرەکەی خۆی ئەیکوژن و کەرەموەیسی هەمان شەو بارگە ئەگوێزنەوە و بە کەناری ئاوەسپیدا ئەگەنە دەربەندی باسەرە و هەرێمی هەمەوەند کە جوامێری هەمەوەند داڵدەی داون، چونکە هەمەوەند و جافیش ناکۆک بوون. ئەوانەی من لێم بیستوون ناکۆکیی نێوان هەمەوەند لەگەڵ جافی وەڵەدبەگیدا بووە چونکە کاتێ حەمە پاشا لە ئێران بووە گەرمیان چۆڵ بووە، هەمەوەند لای ئاوەخوێڕی و پێواز بارگەیان خستووە و ئەوێ بنە و مەکۆیان بووە. لەوێشەوە بە شەو لە سیروان پەڕیونەتە ئەوبەر و ناو ئێران بۆ تاڵان و بڕۆ. لە هەمان کاتدا جافی وەڵەدبەگی لە بانی پێوازدا هەوارگەیان گرتووە. شەوێکیان پیاوێکی هەمەوەندە ئەکوژرێت کە خزمی شەریف چڵەوی هەمەوەند بووە، لەبەر ئەوە هەمەوەندەکان دار و دەستەی ئەحمەد بەگی وەڵەد بەگی تاوانبار ئەکەن کە نزیک بوون لە یەکتر. دوای ئەوەی وەڵەد بەگی بەرەو کوێستان ئەڕۆنەوە هەمەوەندە پیاوێک بە ناوی عەلی خاتوون هەڵئەبژێرن و بۆ تۆڵەسەندنەوە ئەچێتە کوێستان و لەناو جافی وەڵەد بەگیدا بە فێڵ ئەبێتە شوان. شەوێکیان شایی و ئاهەنگ ئەبێت لەو گڵەزەنگەدا بە هەلی ئەزانێ ڕۆستەمی برای ئەحمەد بەگی وەڵەد بەگی ئەکوژێت و بە شارەزووردا ئەگەڕێتەوە چەمچەماڵ و مژدەی تۆڵەسەندنەوە ئەداتەوە هەمەوەند. تا ئێرە کورتەی بەسەرهاتەکە بوو کە من بیستوومە بەو جۆرەی باس کراوە.

بەڵام دەربارەی هەمەوەند و جاف هەرچەندە ناکۆکی بووە لە نێوانیاندا، ڕاست و ڕەوان باس نەکراوە کە لەگەڵ حەمە پاشادا تا چ ڕادەیەک لە یەک توند بوونە، لەگەڵ ئەوەشدا کەرەموەیسی دوای کوژرانی پاشا چۆتە پاڵ هەمەوەند و پێکەوە تووشی پەلاماری جاف بوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دۆکتۆر حسن جاف لە کتێبی (تەئریخی جاف)دا ئەڵێ: هەمەوەند و جاف لەسەر کوژرانی پیاوێکی هەمەوەند بە ناوی خولەپەزە ناکۆک بوونە، کە لێرەدا هاوکێشەیەکی ئاڵۆز بۆ خوێنەر دروست ئەبێ چونکە هەمەوەند و کەرەموەیسی و وەڵەدبەگیش هەر یەک لە گۆشەیەکەوە ئاڵۆزییان لەگەڵ پاشادا هەبووە. ئەحمەد

بەگی وەڵەد بەگی، خاڵوانی میرانی بابان بووە. ئەوان بۆ هەندێ مەبەستی تایبەتی پشتگیرییان لێ کردووە لە هەندێ جووڵانەوەیدا بەڵام کار نەگەیشتۆتە ڕادەی خوێنڕشتن و یەخەگیری. لە هەمان کاتدا ئەو سێ لایەنە لە بەرەیەکدا کۆ نەبوونەتەوە دژی پاشا کە لەوانەیە پاشا خۆی نەیهێشتبێ درز بکەوێتە نێوان تیرەکانی جافەوە لە بەرژەوەندی هەمەوەندەکان، هەرچەندە لە ئەنجامیشدا لایەنێکیان دەستی چووە خوێن و سەروماڵیشی لەسەر دانا کە هەر جاف بوو.

لە لایەکی دیکەی بەسەرهاتەکەوە دۆکتۆر حسن جاف لە کتێبی ناوبراودا ئەڵێ: کاتێ سەردار عومەر پاشای عوسمانی داوا لە حەمە پاشای جاف ئەکات زەوی بکڕێت و جاف نیشتەجێ بکات. حەمە پاشا ئەڵێ: جاف بازن هەر کوێیان بە دڵ بوو ئەنیشنەوە، ئیتر چۆن کۆتی دیلی ئەکەینە دەست و پێی خۆمان... بەڵام کە حەمە پاشا لە ئێران گەڕاوەتەوە و لەقەبی پاشایەتیی دراوەتێ، لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەی قزەڕەباتی بە موڵکی کراوەتە ناوییەوە، لە کاتێکدا کە عەزیزی شاوەیس سەرتیرەیەکی جاف بووە و موڵکی کڕیوە بۆ نیشتەجێبوون. پاشا کە خۆی موڵکی کڕیبێ بۆ دانیشتنی جاف، گومان ناکەم ئەو کارەی عەزیزی پێ خراپ بووبێ، چونکە کابرا جاف بووە و سنووری موڵکی جافیشی فراوانتر کردۆتەوە، مەگەر دەستپێشخەریی ئەو، پاشای بێزار کردبێت و بووبێتە هۆی ئەو ئەنجامە کە دۆکتۆر حسن لە هەمان کتێبدا بەم جۆرە ئاماژەی بۆ کردووە کە ئەڵێ: "کاربەدەستانی عوسمانی و ئێران هەوڵیان داوە سەرۆکی هەڵکەوتووی کورد لە مەیداندا نەهێڵن بەو جۆرەش ئەبینین جوامێری هەمەوەند لەسەر پیلانگێڕی و دەسیسەی کاربەدەستانی عوسمانی و ئێران سەری تیا چووە کە لە حەقیقەتدا هەم حەمە پاشای جاف و هەم جوامێری هەمەوەند و سەدان سەرۆکی دیکەی کورد بە شمشێری یەک سیاسەت کوژراون و پیلانی ئەو دوو دەوڵەتە لە ناوی بردوون"، بەڵام لە هەمان کتێبدا کە باس دێتە سەر مەحموود پاشای جاف، دۆکتۆر حەسەن جاف ئەڵێ: "مەحموود پاشای جاف (١٨٤٦-١٩٢١) کوڕی حەمە پاشا بووە و دوای هەقسەندنەوەی باوکی عەشیرەتی جافی یەک خستەوە و دەسەڵات و هێزێکی چاکی بۆ جاف پێکەوە نا"، ئەمەش مایەی سەرسوورمانە کە نووسەر ئەڵێ (هەقسەندنەوە) چونکە بە پێچەوانەی ڕۆمانی (پاشایان کوشت)، دۆکتۆر حەسەن لە ڕوانگەیەکی سادەوە ئەو خوێنڕشتنە بە تۆڵەسەندن دائەنێ، لە کاتێکدا دڵارامییەکی بە شوێنەوە بووە و بەس، نەک هەقسەندنەوە بە واتایەکی گەورەتر، چونکە داوی پیلانەکان لە نێو قەڵای داگیرکەراندا تەنرابوو و هەقیش لای ئەوانە، هەمەوەند و وەڵەدبەگی و کەرەمووەیسی ئاگرێ نەبوون کای هیچ خەرمانێ بسووتێنن.

دەربارەی ڕۆمانی پاشایان کوشت، مایەوە سەر ئەوەی شایانی وتن بێت، ئەو هەڵبەستانەی کە گوڵئەندام لە مەرگی عەبدوڵا بەگی جافدا، کە دەزگیرانی بووە وتوونی، ئەبوو مۆرکی ئەو سەروبەندەیان پێوە بووایە نەک شیعری ئازادی ئەم چەرخە، لە کاتێکدا سەدان بەیتی فۆلکلۆریی ڕەسەنمان هەن کە بۆ ئەو جۆرە بۆنانە وتراون. جگە لەوەش لە لاپەڕە ٩٢دا کە دێتە سەر باسی ناشتنی تەرمی قادر بەگی کەیخوسرەو بەگ لە قەبرستانی سەیید خەلیل، مەولەویی تاوەگۆزی (١٨٠٦-١٨٨٢) ئامادە بووە و شیعرێکی درێژی بەو بۆنەیەوە وتووە کە لە لاپەڕە ٣٥٧ی دیوانەکەیدایە و ئەبووایە نووسەر شیعرەکەی بنووسیایە یان ئاماژەی بۆ بکردایە.

سەرچاوە:

١- کورتەی بەسەرهاتەکانم لە خوالێخۆشبووان صۆفی عەلی خەڵکی گوندی قولەبەرزە و حاجی عەبدوڵای ئەحمەد ڕەمەزان و دیوانە صالحی کەماڵەیی، خەڵکی گوندی عارفەڕەش، بیستووە.
٢- ڕۆمانی (پاشایان کوشت) لە نووسینی خوسرەو جاف، بەغدا ١٩٩٣.
٣- کتێبی (تەئریخی جاف) دانراوی کەریم بەگی فتاح بەگی جاف، لێکۆڵینەوەی دۆکتۆر حەسەن جاف، پێشەکیی محمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٩٥.

# داخوازییەکانی کورد

## چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ "جەنەراڵ شەریف پاشا"ی نوێنەری کورد لە کۆنگرەی ئاشتیدا

پێنج پرسیاری گۆڤاری "لا کۆرێسپوندانس دوریان" لە شەریف پاشای سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتیی کورد لە کۆنگرەی ئاشتی

١. داخوازییەکانی ئێوە لە باری سەرزەوی و سیاسییەوە کامەن ؟

٢. ئایا بزوتنەوەیەکی ڕاستەقینەی نەتەوایەتی لە کوردستاندا هەیە یان تەنیا مەبەست ئەوەیە گیروگرفتی تازە پێک بێ بۆ ئەوەی چارەسەری یەکجاریی مەسەلەی ئەرمەنی دواکەوێ ؟

٣. ئایا پێوەندی نێوان کورد و ئەرمەنی، کە پێکەوە کۆنەدراوسێن و بە واتەیەکیش ئامۆزان، چیی لێ دێ ؟

٤. ژمارەی تەواوی کوردەکان چەندە و سەرچاوەی ماددیی گەلی کورد و دامودەستگا کۆمەڵایەتییەکانی کامەن ؟

٥. ئایا ئێوە، ئەگەر پێویست بوو، دەتانەوێ کام وڵات پارێزگاریی ئێوە وە ئەستۆ بگرێ و لە بار و دۆخی تازەدا یارمەتیی وڵاتەکەتان بدات؟

ژەنەراڵ شەریف پاشا بەم جۆرە وەڵامی دایەوە :

"سنوورەکانی کوردستانی تورکیا لە باری نەتەوایەتییەوە لە شیماڵەوە لە ziven لە سنووری قەفقازەوە دەست پێ دەکا و لە ڕۆژئاواوە دەکشێ بەرەو ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان، Divick، Behismi، کێماخ، عەرەبکر، لە جنووبەوە دەکشێ بەرەو حەڕان، بەرزاییەکانی سنجار، تەل ئەسفەر، هەولێر، کەرکووک، سولەیمانی ، Akk-el-Man ، سنە، لە ڕۆژهەڵاتەوە دەکشێ بەرەو ڕەواندز، باشقەڵا، Kale – Vizir ، واتە سنووری ئێران هەتا چیای ئارارات.

" کوردەکان لە مێژووی زۆر کۆنەوە لەم ناوچانەدا لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا ژیاون. ئەوا نزیکەی هەزار و سێسەد ساڵە کە لەم ناوچانەدا بە ناوی " کورد " دەژین کە بە زمانی فارسی دەبێتە : خەباتکەر. کوردەکان لە تۆرەمەی مادەکانن کە لە سەردەمی کۆندا، لە سەدەکانی ٨ و ٩ی پێش زایینداو لە زەمانی ئاشوورییەکاندا، لەو نووسراوانەدا ناویان هاتوتە گۆڕێ کە باسی بەرەوپێش چوونی سەرکەوتووانەی پادشاکانی ئاشوور بەرەو ورمێ و شیماڵی ڕۆژئاوای ئێران دەکا. مادەکان و ئارییاییەکان یەکەمین شەپۆلی ئێرانی بوون کە لە بانووی شیماڵ نیشتەجێ بوون لە کاتێکا فارسەکان لە جنووب دامەزران. کوردەکان کاتێک بە دەست فارسەکان شکان پەنایان بردە بەر چیاکان و تا ئێستاش هەر لەوێ نیشتەجێن.

ماوەیەکی زۆر پاش ئەوە، لە سەدەی دەیەمدا، ئەو کوردانەی لە دەشتەکانی ئازەربایجان بوون، لە لایەن داگیرکەرە تورکەکانەوە ڕاونران و بەرەو زنجیرەشاخەکان کشانەوە.

" لە سەردەمی کۆندا مادەکان لە چەندین پاشایەتیی بچووک پێک هاتبوون. ئەمڕۆ کوردەکان لە ژمارەیەکی زۆر عەشیرەت لە ئێران و تورکیا پێک دین.

کوردستان پێش ئەوەی لە سەر دڵخوازی خۆی ژێردەستیی سوڵتان سەلیمی یەکەم قەبووڵ بکا لە چلوشەش ناوچەی سەربەخۆ پێک دەهات کە بریتی بوون لە : دیاربەکر، دینەوەر، شارەزوور، لوڕ، ئەردەڵان، هەکاری، ئامێدی، گۆڕکێل، فنیک، حەسەنکێف، چەمشکەزەک، مەرداس، ئەگیل، ساسۆن، خێزان، کلیس، شێروان، دەرزینی، سوێدی، تەرجیل، گردکان، عیتاق، سولەیمانی، سۆران، تەرگەوەڕ، کەڵهوڕ، داود، پلینگان، بتلیس، غەرزان، بۆتان.

" لەم ناوچانەی سەرەوەدا کوردەکان ئێستاکە زۆربەی زۆری دانیشتووان پێک دێنن. ئەگەر زۆربەیەکی هەرە زۆر نەیتوانیبێ بەسەر کەمایەتییەکدا بە شێوەیەک حوکم بکا کە ڕەزامەندیی ئەو کەمایەتییە دابین بکا، ئەدی چۆن دەگونجێ گومان بکرێ کە کەمایەتیی ئەرمەنی یان هەر کەمایەتییەکی دی بتوانێ دەسەڵاتی کارگێڕیی خۆی بەسەر قەومێکی وەک قەومی کورددا بسەپێنێ، کە لە باری ژمارەوە زیاترە و ئەوەندەش بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی‌ی خۆی هەستیارە؟ لە لایەکی کەوە نیوەی کوردستان تا ئێستاش سەربەخۆیی‌ی خۆی پاراستووە و تالانی دەستگای کارگێڕیی تورک هەرگیز نەیگەیشتۆتێ."

" کۆمیسیۆنێکی چەند لایەنەی ئەورووپی پێویستە زۆر بە وردی لە مەسەلەی کڕینەوەی مڵک و سامانی ئەو کەمایەتییە نەتەوایەتییانە بکۆڵێتەوە کە لەسەر خاکی کورد دەژین و حەز دەکەن کۆچ بکەن، دیارە بەو مەرجە کە کوردەکانیش لە لایەن هەمان کۆمیسیۆنەوە هەمان تەسهیلاتیان بۆ پێک بێ و ڕازیش بن.

لە چوارچێوەی بنەماکانی ویلسۆندا هەموو شتێک بۆ قازانجی پێکهاتنی دەوڵەتێکی بەتەواوی ئازاد و سەربەخۆی کوردی قسە دەکا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چواردە خاڵەکەی سەرۆک ویلسۆن بە تێکڕایی و بە تەواوەتی لەلایەن حکوومەتی عوسمانییەوە قەبووڵ کراوە، کوردەکان ئەوە بە مافی ڕەوای خۆیان دەزانن کە داوای سەربەخۆیی‌ی خۆیان بکەن، بە بێ ئەوەی بێوەفایی‌یان نیشان دابێ بەرانبەر بە ئیمپەراتۆرییەک کە چەندین سەدە لە ژێر دەسەڵاتیدا ژیاون و لە هەمان کاتدا نەریت و ڕێوشوێنی خۆشیان پاراستووە.

" ئەگەر لە سەردەمی دەسەڵاتی زاڵمانەی کۆمیتەی یەکێتی و پێشکەوتندا (اتحاد و ترقی) کوردەکان بە کۆمەڵ قەتڵعام کراون، بە تایبەتی لە کاتی شەڕی جیهانیدا هەر وەک ئەرمەنییەکان و ئالبانییەکان و عەرەبەکانیش وایان بەسەر هات، ئەم تاوانە بەتەواوی دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکە خراپەکان نەک بۆ گەلی تورک کە هەستی مرۆڤدۆستییان ئینکار ناکرێ.

" لە کۆتاییدا ئێمە بە توندی دژایەتیی خۆمان دەردەبڕین بەرانبەر بە هەرکەسێک کە تەماعی لە کوردستاندا هەبێ، کوردستان هی کوردەکانە.

" سامانی نەتەوایەتیی کوردەکان تەقریبەن تەنیا لە ئاژەڵداری پێک دێ و ئەویش بەهۆی ئاووهەواوە پێویستی بە لەوەڕگە لە گەرمێن و کوێستان هەیە، هەر بۆیەش ئێمە بە ئیسرارەوە داوا دەکەین ئەم لەوەڕگایانە نەخرێنە دەرەوەی ئەو سنوورانەی بۆ کوردستان دیاری دەکرێن تا گەلەکەمان تووشی هەژاریی ئابووری نەبێ.

" سەرئەنجام ئێمە داوای سەربەخۆیی‌یەک دەکەین کە مافی خۆمانە و تەنیا ئەوەیشە کە دەتوانێ بمانخاتە سەر ڕێگای پێشکەوتن و مەدەنییەت و ماوەمان پێ دەدا لە پیت و سامانی وڵاتەکەمان کەڵک وەرگرین و لەگەڵ دراوسێکانمان لە ئاشتیدا بژین.

بێجگە لەمانە ئێمە تکا لە کۆنفەرانسی ئاشتی دەکەین کۆمیسیۆنێکی نێونەتەوەیی دیاری بکرێ بۆ ئەوەی سنوورەکان بە پێی بنەمای نەتەوایەتی دەست نیشان بکرێن بۆ ئەوەی لە سەرتاسەری کوردستاندا، چ لە تورکیا و چ لە جێگای دی، هەموو ئەو ناوچانە کە زۆربەی دانیشتووانی کوردە دیاری بکرێن.

وەرگێڕاو لە گۆڤاری


"کۆرێسپۆندانس دوریان"

Geneve ١٤ی ئاپریلی ١٩١٩

**محەمەدی موهتەدی**

کردوویەتی بە کوردی

# هونەرمەندی نیگارکێش سەردار عەلی عەزیز



<> ساڵی ١٩٥٢ لە عیراق لە دایک بووە.

<> ساڵی ١٩٧٤ دیپلۆمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە بەغدا وەرگرتووە.

<>ساڵی ١٩٧٨ دیپلۆمی ئەکادێمیی هونەرە جوانەکانی لە فلۆرینس لە ئیتالیا وەرگرتووە.

<> ساڵی ١٩٨٠ لە ئاڵمان بۆ ماوەی ساڵێک مامۆستا نیگارکێشان بووە.

<> ساڵی ١٩٨٣ دیپلۆمی لە داڕشتن (تصمیم)ی بازرگانیدا وەرگرتووە.

<> ساڵی ١٩٨٦ بڕوانامەی لە چنینی قاڵیدا وەرگرتووە.


<> پێشانگا تاکەکەسییەکانی: ١٩٧٧ لە فلۆرینس؛ ١٩٨٥ لە میلانۆ؛ ١٩٨٦ لە فلۆرینس؛ ١٩٨٧ لە ڕاڤێننا.

<> لەم پێشانگا هاوبەشیانەدا بەشداریی کردووە: ١٩٧٣ هونەری کوردی لە بەغدا؛ ١٩٧٤ پێشانگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا؛ ١٩٧٦ لە فلۆرینس، ١٩٧٩ هونەرمەندانی کورد لە فلۆرینس؛ ١٩٧٩ لە ئەڵمانیا؛ ١٩٨١ هونەری کوردی لە ڤییەننا؛ ١٩٨٢ لە ئەڵمانیا؛ ١٩٨٥ کۆشکی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ ١٩٨٦ هونەرمەندانی بێگانە لە فلۆرینس؛ ١٩٨٨ لە لەندەن؛ ١٩٩٢ هونەرمەندانی کورد لە ئیتالیا.

<> پرۆفێسور ماریۆ دی میشێلی Prof. Mario De Micheli و پرۆفێسور گابریێل ماندێل Prof. Gabriele Mandel لە بارەی کارە هونەرییەکانی سەردارەوە لێکۆڵینەوەیان نووسیوە.


<> لە بارەی هونەری نیگارکێشانەوە دەڵێ: بیری من لە بارەی هونەری تەشکیلییەوە هەر ئەو بیرەیە کە سۆکرات هەیبوو و دەیوت: " نیگارکێشان تەنیا لاساییکردنەوەی شێوە و ڕەنگ و سێبەر و ڕووناکی نییە، بەڵکە پێشاندانی هەندێ باری ڕەوانی و ڕۆحییە"، واتە پێوەندیی مرۆڤ بە گیان و زەوی و ئاسمانەوە، بێگومان ئەمە کاتێ ڕاستە کە تابلۆ کارێکی سەرکەوتوو بێت.





ISSN 1102-2000

# Mamostay Kurd



29
Spring 1996